به شێك له ژیانی ...

# سەرکردە نەمرەکانی کوردستان

عوسمان سه نگه سه ری

چاپی یەکەم

٢٠١٤

# پێناسی کتێب


- ناوی کتێب : به شێك لەژیانی سەرکردە نە مرەکانی کوردستان
- نوسینی : عوسمان ڕەسوڵ حسن (عوسمان سە نگە سە ری )
- تایپ و دیزاینی بەرگ : ڕاژیرعومە ر
- تیراژ : ١٠٠٠ دانە
- نۆرەی چاپ : چاپی یەکەم
- چاپخانە : سیما
- وێنەی بەرگ : ئاڵای کوردستان
- وێنەی بەرگی دواوە : قەندیل
- لە بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتیەکانی سلێمانی
- ژمارە (١١٣١ ) پێدراوە بۆ ساڵی ٢٠١٤



## نووســەر
## لەچــەنــد دێڕێـكـدا

سالَی ١٩٦٩ لە بنەماڵەیەكی جوتیارلە سەنگەسەر لەدایك بووم

قۆناغی شە شەمی ئامادەیم بەشی وێژەیی تە واو كردوە

ئەم كتێبانەی لای خوارەوەم بەچاپ گەیاندوە :

١ – سەروەرانی قەندیل ٢٠١٢ چاپی یەكەم

٢ – پارتیزانی مەرگ و ژیانەوە ٢٠١٣ چاپی یەكەم

٣ – كۆمەڵە وتارێك لە بناری قەندیلەوە ٢٠١٣ چاپی یەكەم

٤ – ژنە ناودارەكانی كورد ٢٠١٣ چاپی یەكەم

٥ – بە شێك لەژیانی سەركردە نە مرەكانی كوردستان

چاپی یەكەم ٢٠١٤

٠٧٧٠١٥٦٧٠٩٣ - ٢٠١٤ ٠٧٥٠١٨٣٩٢٢٥

# چەند وتەیەکی پێویست :

١- جێگای شانازییە بۆمن کە بتوانم دڵۆپێك لە دەریای خەبات وتێکۆشانی بەشێك لە سەرکردە نەمرەکانی کوردستان بنووسمەوەو کالأیان بە قەد بالأیان ببڕم، بەجیاوازی بیروڕا لە بەرگێکدا هەرچوارپارچەی کوردستانی تیاکۆبکەمەوە ، بەلأم نەمتوانیوە هەمویان کۆبکەمەوە ، بەهیوای ئەوەم نەوەکانی دوای من ئەوکارە تەواوبکەن و بنوسنەوە ...

٢-مێژوو نابێ بەویست و خواستی کەس بنوسرێتەوەو بشێوێنرێ ، بەڵکو دەبێ وەکوخۆی تاڵی و شیرینیەکانی تیا ڕەنگ بدا تەوەو پەندی لێ وەرگیرێ ...

٣-لە نووسینەوەی ئەم کتێبە پەنام بۆسەرچاوەکان و بنەماڵەکانیان بردوەو بە ئەمانە تیشەوە ژیانو ڕووداوەکانم وەکو خۆی نوسیوەتەوەو خۆشم لە ناو زۆبەی ڕووداوەکاندا نەژیاوم ، بۆیە لە هەڵەو کەم وکوڕی و ناوەڕۆکیان تیا بەرپرسیار نیم.

٤-زۆری و کەمی ژیاننامەکان کە نوسراوەتەوە پەیوەندی بەسەرچاوە و زانیاری بنەماڵەکانیانەوە هەیە.

٥-بە هیوام نەوەی نوێ هە ست و بەرژەوندی نە تەوایەتی گە لەکە یان لە سە رووی هەمووشتێکەوە دابنێن و جیاوازی بیروڕاو یەکتر قبوڵ کردنشیان بەنیشانەی سەرکەوتنی گەلەکەیان بزانن، بۆ دروستکردنەوەی ئیرادەی دەروونی تاکی کە سایەتی سەرکەوتوی مرۆڤی کوردو مێژوەکەی ...

# سوپاس و ڕێزو پێزانین:

– كاك ئازاد جوندیانی كه ئەركی چاپ كردنی كتێبی سەروەرانی قەندیلی گرته ئەستۆی خۆی

- - بەڕێز پەروین بابكر حمه ئاغا ئەركی چاپكردنی كتێبی بەشێك لەژیانی سەركردەنەمرەكانی كوردستانی گرته ئەستۆی خۆی

– كاك وه ستا فارۆق بەرپرسی كۆمەڵەی پێشمەرگه دێرینەكانی(ی ن ك) كتێبی پارتیزانی مەرگ و ژیانەوه له سه ر ئەركی ئەو چاپكراوە٣ – بنەماڵەی سەركرده نەمرەكان كه هاوكارم بون و زانیاری تەواویان له سەر ژیان وگوزەرانی ڕۆڵەكانیان پێ بەخشیوم

– لایەنەكانی هه رچوارپارچەی كوردستان و ئەرشیفەكانیان و چەندین كەسایەتی دیارو سەربازی ون بەهیوای ئەوەم نمونەیان هەر زۆرو سەركەوتوبن وەكو: یەكێتی نیشتمانی كوردستان ، پارتی دیموكراتی كوردستان، پارتی كرێكارانی كوردستان پەكەكە، حیزبی سۆسیالیستی دیموكراتی كوردستان ، بزووتنەوەی ئیسلامی لەكوردستانی عێراق ، حیزبی شیوعی كوردستانی عێراق . پارتی چارەسەر ، پارتی ژیانی ئازادی كوردستان پەژاك، حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران ، حیزبی دیموكراتی كوردستان ، كۆمەڵه ( ڕێكخراوی كوردستانی حیزبی كۆمەنیستی ئێران ) ، كۆمەڵی ئیسلامی، بزووتنەوەی جوتیاران ، یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان.

# سەرچاوەکان :


١ – ئەنسکلۆپیدیای ( ی ن ك ) فەرید ئەسەسەرد

٢ – بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد – مسعود بارزانی

٣ – خەباتنامە – محمد ملاقادر

٤ – شۆڕشی شێخ عوبەیدولڵای نەهری١٨٨٠ لە بەڵگەنامەی قاجاریدا – محمد حمە باقی

٥ – کورتەی ژیانی سیاسی ڕێبەرانی (ح د ك أ ) ئا: سەید ڕەزا درووودگەر

٦ – شهدا الحزب الشیوعی العراقی ١٩٣٤ – ١٩٦٣

٧ – ئەرشیفی سەرخۆبون پەکەکە

٨ – بنەماڵەی سەرکردە نەمرەکان و هەڤالانی سەرکردە نەمرەکان

٩ – ئیدریس بارزانی چەند لاپەڕەیەك لە ژیان و تێکۆشانی – ئا : قارەمان مەهدی

١٠ – کە مێژوو لە بارزانی دەدوێ – زانیار سەردار قرگەیی

١١ – چەمکێك لە ژیانی سیاسی و دیبلۆماسی فەرهەنگی سەیدا سالح یوسفی – عادل ملاسالح

١٢ – یادێك لە شەهیدی سەرکردە شەوکەت شێخ یەزدین – تۆڵە

١٣ – هەندێ زانیاری سیاسی و مێژووی – شەعبان علی شەعبان

١٤ – ٢١ k گۆڤاری کوردستان سەدەی بیست و یەك – ممتاز حەیدەری ، ژمارەکانی ( ٤ ، ٥ ، ٦ ، ٧ ، ٨ ، ٩ ، ١٠ ، ١١ ، ١٣ ، ١٤ ، ١٥ ، ١٦ )

١٥ – سایتی شارەزوور پۆست

١٦ – تراژیدیای شە هیدبوونی محمد حەللاق – لە سەرئەرکی بنەماڵەکەیان چاپکراوە

١٧ – مێژووی هاوچەرخ پۆلی دوانزەهەمی وێژەیی

١٨ – سەد ساڵ و سەد کورد – سەردار پشدەری

١٩ – مزکرات – عبدالمجید عبدالرزاق

٢٠ – ڕەشید باجەلان – ئا : بەهار رشید باجەلان

٢١ – دکتۆر یاسین سەردەشتی : ژیان و تێکۆشانی سیاسی ئەحمەد تۆفیق : عەبدوڵڵای ئیسحاقی (١٩٣١ – ١٩٧٣) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی بەڵگەنامەییە

٢٢ – ژنە ناودارەکانی کورد – عوسمان سەنگەسەری

# کۆچکردو شەرەفخانی بەدلیسی



شەرەفخانی بەدلیسی خۆی لەخۆیدا وەچەرخانێکی گرینگی میژووی ڕامیاری و ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتوری گەلی کوردستانە، گەورەترین ڕوناك بیرو نوسەری سەردەمی خۆیەتی بەنوسینی شەرەفنامە زانیاری زۆرو زەبەندی لە مەڕ جوگرافیاو ژیانی ڕامیاری و دەسەڵاتی کورد و زمان و ڕووە هەمە جۆرەکانی کۆمەڵگای کوردی بۆ تۆمار کردوین، شەرەفخان کوڕی شەمسەدین بەدلیس لە ساڵی ١٥٤٣/٢/٢٥ لە گوندی گەرمەروی سەر بە شاری قوم لە ئێرانی عەجەم لە دایك بووە لە دیوەخانی (شاتەهمان سپی یەکەم) لە ساڵی ١٥٤٣ تا ١٥٧٦ لەگەڵ کوڕەکانی ئەودا ژیاوە لە ئێران شا ئیسماعیلی سەفەوی سالی ١٥٧٦ پایەو نازناوی میری میران دەبەخشێتە شەرەفخان و دەیکاتە سەرۆکی هۆزی کوردەکانی ئێران لە کانونی دووەم سالی ١٥٧٨ لە جەنگی نێوان ئێرانیەکان و عوسمانیەکاندا پشتی ئێرانیەکانی بەرداو لایەنگری عوسمانیەکان دەکات بە خۆی و ٤٠٠ چەکدارەوە دژ بە ئێران دەوەستێ سەرکردایەتی عوسمانیەکان دەکات لە سالی ١٥٨٩ مورادی سێیەم دژ بە ئێرانیەکان نازناوی خان دەبەخشێتە شەرەفخان و دەیکاتە میری ویلایەتی بەدلیس، لەسالی ١٥٩٠ واتا لە تەمەنی ٥٣ سالیدا جڵەوی فەرمانڕەوایی خۆی دەداتە دەست کوڕەکەی خۆی شەمسەدین بەك لەسالی ١٥٩١ تا ١٥٩٢ دەست دەکا بە نوسینی شەرەفنامە و لە ١٥٩٧/٨/٤ لە نوسینی شەرەفنامە تەواو دەبێت و پوختەی نوسینەکانی لە دوای سالی

١٥٩٧ دا کۆتایی پێ هێنا بەم جۆرە پرۆژەی تۆمارکردنی کوردی ئەنجامدا، میر شەرەفخان لە ساڵی ١٠١٢ ی کۆچی بەرامبەر بە ساڵانی ١٦٠٣_١٦٠٤ز کۆچی دوایی کردووە بە ساڵنامەی زایینی ٦٠ سال ژیاوەو بە ساڵنامەی کۆچیش ٦٣ سال ژیاوە.

# کۆچکردو بەدرخان پاشا



میربەدرخان پاشای میری گەورەی جەزیرەو بۆتان ساڵی ١٨٠٢ لە شاری جەزیرە لەدایك بوە ، باوکی لە ١٨٢٢ کۆچی دوایی کردوەو لەشوێنی ئەودانراوە بۆتەمیری بۆتان . ناوبراو هەر لە سەرەتاوە نەخشەی بەهێزکردنی حوکمەتی بۆ گەلی کورد هەبوەوسنووری مێرنشینەکەشی ناوچەکانی : سرت ، سیوەرك ، وان ، وێران شەهر، موسڵ ، سابلاغ بگرێتەوە وئەم سەرکەوتنەش بوە هۆی ئەوەی عوسمانیەکان پەلاماری بدەن بەڵام عوسمانیەکان تێك شکان ودواتر بەهۆی خیانەتی ئێزدین شێری کەخزمی خۆی بووڵ ی هەڵگەڕایەوەو پایتەختی مێرنشینەکەیان گرت وعوسمانیەکانیش بەدرخان وهەردووکوڕەکانی گیران ودوورخرانەوە بۆ ئەستەنبوڵ لە ساڵی ١٨٤٧ دەست بەسەریان کردن بەڵام دواتر بەدرخان بە فەرمانێکی شاهانەی عوسمانی ئازاد ئەبێ و وەکو حوکمڕانێك دەنێردرێتە دوورگەی کریتی یۆنان ولەم کارەشی دا سەرکەوتوودەبێ دوای ئەمەش دەیگەڕێنەوە بۆ ئەستەنبوڵ و پایەی میری میرانی پێ دەدرێ وەکو پاشا بەڕەسمی ناسێنرا بە ١٠ ساڵ بەرلەمردنی چووە شام و لە دیمەشق نیشتەجێ بووتاوەکو لە ساڵی ١٨٦٧ کۆچی دوایی کردو لە گەڕەکی ساڵحیە نێژراو بەڵام هەندێ سەرچاوە باس لەوە دەکەن کە سکەی پارەی بەناوی خۆیەوە لێ داوە.

# کۆچکردو شێخ عوبەیدوڵلاّ ی نەهری شەمزینی

ساڵی ١٨٣٠ لەگوندی نەهری ناوچەی شەمزینان لەدایك بوەو سەرکردەیەکی خاوەن دەسەڵات و جێنیشینی تەریقەتی نەقشبەندی بوەو بیروباوەڕەکەشی لە سەر ئاینی و نەتەوەیی دارڕشتوە ، ساڵی ١٨٧٨ لە خۆئامادەکردن دابوە بۆ شۆڕشکردن بۆ ئەم مەبەستەش نامەو چاوپێکەوتنی لەگەڵ گشت چین و توێژو سەرۆك هۆزەکان ئەنجامداوەو یەکەمین کۆبونەوەشی لە گوندی نەهری بوە بە ئامادەبونی (٢٢٠) کەس لە سەرۆك هۆزو عەشیرەتەکان و پیاو ماقولان دوای گفتوگۆیەکی زۆر یەکەمین ڕێکخراوی سیاسی بەناوی یەکێتی کوردان دامەزراند لە ساڵی ١٨٨٠ بڕیارپاندا لە سێ قۆڵەوە پەلاماری دەست پێ کردو قۆڵی یەکەم ناوچەی موکریان تا تەبرێز بە سەرکردایەتی هەمزاغای مەنگوڕو شێخ عەبدوالقادری کوڕی دابوو، قۆڵی دووەم بۆ ئورمیە بە سەرکردایەتی خۆی بوو، قۆڵی سێیەم بۆ خوی و سەلماس بوو بەسەرکردایەتی خەلیفە محمد سدیق هەرچەندە توانیان سەرکەوتن لەقۆڵی یەکەم و دەورەی شاری ئورمیەش بگرن بەلام بەپشتیوانی دکتۆر کۆچران نوێنەری ئەمریکا توانی شێخ بە فرت و فێڵ سارد بکاتەوەو دواتر هێزەکانیان پاشەکشە پێ بکاو بشکێن. ساڵی ١٨٨١ شێخ سدیقی کوڕی شێخ عوبەیدولاّ داوای لێبوردن و خۆبەدەستەوەدانی لەئێران دەکات لە ٤ / ٦ / ١٨٨١ شێخ دەست بەسەرو زیندانی دەکرێ لەئەستەنبوڵ لە٣٠ /٧ /١٨٨١ تا ٨ / ١٨٨٢ هەمزاغای مەنگوڕو هاوڕیکانی لەلایەن ئەمیر نیزامەوە دەکوژرێن و شێخیش لە زیندان هەڵدێ و جارێکی تر دەگەڕێتەوە گوندی نەهری بۆ دەسپێکردنەوەی ڕاپەڕین بەلاّم بێ سوودبوەو لە ١٨٨١/١٠/٢١ دوبارە شێخ خۆی و خێزانەکەی و هەندێ لەخزمەکانی دەبرێنە زیندانی موسڵ و دوای بۆ ئەسکەندەرونە و بەیروت وحیجازو مەدینە و تائیف تا لە ١٨٨٣/١٠/١٢ لە شاری مەدینە کۆچی دوایی دەکات .

# کۆچکردو میر لیوا مستەفا یامولکی



سەرکردەی سوپا و ڕۆژنامەنوس وەزیری مەعاریفی کوردستان لە کابینەی شێخ محمود، کوڕی مەلاعزیز کوڕی مەلاحەیدەرە لەهۆزی بڵباس کە باب و باپیرانیان لە خورماڵ دانیشتوەو دواتر هاتونە سلێمانی و لەساڵی ١٨٨٦ لە سلێمانی لەدایك بوە . ناوبراو بۆ تەواوکردنی خوێندنی بالاّ ڕووی لە ئەستەنبوڵ کردوە لەکۆلیژی ئەرکانی بەپلەی ڕەئیس ڕوکن تەواو کردوەو لەسوپای عوسمانیەکان کاری کردوەو لەحیجازو مەککە بۆتە ئەندازیاری سەربازی، لە ساڵی ١٨٩٤ لە سنەی کوردستانی ئێران و لە ساڵی ١٨٩٧ ناردراوە بۆ شاری قارس لە ئەرزەڕۆم و ساڵی ١٩٠٤ بوە نوێنەری دەوڵەتی عوسمانی بۆ سنوورەکان و ساڵی ١٩٠٨ بۆتە میر لیوا ڕوکن و دواتر بوەتە سەرۆکی دادگای عورفی ساڵی ١٩٢١ ئەستەنبوڵی بەجێ هێشتوەو گەڕاوەتەوە کوردستان و کۆمەڵەی کوردستان لە ١٩٢٢ دامەزراند لەگەڵ هاوڕێ کانیدا کە لە دەستەیەکی ٨ کەسی پێکهاتبو ڕۆژنامەکەشیان بەناوی بانگی کورد دەردەکرد. ناوبراو کەسێکی ڕۆشنبیرو خزمەتگوزار بوەو چەندین قوتابخانەو بنکەی ڕۆشنبیری کردۆتەوەو خۆیشی سەرۆکی کۆمەڵەکە بوە تاوەکو لە ٢٠ / ١ / ١٩٣٦ کۆچی دوایی کردوە.

# كۆچكردو دكتۆر نورەدین زازا



له ۲۰ ی ئەیلولی ۱۹۱۹ له شاری (مادەن )ی نێوان دیاربەكر و عەزیزیەی كوردستانی توركیا لەدایك بوه . لەساڵی ۱۹٤٤ دەیەوێ پەیوەندی بەحیزبی هیواوە بكات بەڵام له سەرسنوور دەگیرێ و ساڵێك له بەندیخانه ئەگیرێ و دواتر ڕوودەكاته بەیروت و له زانكۆی فەڕەنسی بەشی زانسته سیاسیەكان وەردەگیرێ و سەرپەرشتی ڕادیۆی كوردی له بەیروت دەكات . دواتر لەزانكۆی لۆزان له سوید دكتۆرا وەردەگرێ لەبواری فەلسەفه و دوایش دەگەڕێتەوە بۆ سوریاو دەبێته مامۆستای فەلسەفه ، ساڵی ۱۹٥۷ لەگەڵ كۆمەڵێك هەڤاڵی دا حیزبی دیموكراتی كورد دادەمەزرێنێ و حوكمەتی سوریا هەمویان دەگرێ و حوكمی ئیعدامیان بۆ دەردەكا له ساڵی ۱۹٦۰ بەڵام بەهۆی هەوڵی ناوخۆو نێو دەوڵەتی ئازاد ئەكرێن . ساڵی ۱۹٦۱ جارێكیتر ڕوودەكاته بەیروت و لەوێش بۆماوەی حەوت مانگ دەگیرێ و دوای بەربونیشی دەچێته سویسراو وەكو مامۆستای زمانی فەڕەنسی لەو وڵاته وانه دەڵێتەوە، تا له ۷ / ۱۰ /۱۹۸۸ كۆچی دوایی دەكاو خاوەنی ٤ بەرهەمی ئەدەبی و ڕۆشنبیری چاپكراوە .

# شەهید شێخ سەعیدی پیران



.کوڕی شێخ محمودی شێخ علی نەقشبەندیە، ساڵی ١٨٦٥ز لە ناوچەی پاڵوو کوردستانی تورکیا لە دایك بوە یەکێکە لەشێخە بەرزەکانی نەقشەبەندیو شاعیرێکی بەهرەداریش بوەو خوێندنی دینی تەواو کردوەو زیاتر لە هەزار مریدی هەبوەو مەلای دوانزە عیلم بوەو پێوەندیەکی پتەوی لەگەڵ یوسف زیبا هەبوە کە یەکیك بوە لە سەرکردە کوردەکانی بەتلیس و بریاریاندا ساڵانی ١٩٢٣ تا ١٩٢٤ پەیوەندی چالاکیەکانی کۆمەڵەی سەرخۆبون فراوان بکەن بۆ ڕاپەرینێکی گەورە بۆ ئەم مەبەستەش شێخ محمودو سمکۆ هاوکاریان بوون بریاریاندا نامەیەك ئاراستەی کۆمەڵەی نەتەوەکان بکەن بەڵام بەداخەوە بە هۆی جاسوسی هەندێ سەرۆك هۆزەکان یوسف زیبا و خالید جەبر گیران ، بۆیە شێخ سەعید کرایە ڕابەری کۆمەڵەکە و بریاری خەباتی چەکداری داو ویستی مۆرکی نەتەوایەتی هەبێ و تێکرای ناوچەکان بگرێتەوە بۆیە پەیوەندی بە وڵاتانی عیراق و سوریا و ئێران کرد بە مەبەستی هاوکاری کردنی ئەوەبو لە ٢١ ی ئازاری ساڵی ١٩٢٥ شۆرش هەڵگیرساو توانیان چەندین شارو ناوچە ئازاد بکەن وەکو دیار بەکر و دەرسیم و موش و بینگول و ئورفە ... دوژمن جارێکیتر خۆی کۆکردەوەو پەلاماری بنکەی (دارەخان)ی داو لە ئەنجامدا هێزەکەی شێخ سعید تێکشکاو خۆی و زیاترلە ٩٥ سەرکردەو فەرماندە لە ساڵی ١٩٢٥ بە دیل دەگیرێن و لە دیار بەکرلە سێدارەدەدرێن و زیاتر لە ٧٠٠ گوندیان وێران کردو کوردەکانیش ئاوارەبون و هەندێکیشیان بەزیندویی خرانە ژێرگڵەوە لەلایەن تورکەکان.

# کۆچکردو شێخ محمودی نەمر



کوڕی شێخ سەعیدی کوڕی شێخ محمدی کوڕی کاك ئەحمەدی شێخە لە ساڵی ١٨٨١ لە سلێمانی لەدایك بوەو زانستی تەریقەت و فیقھ و داڕشتن و بنچینەی تەسەوفی خوێندوەو ڕۆژی ١٥ / ١١ / ١٩١٨ شێخ محمود میرییەکی کوردی لە باشوور دادەمەزرێنێ لە ناوچەکانی سلێمانی و هەڵەبجەو ڕەواندزو کۆیەو سەرۆك هۆزەکانیش پشتگیریان کردو ڕۆژی ٢١ ی مایسی ١٩١٩ شێخ بێ هیوا بوو لە ئینگلیزەکان بۆیە لە شاری سلێمانی و هەندی لە ناوچەکان دەری کردن و ئینگلیزەکانیش هێزیان کۆکردەوەو پەلاماری شێخیان داو لە دەربەندی بازیان لە پەنا بەردە قارەمان شەڕێکی گەورەو نابەرامبەر ڕویدا لە ئەنجامدا شێخ بریندار ئەبێ و بەدیلی ئەگیرێ و بڕیاری لەسێدارەدانی خۆی و هاوڕێ کانی دەرئەچێ ، بەڵام دوای پاشگەز دەبنەوەو دووری دەخەنەوە بۆ هیندستان . بەم هۆیەوە دۆخی ناو شاری سلێمانی خراپتر بوو بۆیە بەناچاری ساڵی ١٩٢٢ شێخیان هێنایەوە کوردوستان و پێشوازییەکی گەرمی لێکراو هەر لەم ساڵەدا بوە مەلیکی کوردستان و بەڵام ئەمجارەش فێڵیان لە شێخ کردو لەبری جێ بەجێ کردنی پەیمانی سیڤەر پەیمانی لۆزانیان دژی کورد ئیمزا کردو ساڵی ١٩٢٤ بەتۆپ و فڕۆکە پەلاماری شاری سلێمانیان داو خەڵکێکی زۆربریندارو شەهیدبون لەبەردەرکی سەرا . شێخ لەسەر سنوری ئێران لەناوچەی پیران نیشتەجێ بوو لەهەمان کاتیشدا یاداشتێکی دایە کۆمەڵەی نەتەوەکان و

داوای مافی گەلی کوردی لێکردن، بەڵام هیچ وەڵامێکیان نەدایەوە و لە ئاوباریك پەلاماریان داو دوای شەڕیکی نابەرامبەردا لە ١٣ / ٥ / ١٩٣١ شێخ خۆی دا بەدەستەوەو بردیانە بەغداو سەماوەو ناسریە تا ساڵی ١٩٤١ بەڵام دواتر گەڕایەوە گوندی داری کەلی تا بەداخەوە لە ٩ / ١٠ / ١٩٥٩ لە نەخۆشخانەی بەغدا کۆچی دوایی کردو لە تەنیشت گۆڕی کاك ئەحمەدی شێخ بەخاك سپێردرا . کابینەکەی شێخ محمود بەم شێوەیە بوو : شێخ قادری حەفید سەرۆك وەزیران و سوپا سالار، شێخ محمد غریب وەزیری ناوخۆ، کەریمی عەلەکە وەزیری دارایی ، مستەفا پاشای یامولکی وەزیری پەروەردە ، محمدئاغا وەزیری ئەشغال ، ئەحمەد فتاح بەگ بەرپرسی گشتی گومرگ ، سەید ئەحمەدی بەرزنجی ئاسایشی گشتی ، میرلیوا سدیق موفەتیشی گشتی ، ساڵح زەکی بەگ وەزیری بەرگری.

# كۆچكردو شەریف پاشای خەندان



محمد سەعید حسێن ناسراو بە شەریف پاشای خەندان، هاوكارێكی نزیكی بنەماڵەی بابان بووەو ناوبراو هاوپۆلی شێخی نەمر بووە لەحوجرەی خواجە ئەفەندی لەئەستەنبوڵو زمانەكانی ئیتالیو فەرەنسیو یۆنانی فێر دەبێتو ساڵی١٨٨٥ دەچێتە پاریس و خوێندنی سەربازی بە پلەی ژەنەڕاڵ تەواو دەكات و ژن دەهێنێت كە ئامۆزای مەلیك فارۆقی پاشای میسر بوە و ساڵی ١٨٩٨ دەكرێتە باڵوێزی عوسمانی لە سویدو ساڵی ١٩٠٨ دەگەڕێتەوە ئەستەنبوڵ و لەگەڵ هەڤاڵەكانیدا كۆمەڵەی تەعالی و تەرەقی كورد دادەمەزرێنێت و ڕۆژنامەیەكیشیان بەناوی تەعاون و تەرەقی كورد هەبووە، عوسمانیەكان پشتی تێدەكەن و ئەمیش لەساڵی ١٩٠٩لە پاریس حیزبی ڕادیكاڵی عوسمانیو ڕۆژنامەی مەشروتیەت ڕادەگەیێنێت كە داوای وڵاتێكی پەرلەمانی دەكات و ساڵی ١٩١٨ داوا لەبەریتانیا دەكات هاوكاری گەلی كورد بكەن و ساڵی ١٩١٩ نامەیەكی ئاراستەی كۆنگرەی ئاشتی پاریس كردووە كەدەوڵەتێكی سەربەخۆ بۆ گەلی كورد دابمەزرێنن هەر ئەمەش بووە بنەمایەك بۆ پەیمانی سیڤەر بەڵام ئاواتەكەی نەهاتەدی و ساڵی ١٩٤٥ لەئیتالیا كۆچی دوایی كرد.

# میقداد مەدحەت بەدرخان



نوسەرو ناوداری کوردو دامەزرێنەری چاپخانەو ڕۆژنامەی کوردستان لە ٢٢ نیسانی ساڵی ١٨٩٨ ژمارەی ١ - ٥ لەقاهیرە دەرکردوەو ژمارەکانی تریشی لەلایەن براو نەوەکانی بنەماڵەی بەدرخان بەم شێوەیە دەرکراوە ژمارەی ٦ —١٩ لە جنێف و ژمارەی ٢٠ — ٢٣ لە قاهیرە وژمارەی ٢٤ لە لندن و ژمارەکانی ٢٥ — ٢٩ لە فۆلکسۆنی ئەڵمانیاو ژمارەی٣٠ —٣١ لەجنێفی لە سویسرا دەرچووە، ئاوارەیی ناخۆشیان زۆر چەشتووە لەپێناوی هێنانەدی مافی گەلی کورد و دواتر گەڕاوەتەوە ئەستەنبوڵو لەساڵی ١٨٩٩ لەگەڵ براکەیدا هەوڵ دەدەن زەمینە بۆ شۆڕشێکی نەتەوەیی گەلی کورد خۆش بکەن بەلاّم سەرکەوتو نابن .. وناوبراو زمانی تورکی وعەرەبی و فەڕەنسی باش زانیوەو کارتێکی بەزمانی فەڕەنسی بلاّوکردۆتەوەو ساڵی١٩٠٦لەسەر ئەم هەڵوێستەی نەفی دەکرێتوساڵی١٩١٠ بەشداری کردوە لەدامەزراندنی (جەمعیەتی نەشری مەعاریفی کوردی).

# شەهید سمایل خانی شکاك




ئیسماعیل محمد علی ناسراو بە سمکۆ لەدێر زەمانەوە بنەماڵەکەیان گەورە دەسەڵاتداری شکاك بون و ساڵی ١٨٧٥ لەدایك بوەو دوای مردنی باوکی جەعفەر ئاغای برای سەرکردایەتی خێڵەکەی کردوە و خۆیشی لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی هاتۆتە مەیدانی خەباتو ناوچەی خۆرئاوای دەریاچەی ئورمیە مەڵبەندی عەشیرەتی شکاك بوەو شێخ عەبدولسەلام کە لەدەست عوسمانیەکان ڕای کرد ماوەیەك لەناو ئەم عەشیرەتەدا مایەوە و ناوبراو کچی شێخ محمد سدیقی کوڕی شێخ عوبەیدوڵای نەهری هێنابوو بۆیە پەیوەندییان بەهێزبوو . وە هێزەکانی ڕوسیا سمکۆیان بەبێ هۆ گرت بۆ ماوەیەك و دواتر ئازادیان کرد لە (خوی) نیشتەجێ بوو ، بەڵام ساڵی ١٩١٩ شۆڕشی بەرپاکردو زۆر لەناوچەکانی کوردوستانی ئێرانی ڕزگارکردو وە داوای هاوکاری لەتورکیاو بەغداو ( وێڵسن ) ی بەریتانیا کرد کەپشتگیری شۆڕشەکەی بکەن و ناوبراو توانی بۆماوەی چوار ساڵ دژی ئێرانیەکان بجەنگێ و ناوچەکانیشی بەرفراوان بکات و لوڕەکانیش هاتنە ناو شۆڕشەکەی بەڵام لە هاوینی ساڵی ١٩٢٢ لەشەڕی گەورەی شەرکەیازی لەگەڵ ئێراندا شکاو ژنەکەی کوژراو کوڕێکیشی بەدیل گیراو ساڵی ١٩٢٣ چوە لای شێخ محمودو ئەمیش پێشوازییەکی شاهانەی لێکردو ساڵی ١٩٢٥ جارێکیتر شۆڕش دەکات و شکست دێنێتەوەو ئاوارەی سنورەکانی ئێران و عێراق وتورکیا دەبێ و ساڵی ١٩٣٠ ئێران بەفێڵ لێبوردنی گشتی دەردەکاو بەڵێنی حاکمی ناوچەی شنۆی پێ ئەدات و سمکۆ دەکەوێتە هەڵەیەکی سیاسی و باوەڕ دەکات و هەرلەم ساڵەدا بەهاوشێوەی براکەی بەپیلانێکی داڕێژراو شەهید دەکرێت.

# كۆچ كردو ئیحسان نوری پاشا



ڕابەرو سەرکردەی شۆڕشی ئاگری داخ (ئارارات ١٩٢٧_١٩٣١) بوەو ساڵی ١٨٩٣ لە گەڕەکی نالی گوڵی_ عەلی قولی شاری بەدلیسی باکوری کوردستان لە دایك بوەو خوێندنی سەربازی لە ئەرزنجان و ئەستەنبول لە ساڵی ١٩١٠ تەواو کردوە و بۆتە ئەفسەر لە ناو عوسمانیەکانو بەشداری شەڕی کردوە لە ئەلبانیاو وڵاتی عەرەبی و گورجستان و سی و سێ مانگ لە یەمەن ماوەتەوە زۆر کارو بەرپرسیارێتی وەرگرتوەو ساڵی ١٩٠٨ پەیوەندی بە کۆمەڵەی تەعالی کوردستانەوە دەکات دواتر پەیوەندی بە شۆڕشی شێخ سەعید پیران دەکات و دوای شکستی شۆڕشەکەش دێتەوە کوردستانی باشورو پاشانیشین چۆتە لای سمکۆی شکاك و دواتر لە ساڵی ١٩٢٧ لە ناوچەی (بیعەمدون)ی لوبنان کۆنگرەیان بە ست و کۆمەڵەی خۆیبون یان ڕاگەیاندن و چیای ئاگری داخ بوە مەڵبەندی شۆڕشگێڕان جەنەراڵ ئیسحسان نوری پاشا سەرکردایەتی شۆڕشەکەی دەکرد و لەم چیایە ئاڵای سەربەخۆی کوردستان هەڵکرا و شەڕی پارتیزانی دەستی پێکرد دوای چەندین شەڕو داستان و بەرگری تورکیا شکستی هێنا جارێکی تر موالیدەکانی ١٩٠١ بۆ ١٩٠٦ بانگهێشتی سەربازی کرد و ئەمجارە هێرشێکی توندی لە دیوی سنوری ئێرانەوە کردە سەر شۆڕشگێڕەکان و توانی بنکەو بارەگاکانیان بگرێ و شۆرشەکە لە ناو بەرێ و تا بەداخەوە ئیحسان نوری پاشا ڕۆژی ١٨/ ٣/ ١٩٧٦ لە یەکێك لە شەقامەکانی تاران توشی ڕوداوێکی دڵتەزین بوو لە ٢٥/ ٣ی هەمان ساڵدا لە نەخۆشخانە کۆچی دوایی کرد.



# کۆچکرد ڕەفیق حیلمی

ساڵی ١٨٩٨ لە شاری کەرکوك لە دایك بوەو دوا قۆناغی خوێندنی پەیمانگای ئەندازەی لە ئەستەنبوڵ تەواو کردوەو دواتر ساڵی ١٩٢٠ گەڕاوەتەوە وەکو مامۆستای ئەندازە و بیرکاری وانەی گوتۆتەوە و زمانی تورکی و فەرەنسی زانیوەو لە شۆڕشی شێخ محمود ڕاوێژکار بووە لە هەمان کاتیشدا لە ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان) وتاری دەنوسیو دوای نەمانی شۆڕشی شێخ ناو براو دوور خراوەتەوەو یەکێك بوە لە ڕێکخەرانی ڕاپەرینی بەردەرکی سەرا ساڵی ١٩٣٠ بۆ ماوەیەکیش گیراوە بەم هۆیەوە لە ساڵی ١٩٣٧ کە حیزبی هیوا دروست بوو لە کەرکوك سەرەتا ناوی دارکەران بوو کە بە ناوی ڕێکخراوێکی نەتەوەیی ئیتالیاوە ناونرابوو ئەوکاتە رەفیق حیلمی موفەتیشی پەروەردە بوو لە وەزارەتی مەعاریف و پەروەردە بۆیە ساڵی ١٩٣٩ دارکەران بوە (حیزبی هیوا) ڕەفیق حیلمی کرا بە سەرۆکی باڵای ئەم حیزبەو دەورێکی دیاری بینی لە کۆکردنەوەو گەشەکردن و هەر بەهۆی ناوبراوە بوو مەلا مستەفا ڕزگار کرا لە سلێمانی بۆ ناو خاکی رۆژهەڵات و دواتر گەڕانەوی بۆ سەرهەڵدانی شۆڕشی بارزان .. ئەم پارتە تاکو نیوەی یەکەمی ساڵی ١٩٤٤ بە هێز بوو یارمەتیدەری شۆرشی بارزان بوون بەڵام بە داخەوە لە رۆژی ٤/ ٨/ ١٩٦٠ کۆچی دوایی کرد وەکو کەسایەتیەکی ڕامیاری و شاعیر و نوسەر وەرگێڕو مێژوونوسو ڕەخنەگر ناوی دەرکردبوو ئەم بەرهەمانەی چاپکردون کورد لە بەرەبەیانی مێژوو تا ١٩٢٠، خولاسەی مەسەلەی کورد وەرگێر، شیعرو ئەدەبیاتی کوردی ، یاداشت ، کوردستانی عێراقو شۆڕشەکانی شێخ محمود کە شەش بەرگە ، دیوانی شیعر بە ناوی پاش تەموز، جگە لە چەندین وتارو نوسین لە گۆڤارەکانی گەلاوێژ.

# كۆچكردو عبدالمجيد عبدالرزاق



ناسراو به مام قادر له ڕۆژی١٠ /١٩٣٢/٢/ له شاری سلێمانی له خێزانێكی دەست ڕۆیشتوله دایك بوەو پەیوەندی كۆمەلأیەتی به هێزبوه لەگەڵ خەڵكدا ، ناوبراو دەرچوی ئامادەییه و هەر لەتەمەنی پانزه ساڵی دا لەڕێگەی شاعیر محمد عەلی مەدهۆشەوه پەیوەندی كردوه به حیزبی شیوعی عیراقیەوه . وەله ساڵی ١٩٤٧ دەبێته ئەندامێكی پێشكەوتوی یەكێتی قوتابیان و ساڵی ١٩٤٨ یەكیك لەكادیره پێشكەوتوەكانی شیوعی دەبێت و دوای ئەمەش له ساڵی ١٩٦١ بۆته ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی ( حشع ) . مام قادر یەكێك بوه له دەستەی دامەزرێنەری حیزبی شیوعی كوردستان بۆته ئەندامی سەركردایەتی و لێپرسراوی لێژنەی چاوەدێری تا ساڵی ٢٠٠٧ له ٢٣ /١٢ /٢٠١١ كۆچی دوایی كردووه.

# شەهید نافع یونس



ساڵی ١٩٢٥ لە شاری هەولێرلە گەڕەکی قەلاّ لە خێزانێکی نیشتمان پەروەر و دیار لەدایك بوە و ساڵی ١٩٤٧ بەشی یاسای لە بەغدا تەواو کردوەو لە ساڵی ١٩٤٦ پەیوەندی بە حیزبی شیوعی عێراقەوە کردوەو یەکێك بوە لە کەسە ڕۆشنبیرو نوسەرەکان کە بەناوی نهێنی لەڕۆژنامەی ئازادی وتاری نوسیووە . لە ساڵی ١٩٤٨ بۆتە سکرتێری لق و لە هەمان ساڵیشدا گیراوەو بۆماوەی ١٠ دە ساڵ حوکم دراوە لە سجنەکانی نوگرە سەلمان و بەغداو بەعقوبە ، دواتر لە ساڵی ١٩٥٩ ئازاد کراوە و بۆتە سەرنوسەری ڕۆژنامەی ئازادی کە لەو ساڵەدا بە ئاشکرا دەردەچو دوای ئەمەش بۆتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی (حشع ) تا بەداخەوە لە ساڵی ١٩٦٣ لە بەغدا شەهید کراوە.

# شه هید جمال حه‌یده‌ری



ساڵی ١٩٢٦ له شاری هه‌ولێر له خێزانێکی دڵسۆزو نیشتمانپه‌روه‌رو ڕۆشنبیرو دیار له دایك بوه‌و ده‌رچووی کۆلیژی په‌روه‌رده‌یه و ساڵی ١٩٤٥ په‌یوه‌ندی به حیزبی شیوعی عێراقه‌وه کردوه‌و له یه‌کێتی قوتابیانی کوردستان درێژه‌ی به خه‌بات و تێکۆشان داوه‌و هه‌ر به‌هۆی کارو چالاکیه‌کانیه‌وه بوه بۆماوه‌ی ٥ پێنج ساڵ له سجنه‌کانی کوت و به‌غداو نوگره سه‌لمان گیراوه‌و به‌هۆی ئازایه‌تی و خۆڕاگریه‌وه توانیویه‌تی له سجن ڕابکا له ساڵی ١٩٥٣ . دواترله ساڵی ١٩٥٦ بۆته ئه‌ندامی کۆمیته‌ی ناوه‌ندی ( حشع ) . وه‌له ساڵانی ١٩٥٧ و ١٩٥٨ وه‌کو نوێنه‌رو وه‌فدی حیزبی شیوعی سه‌ردانی مۆسکۆو سینی کردوه ، ناوبراو ساڵی ١٩٦١ خێزانی پێك هێناوه‌و دوو منالی هه‌بوه و که‌سێکی ڕۆشنبیرو ڕوناکبیر بوه‌و له ( ته‌ریق شه‌عب ) کاری کردوه‌و سه‌رکه‌وتوش بوه له‌م بواره‌داو برایه‌کیشی به‌ناوی ساڵح سکرتێری حیزبی شیوعی کوردستان بوه کۆچی دوایی کردوه . به‌ڵام به‌داخه‌وه خۆیشی له ٢١ ی ته‌موزی ١٩٦٣ له به‌غدا شه‌هید کراوه.

# کۆچکردو ساڵح حەیدەری



ساڵی ١٩٢٢ لە خێزانێکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر لە هەولێر لەدایك بوە لەساڵانی١٩٦٠–١٩٦١ کۆلیژی مافی لەبەغدا تەواو کردووە،ساڵی١٩٨٠ خانەنشین کراوەو ساڵی ١٩٩٠ گەڕاوەتەوەکوردستان. ناوبراو کەسێکی ڕۆشنبیرو ڕوناکبیرو نوسەر بووەو شوێن پەنجەی لە ناو حیزبی شیوعی عێراق و شیوعی کوردستانو کۆمەڵی میللەتو یەکێتی تێکۆشینو لە بلاّوکراوە نهێنی ئاشکراکان وەکو دەنگی کوردو شۆڕش و ڕزگاری و خەبات و گەلاوێژ ... هتد دیاربوە کە بەهەڵوێستێکی شۆڕشگێرانە نوسیویەتی . لە نێوان ساڵانی١٩٤٢ – ١٩٤٥ بەشداری کاریگەری لەدامەزراندنی پارت و لایەنە سیاسیەکاندا هەبوە وپارتی شۆڕش ١٩٤٥ لەلایەن خۆیەوە دائەمەزرێ و بلاّوکراوە کەشیان بەناوی (شۆڕش) دەردەچێ و ناوبراو چەندین پلەی جۆراوجۆری بڕیووە لەناو حیزبی شیوعی دا وەکو ئەندامی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی ودواین پلەشی سکرتێری حیزبی شیوعی کوردستان بووە تا بەداخەوە لەساڵی ٢٠٠١ لە هەولێر کۆچی دوایی کردوەو خاوەنی ٤ مناڵ بووە .

# شه هيد عادل سەليم



ساڵی ١٩٢٦ لە گەڕەكی خانەقای شاری هەولێر لە بنەماڵەیەكی نیشتمان پەروەر چاوی بەژیان هەڵهێناوەو لەسەرەتای چلەكان تێكەڵ بەخەباتی سیاسی حیزبی شیوعی دەبێت . ساڵی ١٩٧٠ دەبێتە نوێنەری حیزبی شیوعی بۆ پەیوەندییەكان و یەكێك دەبێ لە ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانانی كوردستان . ساڵی ١٩٧٤ بۆتە ئەندامی لیژنەی بەرەی نیشتمانی هەولێر هەر لەو ساڵەشدا بۆتە ئەندام لە ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی كوردستان ، دواتر ساڵی ١٩٧٧ بەهۆی هەڵوێستەكانیەوە لە كارەكەی لایان داوە تا لە ڕۆژی ١٢ /١٩٧٨/٩ كە بەمەبەستی ئازادكردنی چەند قوتابیەك دەچێتە كركوك بەلاَم لەلایەن بەعسەوە بەهۆی چا خواردنەوە كە ژەهری تێكراوە لەكاتی گەڕانەوەی لەنێوان پردێ – هەولێر شەهید دەبێ و دوا پلەشی ئەندامی سەركردایەتی حیزبی شیوعی عیراقی بووە.

# كۆچ كردو مەلا شەریفی ڕەنگە ڕێژانی



خەبات گێڕی ماركسی و ڕۆژنامە نووس كوڕی مەلاعوسمانی كوڕی مەلا عبدالكریمە كەناسراوە بە مەلاعروس ، لە ساڵی ١٩٢٥ لە هەولێر لەدایك بوە و خوێندنی لەحوجرەدا خوێندوە بۆتە مەلا بەلاّم ئیجازەی مەلایەتی وەرنەگرتوەو كەسێكی وشیارو لێهاتوبوەو لەڕێگای مامۆستای تایبەتەوە فێری زمانەكانی فارسیو ئینگلزیو فەڕەنسی بووە ساڵی١٩٤٢ چۆتە ڕیزی خەباتی چینایەتیەوە و پەیوەندی بەڕێكخراوی بۆ پێشەوە و ئینجا یەكێتی تێكۆشین دەكات وچالاكانە كارەكانی ئەنجام دەدات . دوای بینینی فەهد واز لەم ڕێكخراوانە دێنێ دەچێتە ناو وحدە النزال–لەناو حیزبی شیوعی جماعەتی قاعدەو لە كۆنفرانسی ساڵی ١٩٤٥ دەبێتە ئەندامی سەركردایەتی شیوعی . ناوبراو بەرپرسی ئۆرگانی ئازادی بوە و لێپرسراوی لقی حیزبی شیوعی كركوك بووە ، شاعیری كلاسیكی بوەو نوسەریش بوە جگە لەوتار دووكتێبی بەچاپ گەیاندوە و لەهەمان كاتیشدا وەرگێڕانیشی لەزمانەكانی بێگانەداهەبوە و ساڵی ١٩٧٠ ئەندامی دەستەی دامەزرێنەرانی یەكێتی نوسەرانی كورد بووە تابەداخەوە لە ٢٨ / ٤ / ١٩٧٦ كۆچی دوایی كردووە .

# کۆچکردو ملاحسن



فتاح تۆفیق فتاح ساڵی ١٩٣٢ لە بنەماڵەیەکی دڵسۆزو نیشتمان پەروەر چاوی بەژیان هەڵهێناوەو خانەی مامۆستایانی تەواوکردوەو لە دیبەگەو دەرگەڵەو سلێمانی و شەقلاوە دەبێتە مامۆستا، ساڵی ١٩٤٨ دەبێتە ئەندامی حیزبی شیوعی عێراقی و بەشداری دیارو بەرچاوی دەبێ لەئاهەنگ‌و خۆپیشاندانەکانداو کەسێکی وشیارو ڕوناکبیربوە لەمەیدانی خەبات و تێکۆشان. ساڵی ١٩٦١ بۆ ماوەیەك دەگیرێ و دوای ئازادبونیشی نەفی ناسریە دەکرێ و دووبارە لە ٢٨ / ٢ / ١٩٦٣ لە ( قلعە سکر) دەسگیردەکرێتەوەوساڵی ١٩٦٥ ئازادئەبێت و لە لەمانگی ١٩٦٥/٥ دەبێتە پێشمەرگەی حیزبی شیوعی‌و لە کۆنفرانسی ساڵی ١٩٦٧ دەبێتە ئەندامی محەلی سلێمانی و لە ٢٨ /١٩٧٩/٣ لە ناوزەنگ دەبێت بەپێشمەرگەی حیزبی شیوعی عێراقی‌و لە٢٠ /١٩٨٣/٧ لەلایەن حیزبەو بەمەبەستی خولی وشیاری دەنێردرێتە یەکێتی سۆڤیەت و هەر لەو ساڵەدا دەچێتە ئەکادیمیای مۆسکۆ بۆ خوێندن لە سەر ( فەلسەفە ، ئابووری ، بزاڤی شیوعی ) لە ٩/٢٥ /١٩٨٥ دەگەڕێتەوە بۆشاخ و تێکۆشان و هەر لەوساڵەدا بەهۆی نەخۆشیەوە ڕوولە ئێران دەکات بەڵام بۆماوەی شەش مانگ زیندانی دەبێت . لەڕاپەڕینیشدا دەوری شیاو شۆڕشگێڕانەی دەبێت پلەی جۆراو جۆر دەبڕێت وەکو ئەندامی سەرکردایەتی و ئەندامی مەکتەبی سیاسی و کارگێڕی دارایی ، ساڵی ٢٠٠٢ یەکێك دەبێت لەو ئەندامانەی بەشداری کۆنگرەی بەرهەڵستکارانی عێراقی دەکات لە لندن . تا بەداخەوە لە ٢٩ / ٢ / ٢٠٠٨ بە هۆی نەخۆشیەوە کۆچی دوایی دەکات.

# کۆچ کردو فاتیح ڕەسوڵ



ساڵی ١٩٣١ لە شاری کۆیەی لانکەی شۆڕشگێری و کوردایەتی لە خێزانێکی کاسبکار چاوی بەژیان هەڵهێناوە و ساڵی ١٩٣٨ چۆتە قوتابخانە و لە مانگی نیسانی ١٩٤٧ بۆ یەکەمجار لەبەرداکۆکیکردن لە بارزانیەکانی کە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مەهەباد گەڕانەوە کوردستان بەیەك ساڵ زیندانی حوکم درا و دواتر لە ساڵی ١٩٤٩ بەیەکجارەکی دەرکرا لە قوتابخانەی ئامادەیی و لەدادگای عورفی عەسکەری بەغدا بە ساڵێك زیندانیو ساڵێك مانەوە لەژێرچاوەدێری پۆلیس لەسەر ئەندامێتی لەپارتی کۆمەنیستی عێراقدا حوکم درا و تا ساڵی ١٩٥٥ چەندجار سزاو بەندی بینیوەو هەر لە شوباتی هەمان ساڵدا بە سێ ساڵ حوکم و دووساڵ مانەوە لەژێر چاوە دێری پۆلیس سزادراو هەشت مانگ پێش شۆڕشی چواردەی تەموزی ١٩٥٨ ئازادکراوە و لەڕۆژی ٦/١٦ /١٩٥٩ خێزانی پێکهێناوە . لەدوای کودەتای ٨ ی شوباتی ١٩٦٣ تا ساڵی ١٩٧٠ چۆتە شاخ و ئاوارەو شۆڕشگێربوە بۆ گەلەکەیو دووبارە لە ساڵی١٩٧٩ تا ناوەڕاستی ١٩٨٦ بۆتەوە پێشمەرگە لە شاخ و بەهۆی وشیاری و لێهاتویەوە پلەی جۆراو جۆری بڕیوە لە ناو حیزبی شیوعی عێراقی دا وەکو ئەندامی لێژنەی هەرێمی کوردستانی حیزبی کۆمنیستی عێراق لە ساڵی ١٩٦٠ و لەکۆتای ساڵی ١٩٧٢ لە کۆنگرەی چوارەمی حیزبی کۆمەنیستی عێراق بوە ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزی و دواتر لە سالانی ١٩٨٦ تا ١٩٨٩ لەسوریا بوەو دواتر لە

سوید نیشتەجێ بوەو ناوبراو خاوەنی چوار کوڕو دووکچە کەخوێندنی ئەلیکترۆنی و تەکنۆلۆژی و بواری هونەریان تەواوکردوە تا بەداخەوە دوای چەندین ساڵ لە خەبات و تێکۆشان لە ٢٣ /٧ / ٢٠٠٨ لە سوید کۆچی دوایی دەکات و دوای خۆیشی ئەم بەرهەمە چاپکراوانەی بە جێ هێشتوە وەکو دەنگدانەوەی ئاشتی ١٩٥٤، توتن و توتنەوانی لەکوردستانی عێراقدا ١٩٥٨ ، هەندێ ڕوداوی گرینگی ١٩٧٩چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی گەلی کورد بەرگی یەکەم سوید، شەڕەکانی براکوژی ١٩٨٠ – ١٩٨١ ، کۆمەڵێك ڕوداوی ساڵانی ١٩٨١ – ١٩٩٠، لەکاروانێکی دوورو درێژی ئەزمونی ٥٠ ساڵ سوید ١٩٩٧ ، بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ لەکوردستان – سوید ٢٠٠١ ، مشتێك لە پاشماوەی خەرمان ، لە پێناو دەسەلاتدا ٢٠٠٧ .

# کۆچکردو ئەحمەد بانیخێلانی ( ئەبو سەرباز )



مەلا ئەحمەدی مەلا قادری سۆفی ساڵی ١٩٢٥ لە فەقێ جنەی ناوچەی گەرمیان لە خێزانێکی ئایینی و نیشتمان پەروەر چاوی بەژیان هەڵهێناوەو باوکی مەلایەکی دادپەروەر بوەو ئەمیش لە سەر دەستی باوکی ئیجازەی دوانزە عیلمی مەلایەتی وەرگرتوە و ناوبراو هەرلەسەردەمی لاوێتی و فەقێتی تێکەڵ بە سیاسەت بوەلە چلەکاندا خەبات بوە و هەر بەهەوڵ و تێکۆشانی ئەو ڕێگای دەربەندیخان و بانیخێلان کراو قوتابخانەش لە گوندەکە کرایەوە و دواتر چوە ناو ڕیزەکانی حیزبی شیوعی عێراقیەوەو درێژەی بەکارو چالاکیەکانی داو بیری چینایەتی بەهێزتربوو لەناو یەکێتی جوتیاراندا ڕۆڵی دیاری هەبوولەهەمان کاتیشدا لاوەکان و جوتیارانی فێری خوێندەواری دەکردن بۆیە کەسایەتیەکی کۆمەلایەتی و خۆشەویست بوو لە ناو خەڵکدا . لە سەرەتای پەنجاکاندا بە هۆی خەباتی ژێرزەمینیەوە ماوەیەك خۆی شاردۆتەوە و ساڵی ١٩٥٤ بە تۆمەتی جیا جیا چەندین جار دەگیرێ و دواتر ئازاد ئەبێت و دواتر نەفی کراوە بۆ قەلعە ساڵح بەخۆی و خێزانەکەیەوە تاوەکو شۆڕشی چواردەی تەموزدواتر دەگەڕێتەوە بانیخێلان و سەرپەرشتی بزووتنەوەی جوتیارن و کرێکاران دەکات لە دەربەندیخان و سلێمانی و کەرکوك . ساڵی ١٩٦٢ تا ١٩٦٣ لەلایەن ئەمنی کەرکوکەوە دەگیرێ و دواتر بەر لیبوردنی گشتی دەکەوێ و لە ساڵی ١٩٦٥ لەڕانیەو قەڵادزەو گوندەکانی ڕانیە نیشتەجێ دەبن و لە شاخ و شار خاوەن هەڵویست و

خۆڕاگری بوەو پلەی جۆراوجۆری بڕیوە بەهۆی ئازایەتی و ڕۆشنبیریەوە لە سەرکردایەتی حیزبی شیوعی عێراقدا خاوەنی نەخشەو پلان بوە وەکو سەرکردە یەکی سیاسی و عەسکەری و تا ساڵی ١٩٨٩ لە شاخ درێژەی بەکارو چالاکیەکانی داوەو دواتر لە سوید نیشتەجێ بوە و بەردەوام بوە لە تێکۆشان و باوەری وابوە دەبێ ئەمجار بوار بۆ گەنجەکان بدرێ بۆ سەرکردایەتی و تێکۆشان تا بەداخەوە لە ستۆکهۆڵم بەهی نەخۆشیەوە لە ٢٩ / ٣ / ٢٠١٣ کۆچی دوایی دەکات بەڵام ئەوەی جیگای داخە بۆی خێزانەکەی و کوڕەکەی لەماوەی نێوان ٦ مانگدا خێزانەکەی کۆچی دوایی دەکات و سەربازی کوڕیشی شەهید دەبێت.

# کۆچکردو ئەبو سیروان



سلێمان شێخ محمد حاجی سلێمان ساڵی ١٩٣٦ له بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕو زەحمەتکێش لە شەقلاوە لەدایك بوە . بەهۆی باروزروفی تایبەتیی خۆیەوە توانیویەتی ناوەندی تەواو بکات ، ساڵی ١٩٥٢ پەیوەندی بەڕیزەکانی حیزبی شوعیەوە کردوەو لە ناویەکێتی قوتابیانی کوردستاندا درێژەی بەکارو چالاکیەکانی داوەو لەم بوارەدا پیشڕەو بوەو هەربەم هۆیەوە بوە ساڵی ١٩٥٥ دەسگیردەکرێ و دواتر ئازادئەبێت و بەلاّم دوژمن هەمیشە بەدوایەوەبوە بۆیە ئەمیش ڕووی لە بەغداکردوەو کارەکانی ڕاپەڕاندوەو لە پاڵ ئەمەشدا وەکو کەسێکی دیارو ڕۆشنبیر کاری ڕۆژنامەنووسی کردوە ، لە شۆڕشی ١٤ ی تەمووزی ١٩٥٨ بەئاشکرا کاروچالاکیەکانی لەناو کرێکاراندا ئەنجامداوەو بەلاّم لەسالاّنی ١٩٦١ و ١٩٦٢ بۆماوەی دووجار گیراوەو دواتر ئازادکراوەو لەوەزیفەی شارەوانی بەغدا دووریان خستۆتەوە . ساڵی ١٩٦٣ دەبێتە پێشمەرگەی حیزبی شیوعی لە ناوچەی کەوەرتیان بەهۆی ئازایەتی و باری ڕۆشنبیریەوە پلەی جۆر اوجۆردەبڕێ و ساڵی ١٩٦٨ و ١٩٦٩ دەچێتە مۆسکۆو زانستی کۆمەلاّیەتی دەخوێنێ و دواتر دەگەڕێتەوە کوردستان. ساڵی ١٩٧٢ لە بەغدا بەئاشکراکاردەکات و ساڵی ١٩٧٦ دەبێتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و خاوەنی وتارو نوسین بووە لە گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا. لە ١١/٢٠ / ١٩٩٥ کۆچی دوایی کردووە.

# شه هید قازی محمد



قازی محمد کوڕی قازی عەلی کوڕی میرزاقاسم ساڵی١٩٠٠لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو فەرهەنگی لە دایك بوە لە شاری مەهابادو عیلاقەی بە خوێندنی علومی کۆن و تازەوە هەبوو لەگەڵ زمانەکانی عەرەبی و فارسی و ڕوسی ئاشنایەتی هەبوە و دوای باوکیشی دەبێتە قازی شار لە ساڵی ١٩٤١ بەرپرسیارێتی ئیدارەی فەرهەنگی ئەوقافی شاری مەهابادی گرتە ئەستۆو خزمەتی زۆری کردوەو هەر لە سەردەمی ئەودا قوتابخانەی کچان کرایەوە و باوکیشی لە ساڵی ١٩٣٠ لە مەهاباد ڕێکخراوێکی کوردی بە ناوی بزوتنەوەی محمد پێك هێنا و قازی محمد ڕێزی لە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد دەگرێت و لە کۆتای ساڵی ١٩٤٤ دەبێتە ئەندام و دەورێکی بەرچاو وبالای دەبێ و ناوی نیهێنی (بینایی)بوو، لە ساڵی ١٩٤٥ کۆمەڵەی (ژێ کاف) بوە بناغەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و قازی بوە یەکەم سەرۆکی ئەم حیزبەو، قازی لای سۆڤیەتیەکانیش ناسراوەو چونکە ساڵی ١٩٤١ سەرۆکی وەفدی کوردی بوە کە سەردانی باکۆیان کردوە و دووبارە لە کۆتای ساڵی١٩٤٥ سەردانی سۆڤیەتی کردووە، گۆڤارێکیشیان بە ناوی نیشتیمان دەرکردوە، لە٣٠/٣/ ١٩٤٦ بە هاوکاری پارچەکانیتری کوردستان کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند و لە سەردەمی کۆماردا نازناوی پێشەوای پێ بەخشرا و لەو کاتەدا ڕۆژنامەی کوردستان دەردەچوو وتارو نوسینەکانی لەم گۆڤارەدا بلاو دەکرانەوەو قازی هەمیشە حەزی بە ئاشتی و دایە لۆك کردوە و هەر بۆ ئەم مەبەستە لەلایەن قەوامولسەڵتەنەو

پەرلەمانتارانی ئێران پێشوازی لێدەکرێ بۆ گفتوگۆ لە ساڵی ١٩٤٦ لە تاران بەڵام گفتوگۆیەکەیان فریودەر دەبن . کۆماری مەهاباد لەماوەی ١١ مانگدا ئالآی کوردستانی لە سەرجەم دامو دەزگاکانی ئەو شارەدا هەڵداو زمانی کوردی بەڕەسمی کاری پێ دەکراو گۆڤارەکانی ( کوردستان ، هەلآڵە ، هاواری نیشتمان ، گڕوگاڵی منداڵانی کورد ) لەم سەردەمەدا دەرئەچون و جگە لەچەندین شانۆگەری کوردی و ڕێکخراوی ئافرەتانیشی دروستکردو لەگەڵ سوپایەکی کوردستان ، لەهەمان کاتیشدا بارزانی ڕۆڵی دیارو بەرچاوی گێڕا لەکۆماری مەهاباددا .. هۆکارەکانی شکانی کۆماریش : حوکمەتی ئازەربایەنجان خۆی دابەدەستەوە و سۆڤیەتیش کشایەوە و بڕواکردنی قازی بەدرۆیەکانی قەوامولسەڵتەنەو ئەمریکاو بەریتانیا و تورکیا دژی کۆمار بوون ئەوە بوو ئێران لە١٧ ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٦ پەلاماری کۆماری داو داگیری کردو پانزە هەزار کەس لەکورد دەکوژێت قازی و پانزە سەرکردەی تر لەمەیدانی چوارچرا لە مەهاباد لە سێدارەدەدا لە ٣١ ی١٩٤٧ .

## کۆچکردو هاوڕێ عه بدولڕەحمان



ناسراو به هاوڕێ حاج باباشێخ ساڵی ١٢٦٢ له گوندی ( زەنبیل ) ی سەقز له دایك بوەو یەكێك بوه له كۆمەڵەی ژ . ك و لەكۆنگرەی یەكەمی حیزبی دیموكراتی ئێراندا بۆته ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی و له كۆمار كوردستانیشدا پۆستی سەرۆك وەزیرانی هەبوەو دوای ڕوخانی كۆماریش بۆ ماوەی شەش ساڵ زیندانی بوەو پاشان لەگوندی تۆرجان دەسبەسەر بوەو له ٣٠ / ٧ / ١٣٣٨ هەر له گونده كۆچی دوایی كردوه .

## شه هید محمد حوسێن



كوڕی میرزا حەسەنی سەیفی قازی ساڵی ١٩١١ له مەهاباد لەدایك بوه و تا دواناوەندی خوێندویەتی و دواتر بۆته ئەندامی دەفتەری سیاسی حزبی دیموكراتی ئێران له ساڵی ١٣٢٤ تا ١٣٢٥ له ڕێبەری حیزبدا بوه و له كۆماری كوردوستاندا پۆستی وەزارەتی بەرگری بوه و له ساڵی ١٩٤٧ له سێدارەدراوه .

## کۆچکردو محمد ئەمین شەڕەفی



کوڕی حاجی حسن لە دایك بوی ساڵی ١٢٨٥ مەهابادەو تاوەکو دواناوەندی خوێندویەتی و ساڵی ١٣٢٤ تا ١٣٢٩ بۆتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی ئێران و ساڵی ١٣٤٩ لە مەهاباد کۆچی دوایی کردوە .

## شەهید سلێمان موعینی ( فایەق )



هاوڕێ سلێمان کوڕی محمد ئەمین ساڵی ١٣١٤ لە شاری مەهاباد لەدایك بوەو خوێندکاری زانکۆ بوەو ساڵی ١٩٥٢ بۆ یەك دەورە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی ئێران بوەو لە کۆنگرەی دوەمی ساڵی ١٣٤٣ تا ١٣٤٧ لەسونێ گیراوەو هەر لەساڵی ١٣٤٧ لە سنوری ماوەت لەلایەن ( پ د ك) شەهید دەکرێت .

## شەهید مەلا ڕەشید حوسه ینی



کوڕی مام عەلی خەڵکی گەورە قەلاّی سەرشیوی سەقزە و ساڵی١٣٠٢ لەدایك بوەو خوێندنی ئاینی تەواوکردوەو لەکۆنگرەی دوەمی حیزبی دیموکراتی ئێران بۆتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و ساڵی ١٣٤٣ لە گوندی سونێ عێراق گیراوەو ساڵی ١٣٥٨ شەهید کراوە .

## شه هید مەلا ڕەحیم وێردی



ناسراو بەمیرزا ئەحمەد کوڕی مەلا نەسرولای خەڵکی نجنەی خواروی بانەیە و ساڵی ١٩١٢ زاینی لەدایکی بوەو خوێندنی مەلایەتی تەواو کردوەو ساڵی ١٣٤٣ تا ١٣٤٦ ئەندامی ڕێبەری حیزبی دیموکراتی ئێران بوە بوەو لەهەمان کاتیشدا بەرپرسی تەشکیلاتی گوندەکانی کوردستانی ئێران بوە و ساڵی ١٣٤٦ لە ناوچەی تەوێڵەی سەر بەشاری سلێمانی شەهید بوە .

## شه هید نەحۆ



ناسراو به باپیر شکاك ساڵی ١٣٠٩ لەگوندی ساکانی ناوچەی شکاکەکانی سەڵماس لەدایك بوەو خوێندنی تا دواناوەندی تەواو کردوەو ساڵی ١٣٣٧ لەلایەن ڕژێمی ئێرانەوە بۆ ماوەی ٥ساڵ دەگیرێ وساڵی ١٣٤٣ بوەتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی ئێران و ساڵی١٣٤٦ شەهید دەبێ.

# شەهید دکتۆر عەبدلرەحمانی قاسملو



کوڕی محمد ئاغای وسوق لەشەوی یەڵدای ١٣٠٩ لەگوندی قاسملوو لە نێوان شارەکانی ورمێ و شنۆ هەڵکەوتوەو لەدایکبوەو ساڵی ١٣٢٤ لە یەکێتی لاوانی دیموکراتی شاری ورمێ دەست پێ دەکاو دواتر لەساڵی ١٣٢٧ لەتاران دیپلۆم وەردەگرێ و دەچێتە فەرەنسا لەڕشتەی ئابوری سیاسیدا دەست بەخوێندن دەکاو دواتر بەهاوکاری حیزبی توودە بۆ درێژەدان بەخوێندن ڕوو لە چیکۆسلۆڤاکیا دەکاو ساڵی ١٩٥١ لیسانس وەردەگرێ ودوای دەگەڕێتەوەو لەکودەتای ١٩٥٣ بۆ ماوەی دوو ساڵ تووشی ژیانی نهێنی دەبێ ساڵی ١٣٣٤ لەکۆنفرانسی یەکەمی حیزب لەناوچەی سەرمەیدانی مەهاباد پیکدێنێ و جیابونەوەی تەشکیلاتی یەکەی حیزبی دیموکرات و حیزبی توودە پەسند دەکرێ و دوای بەنهێنی دەچێتە عێراق و بۆکاری حیزبی بەردەوام لە هاتوچۆدابوە بۆتاران و بەغداو دیمەشق ویپراگ و لەساڵی ١٣٣٩ دەگەڕێتەوە پراگ و دکتۆرای زانستی ئابوری وەردەگرێ ویماوەیەك لەزانستگەی سەنت شارل لە پاریس وانە دەڵێتەوە .. لەکۆنفرانسی سێ یەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆیە دەبەسترێ لە ٢١ / ٦ / ١٩٧١ دەبێتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دواتر دەفتەری سیاسی و دوایی بۆ ماوەی ٨ دەورەو ١٩ ساڵ سکرتێری گشتی حیزب دەبێ تا ساڵی ١٣٦٨ لە ڤیانا پایتەختی ئۆتریش لەکاتی گفتوگۆدا شەهید دەبێ و تەرمەکەشی لەگۆڕستانی پێرلا شێزی پاریس بەخاك دەسپێردرێت .

## شه هيد مه‌لا قادر وێردی



کوڕی مه‌لا ڕه‌حیم ساڵی ١٣٢٤ له‌ مینجه‌لآنی بانه‌ له‌دایك بوه‌ و تا سه‌ره‌تای خوێندوه‌و له‌ کۆنفڕانسی سێ یه‌می حیزبی دیموکراتی ئێران بۆته‌ ئه‌ندامی سه‌رکردایه‌تی تاوه‌کو ساڵی ١٣٥٢ شه‌هیدبوه‌ .

## شه هيد دکتۆر سادق شه‌ره‌فکه‌ندی



د : سه‌عید ساڵی ١٣١٦ له‌گوندی ته‌ره‌غه‌ی بۆکان له‌ دایکبوه‌و ساڵی ١٣٥٢ بۆته‌ ئه‌ندامی حیزبی دیموکراتی ئێرانو دکتۆرای شیمی ته‌جزیه‌ی له‌زانستگه‌ی سووربۆنی پاریس وه‌رگرتوه‌ و دواتر گه‌ڕاوه‌ته‌وه‌و له‌زانکۆی تاران وانه‌ی وتۆته‌وه‌ له‌کۆنگره‌ی چواره‌می ١٣٥٨ بۆته‌ ئه‌ندامی سه‌رکردایه‌تی بۆماوه‌ی ١٣ ساڵ دوای ده‌فته‌ری سیاسی و بۆدووده‌وره‌ش جێگری سکرتێری حیزب بوه‌و دوایی قاسملوش ده‌بێته‌ سکرتێر له‌ ٢٦ ی خه‌رمانانی ١٣٧١ له‌ ئه‌ڵمانیا خۆی و دوو ئه‌ندامی کۆمیته‌ی ناوه‌ندی به‌ناوه‌کانی هومایۆن ئه‌رده‌لان و فتاح عه‌بدولی تیرۆر ده‌کرێن .

## شه هيد سه‌رگورد حه‌بیبۆڵلا عه‌باسی



ساڵی ١٣١٦ له‌ مه‌هاباد له‌دایك بوه‌ و لیسانسی حقووقی وه‌رگرتوه‌و ساڵی ١٣٥٧ بۆته‌ ئه‌ندامی حیزب و له‌کۆنگره‌ی ساڵی ١٣٥٨ له‌ مه‌هاباد گیراوه‌ بۆته‌ ئه‌ندامی سه‌رکردایه‌تی ( ح د ك أ ) ساڵی ١٣٥٩ له‌ مه‌هاباد شه‌هید بوه‌ .

## شەهید کەمال دەباغی



ساڵی ١٣٢٤ لە مەهاباد لەدایك بووەو لە کۆنگرەی ٤ و٥ ی حیزبی دیموکراتی ئێراندا بۆتە ئەندامی سەرکردایەتی و بۆتە بەرپرسی کۆمیتەی کرماشان و ئەندامی پێکهێنەری ناوەندی ئاژوان تاوەکو لە ١٣٦٤ لە زیندانی ڕژێمی ئێران ئیعدام کراوە .

## شە هید حەکیم ڕەزایی



کوڕی عەبدولحەمید ساڵی ١٣٣٠ لە پاوە لەدایکبوە و دیپلۆمی وەرگرتووەو ساڵی ١٣٥٨ بۆتە ئەندامی حیزبی دیموکراتی ئێران و بۆ ماوەی چوار دەورە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوە و تا لە ساڵی ١٣٦٥ لە شەڕێکدا لە ناوچەی سەقز لەگەڵ ڕژێمی ئێران شەهید دەبێ .

## شەهید عەبدوڵلا بەهرامی



کوڕی ڕۆستەم ساڵی ١٣٢٨ لە پاوە لەدایك بوە پلەی خوێندەواری تکنسین کشاورزی بووەو ساڵی ١٣٥٧ بۆتە ئەندامی حیزبی دیموکراتی ئێران و بۆ ماوەی ٤ساڵ بۆتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و تا لە ٢٩ ی بانەمەڕی ساڵی ١٣٦٣ لەناوچەی دیواندەرە شەهید بوە .

## شەهید ئەحمەد جاوید فەڕ



ناسراو بە هەژار ساڵی ١٣٣٠ لە شارویرانی مەهاباد لەدایك بوەو ڕادەی خوێندەواری لیسانس لە زانكۆی ئەفسەری تاران ساڵی ١٣٥٧ بۆتە ئەندامی حیزبی دیموكراتی ئێران و ساڵی ١٣٦٠ یەك دەورە بۆتە ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی و دوو ڕۆژ دوای كۆنگرەی پێنج شەهید بوە .

## شه هید غەفوور هەمزەیی



ساڵی ١٣٢٣ لە بانە لەدایك بوەو لیسانسی لە خوێندن وەرگرتوەو لە كۆنگرەی ٦ و ٧ و ٨ وەكو ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموكراتی ئێران كاری كردوەو تاوەكو لە لە ١٣٧٣ لە بەغدا شەهید بوە .

## شەهید فەتاح عەبدولی



ساڵی ١٣٤٠ لە نەغەدە لەدایكبوە و تا دواناوەندی خوێندویەتی و ساڵی ١٣٥٩ بۆتە ئەندامی حیزبی دیموكراتی ئێران و لە كۆنگرەی حەوتیشدا بۆتە ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی و لە ٢٦ ی خەرمانانی ١٣٧١ خۆی لەگەڵ سادقی شەرەفكەندی و هومایۆن تیرۆر دەكرێن لە ئەڵمانیا .

## شەهید سدیق فەرۆخیان



کوڕی عەبدولکەریم ساڵی ١٣٣٣ لەگوندی کێسەڵانی فەیزوڵڵا بەگی سەقز لەدایك بوەو تاوەکو دووی ناوەندی خوێندوەو ساڵی ١٣٥٧ بۆتە ئەندامی حیزبی دیموکراتی ئێران و ساڵی ١٣٦٢ تا ١٣٦٤ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوە تاوەکو لە ١٠ ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٤ لە سپی کانی شلێر شەهید بوە .

## شەهید عەبدوڵڵا قادری



ساڵی ١٣٣١ لە نەغەدە لە دایکبوە و ساڵی ١٣٥٧ بۆتە ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و لە کۆنگرەی ٨ دا بۆتە ئەندامی سەرکردایەتی و لە ئەورپاو بەغدا نوێنەری حیزب بوە ، تاوەکو ساڵی ١٣٦٨ لە ڤیەنی ئۆتریش لەگەڵ قاسملو تیرۆر دەکرێن.

## شە هید عەبدوڵڵا شەریفی



کوڕی عەبدولکەریمە و ساڵی ١٣٤١ لەگوندی شارەزوور-ی گەوڕکی مەهاباد لەدایك بوە و خوێندکاری ساڵی دوەمی ئەدەبیاتی فارسی لە زانکۆی تەورێز بوە و ساڵی ١٣٥٩ بۆتە ئەندامی حیزبی دیموکراتی ئێران و ساڵی ١٣٦٦ تا ١٣٧٣ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب بوەو پلەی جۆراوجۆری بڕیوەو تا لە ٦ ی ڕەزبەری ١٣٧٣ لە ناوچەی مەهاباد شەهید دەبێ .

## شه هید مەنسوور فەتاحی



کوڕی ڕەشید ساڵی ١٣٣٥ لەگوندی گەڕاوەی مەریوان لەدایك بوە و لە هەردوو كۆنگرە ی ٨ و ٩ دا بۆتە ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموكراتی ئێران و پلەی جۆراوجۆری بڕیوەو تا لە ١٧ ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٧٦ لەنزیك دوكان لە كوردوستانی عیراق شەهید كراوە .

## كۆچكردو نەبی قادری



خەڵكی شاری شنۆیە ، لەكۆنگرەی ٥ دا كە ١١ ی سەرماوەزی ١٣٦٠له گوندی شیوە جۆی ڕەبەت بەستراوە بۆتە ئەندامی سەركردایەتی حیزبی دیموكراتی ئێران و توانیویەتی ٣ خولی ڕێبەری ببینێ پلەی جۆراو جۆری بینوەو تا ساڵی ١٣٧٥ لەوڵاتی دانیمارك بە هۆی نەخۆشیەوە كۆچی دوایی كردوە .

## كۆچكردو عوسمان ڕەحیمی



کوڕی محمد ساڵح ، ساڵی ١٣٣٥ لە بانە لەدایك بوە و خوێندكاری ساڵی چوارەمی زانكۆی تاران بوە وساڵی ١٣٥٧ بۆتە ئەندامی حیزبی دیموكراتی ئێران و ماوەی سێ خول بۆتە ئەندامی ڕێبەرایەتی حیزب پلەی جۆراو جۆری بینیوەو تا لە ٢١ / ٦ / ١٣٨٦ كۆچی دوایی كردوە.

# شه هید ئەحمەد توفیق



ناوی تەواوی عەبدولاّی سەیدحەمەدەمینی ئیسحاقییە کەناسراوە بە ئەحمەد توفیق ، ساڵی ١٩٣١ لەگەڕەکی هەرمەنیانی مەهاباد لەبنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕلە دایك بوەو لە ساڵی ١٩٣٨ لەخوێندنگای سەرەتایی پەهلەوی دەخرێتەبەر خوێندن و دواتر دواناوەندی لە دەبیرستانی محمدڕەزاشا تەواو کردوەو لەهەمان کاتیشدا وەرزشکارێکی باش بوە . ساڵی ١٩٤١ تا ١٩٤٦ سەرەتای خەباتی نهێنی لەرێکخستنەکانی لاوان دەست پێدەکاو یەکێك لەپێشەنگەکان دەبێ و ئەندامی سازمانی نەوجەوانان بوە لە پاراستنی ئاسایشی شارداو لەخۆپیشاندانی ساڵی ١٩٥١ لە چوارچرای مەهاباد ڕۆڵی پێشەوایەتی گێڕاوەو ماوەیەکیش زیندانی بوەو کەسێکی ڕاستگۆو نەترس و نەتەوەپەرست بوەو سەردانی زۆر لە ولاتانی پراگ و سوریاو لوبنان. .. هتد کردوەو زمانی فەرەنسیشی زانیوەو دواتر بەهۆی فشاری ئێران ئاوارەی شاری سلێمانی دەبن و لەوێ دادەنیشن . ساڵی ١٩٦٠ بۆتە سکرتێری ( ح د ك أ ) و هەر لەو ساڵەشدا پێشوازی کردوە لەوەفدێکی عیلمی چیکۆسلۆڤاکی لە سلێمانی ، دواتر کێشە لەنێوان قاسملو ناوبراودا دروست دەبێ هەردولا یەکتری تومەتبار دەکەن بەوەی کەئەو تودەچیەوئەوی تریش سەرلێشێواوە . ناوبراو پەیوەندیشی لەگەڵ بارزانیدا بەهێزبوەو لە هەمان کاتیشدا ڕۆڵ و نەخشەوپلانی هەبوە لەشۆڕشی ئەیلولداو هەرلە سەردەستی ئەودا لە ساڵی ١٩٦٢ یەکەمین ژمارەی ( دیسان بارزانی ) کەلە شەش لاپەڕەی خەبەری پێکهاتبو بەنهێنی لە ئێران و عێراق و ئەوروپا بلاّو دەبۆوە و لەهەمان کاتیشدا ڕازگری سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول بوەو سەردانی سەفارەتەکانی ئەمریکی و سۆڤیەتی و بیانی کردوەو لەهاتوچۆدا بوەو کەسێکی ڕۆشنبیرو

نوسەرو خاوەنی وتاری جۆراوجۆرە کاریگەری هەبوە لەسەر خەڵك و هەربەم هۆیەشەوە بوە ڕۆژنامەنوسێکی ئەمریکی بەناوی (دانا ئادەمز شمدت ) دەڵێ : ئەحمەد توفیق نامەبەر بوە بۆ لای قازی و دوو جاریش لەلایەن قازیەوە خەلاَت کراوەو کەسێکی بلیمەتو گوتارەکانیشی وەکو وەزیری ڕاگەیاندن کاریگەری هەبوە لەناو خەڵکدا ... ) ساڵی ١٩٦٥ بەدواوە بەهۆی پەیوەندی شۆڕشی ئەیلول و ئێران دووردەخرێتەوە بۆ ناوچەی بارزان و و دواتر لە کونەماسی بادینان نیشتەجێ دەبێت و دوای شەهید بوونی موعینی و دوو لە هاوڕێکانی ناکۆکی دەکەوێتە نێوان بارزانی و ئەحمەد تۆفیق لە ساڵی ١٩٦٩ خۆی و هەندێ لە پێشمەرگەکانی دوای چوار ساڵ مانەوە لە ڕێگای ئامێدی و دهۆك و موسڵ دەچنە بەغداو لەوێ وەکو پەنابەری سیاسی نیشتەجێ دەبن و درێژە بەخەبات و تێکۆشان ئەدات و لە هەوڵی ئامادەکردنی خەباتی پارتیزانیدا ئەبێ بۆ کوردستانی ڕۆژهەلاَت و دوای بەیانی ١١ ی ئازاری ١٩٧٠ پەیوەندییەکانی ئاسایی دەبێتەوە لەگەڵ بارزانیدا و تا بەداخەوە لە پاییزی ١٩٧٢ لەلایەن بەعسەوە دەگیرێ و دوای ئەشکەنجەو ئازارێکی زۆر لە بەهاری ١٩٧٣ بەم هۆیەوە شەهید دەبێ و تاوەکو ئێستاش بێ سەرو شوێنەو گۆڕو چارەنوسی دیار نیە.

***سەرچاوە : ژیان و تێکۆشانی سیاسی ئەحمەد تۆفیق ١٩٣١ – ١٩٧٣ دکتۆر یاسین سەردەشتی.***

# كۆچكردو مامە غەنی بلوريان




ساڵی ١٩٢٤ لە مەهاباد لەدايك بوە و يەكێ بوە لە دامەزرێنەرانی كۆمەڵەی ژێ كاف لە سەردەمی كۆماری كوردستانيش ئەندامی ڕێكخراوی لاوان بوە و لە هەمان كاتيشدا ئەكتەرێكی شانۆكاريش بوە و يەكێك بوە لەو قوتابيانەی كەلەلايەن كۆماری كوردستانەوە نێردراوە بۆ سۆڤيەت بۆ خوێندن و دواتر دەگەڕێتەوەو بۆ ماوەی سێ ساڵ زيندانی دەكرێ و دوای بەربونيشی جارێكيتر دەگيرێتەوەو حوكمی ئيعدامی بۆ دەردەچێ وەكو سەمبوڵی زيندان ناوبراو تەماشا دەكرێ ، بەڵام بەهۆی فشاری نێو دەوڵەتی ئازاد دەكرێ . دوايی دەبێتە ئەندامی سەركردايەتی حيزبی ديموكراتی ئێران و دواتر مەكتەبی سياسی . ماوەيەك ژيان لە باشوری كوردستان بەسەر دەباو دواتر ڕوو لە ئەوروپا دەكات تا لە ڕۆژی ٢٠١١/٣/٩ كۆچی دوايی دەكاو لە هەولێر بەخاك دەسپێردرێت .

# کۆچکردو مامۆستا شێخ عێزەدین حوسێنی



ساڵی ١٩٣١ لەشاری بانەی کوردستانی ئێران لە بنەماڵەیەکی ئاینی و کوردپەروەر لەدایك بوە. ساڵی ١٩٣٨ دەچێتە حوجرەو بۆ مەلایەتیش ڕوو لە ناوچەی موکریان دەکات و مۆڵەتی مەلایەتی وەردەگرێت بەلاّم دواتر وازی لێ دەهێنیت و ساڵی ١٩٥٨ وەکو مامۆستای وانە بێژ لە قوتابخانە وانە دەڵێتەوە ، ساڵی ١٩٤٣ پەیوەندی بەکۆمەڵەی ژێکافە وە دەکات و بەشداری مەراسیمی هەڵکردنی ئالآی کوردستان لەکۆماری مەهاباد دەبێ . ناوبراو لە سالآنی پەنجاکاندا بەشدارو پشتیوانی لە بزووتنەوەی جوتیاران دەکات . دوای ماوەیەك بە هۆی هەڵوێستەکانیەوە زیندانی دەبێ و دوای ئازاد ئەکرێت ، ساڵی ١٩٧٨ لە ناشتنی تێکۆشەری کورد عزیز یوسفی وتارێکی شۆڕشگێڕی دەدا . ناوبراو بەهۆی ئەوەی کەسایەتیەکی دیارو ناوداربوە دەوڵەتی ئێران کردویەتە دەستەی نوێنەرانی کورد و ناوەندیکی بەناوی دەفتەری مامۆستا شێخ عێزەدین لەزۆربەی شارەکانی ئێراندا کردبۆوە بەلاّم دواتر لەلایەن ئێرانەوە داخران و مامۆستای نەمریش ڕووی لە باشوری کوردستان کردو ساڵی ١٩٨٢ دەچێتە سوید تاوەکو ساڵی ٢٠١١ بەهۆی نەخۆشیەوە کۆچی دوایی دەکاو لە گۆڕستانی گردی سەیوان بەخاك دەسپێردرێت .

# کۆچکردو شێخ مەلا جەلالی حوسێنی



کوڕی قازی شێخ سالّحەو سالّی ١٩٢٧ لە بنەمالّەیەکی ئاینی و کوردپەروەر لە بانەی کوردستانی ڕۆژهەلاّت چاوی بەژیان هەلّهێناوە . لەحوجرەو فەقێیەتی خوێندویەتی ، سالّی ١٩٤٥ لەگەلّ کۆمەلّەی ژێ کاف کاری کردوە . لە سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێراندا ١٩٧٩ وەکو مەلاو مامۆستا خەلّکی وشیارو هان داوە بۆ خەبات و تێکۆشان و ماوەیەك لە دەفتەری شێخ عێزەدین بوەو دواتر لە سالّی ١٩٨١ سازمانی خەباتی کوردستانی ئێرانی دامەزراندوەو هەمیشە لە بەرەی گەلدا خەباتی کردوە و شاعیرێکی نیشتمانپەروەریش بوە و نازناوی پەژاری بەکارهێناوە بۆ خۆی تا بەداخەوە لە سالّی ٢٠١٠ لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە .

# کۆچکردو محمد ئەمین سراجی



ساڵی ١٩٣٤ لەخێزانێکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر لە مهاباد لە دایك بوە ، دواتر بۆتە مامۆستاو وانەی وتۆتەوەو بۆ درێژەدان بەخوێندن ڕوولە تاران دەکا تاوەکو بەشی یاسا لەزانکۆ تەواوبکا . ساڵی ١٩٥٧ پەیوەندی بە حیزبی دیموکراتی ئێرانەوە دەکاو ناوبراو دوایی ڕوو لە کوردستانی باشور ئەکاو یەکێك دەبێ لە هاوکارانی مەلا ئاوارەو سلێمانی موعینی کە کۆمیتەیەکی شۆڕشگێڕیان دامەزراندبوو .

مامۆستا لە کۆنفرانسی کۆیەی ساڵی ١٩٧١ بوە ئەندامی سەرکردایەتی ( ح د ك أ ) دواتر ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی پەیوەندییەکانی حیزب و حوکمەتی عێراق و بەرپرسی مالی ، لە کۆنگرەی چواردا لە حیزب جیابۆوەو بە تاقمی ٧ کەسی ناسرابون بەنێوی پەیڕەوانی کۆنگرەی چوار ، مامۆستای نەمر کەسێکی چەپ و نوسەرو رۆشنبیرو لایەنگری چەوساوەکان بوە ودواتر ڕووی لە سوید کردوەو یەکەم کەسیش بوە کە مانیفێستی حیزبی کۆمەنیستی بەناوی خوازراوی ( م . أ . ڕوەند ) وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی لەلایەن حیزبی شیوعی چاپ و بلاّوکراوەتەوە تا بەداخەوە لە ٢٩ / ٥ / ٢٠١٠ لە ستۆکهۆڵم کۆچی دوایی کردووە.

# شه هید شێخ عه‌بدولسه‌لامی بارزانی



کوڕی شێخ محمد کوڕی عبدوالسلامی یه‌که‌می بارزانیه و برا گه‌وره‌ی مه‌لا مسته‌فایه و ساڵی ١٨٨٧ له‌بارزان له‌دایك بوه وبنچینه‌كانی ئاینی ئیسلامی و فیقهو عیرفانی ته‌سه‌وفی خوێندوه‌و دوای كۆچی باوكیشی له ساڵی ١٩٠٣ بۆته شێخ و ڕابه‌ری ڕێبازی نه‌قشبه‌ندی له ته‌كیه‌ی بارزان و ده‌وروبه‌ری و ناوبراو كه‌سایه‌تیه‌كی ڕۆشنبیرو چاكسازی بوه و په‌یوه‌ندی كۆمه‌لأیه‌تیشی به‌هێز بوه وهه‌ستی نیشتمانی كاری تێ كردوه‌و دژی عوسمانیه‌كان خه‌بات بكاو بۆ ئه‌م مه‌به‌سته‌ش په‌یوه‌ندی به سه‌رۆك هۆزه‌كان وشێخه‌كانی ڕێبازی قادری‌و نه‌قشبه‌ندی و كۆمه‌ڵه‌و ڕێكخراوه كوردیه‌كانه‌وه كردوه . ساڵی ١٩٠٧ به‌هاوكاری شێخ و سه‌رۆك هۆزه‌كان به ته‌له‌گرافێك داواكاری چوارخاڵیان نارد بۆ سوڵتان عه‌بدوالحه‌میدی عوسمانی كه‌به‌كوردی بخوێنرێ‌و باج و سه‌رانه كه‌م بكرێته‌وه‌و به‌ڕێوه‌به‌ره‌كان كوردبن و خزمه‌تگوزاریش زیاتر بكرێت ، به‌لأم سوڵتان ئه‌مه‌ی به‌ده‌رچون له یاسازانی و له‌بری چاره‌كردن په‌لاماری دان و شێخی نه‌مربه‌ره‌و ئێران كشایه‌وه‌و ساڵی ١٩٠٨ جارێكی تر شێخی نه‌مر خۆی كۆكرده‌وه‌و په‌لاماری چیای شیرین یان داو هێزه‌كانی عوسمانیان شكاندو ناچار به گفتوگۆیان كردن به‌لأم ئه‌م ئاشتیه زۆری نه‌خایاندو له ساڵی ١٩١٣ له‌لایه‌ن سلێمان نه‌زیفی ویلایه‌تی موسڵ هێزێكی زۆری نارده سه‌ر شێخ عه‌بدوالسه‌لام ، شێخی نه‌مریش دوای به‌رگری ناچاربوو بكشێته‌وه به‌ره‌و كوردستانی ئێران و بوه میوانی سه‌ید ته‌های

نەهری . عوسمانیەکان بۆگرتنی شێخ بەزیندویی پارەیەکی زۆریان تەرخان کردبوو ئەوە بوو شێخی نەمر لەگوندی کەنگەچین سۆفی عەولای ئەنجومەنی گوندەکە بەپیلانێك میوانداری دەکاو لە نیوەی شەودا خۆی و دوو لە یاوەرەکانی گرتن و تەسمیلی کردنەوە لەموسڵ گیران و تا بەداخەوە لە ڕۆژی ١٤ / ١٢ / ١٩١٤ خۆی و یاوەرەکانی لە سێدارەدران.

# کۆچکردو مەلا مستەفا بارزانی



مستەفا محەمەد عەبدوالسەلام عەبدولاَ شێخ تاجەدین بارزانی سەر بەشێخانی تەریقەتی نەقشبەندیە و لە ١٤ / ٣ / ١٩٠٣ لە گوندی بارزان لە بنەماڵەیەکی شۆڕشگێر و کورد پەروەر لە دایکبوەو خاوەنی چوار برا بوەو بەناوەکانی ( شێخ عەبدوالسەلام ، شێخ ئەحمەد ، شێخ محەمەد سادق ، شێخ بابۆ )بارزانی لە تەمەنی سێ ساڵیدا لەگەڵ برا گەورەکەی و دایکی بۆ ماوەی ٩ مانگ لەموسڵ دەگیرێن .. بارزانی هەر لە منالێیەوە وریاو لێهاتویی پێوە دیار بوەو خویندنی لە فیقهی ئیسلامی بۆ چوار شەریعەو فیقهی خوێندوەو شێخ عەبدوالسەلامی برای کە سەرکردایەتی و ڕابەری شۆڕش و ڕاپەڕینی بارزانی دەکردو هەموو شێوەکانی خەباتی گرتەبەر بۆبە دەسهێنانی مافی گەلی کورد لە ساڵی ١٩٠٧ – ١٩٠٨ یاداشتێکی چەند خاڵی دایە دەست بابیعالی سوڵتان  لە ئەستەنبوڵ کە تایبەت بوو بەمافەکانی گەلی کورد، بەلاَم داواکەی قبوڵ ناکرێ وشەڕ دەست پێ دەکات و بەناچاری ڕوو لەئێران دەکاو بەپیلانێك دەسگیر دەکرێ  و لە  ١٤ / ١٢ /١٩١٤  لەموسڵ لە سێدارەدەدرێ و شێخ ئەحمەدی برای بەرپرسیاریتی بنەماڵەکەی و ناوچەی بارزانی دەکەوێتە ئەستۆ و سەرکردەی شۆڕشی یەکەمی بارزان بوو لەساڵانی ١٩٣١ – ١٩٣٢ دەوریکی بالاَی بینی لەم شۆڕش وڕاپەڕینەدا وچەندین داستان ونەبەردی تۆمارکردوەوساڵی ١٩٣٦ لەلایەن  موتەسریفی موسڵەوە بارزانی ژەهر خواردو دەکرێ  .. لە ساڵانی ١٩١٧ – ١٩١٩ بۆ پەیوەندی دروست کردن

وه فدێك دەنێرێتە لای شێخ سەعیدی پیران و شێخ عەبدوالقادری نەهری و لەساڵی ١٩٢٠ – ١٩٢١ هێزێکی٢٠٠ کەسی لە بارزانەوە بۆ هاوکاری ئەرمەنەکان دەنێرێت و دەتوانن سەرکردەی ئەرمەنەکان بەناوی ( ئەندرێك پاشا ) بەسەلامەتی ڕزگاربکەن و بیگەیێنە سوریاو جەنگاوەرە بارزانیەکانیش ١٤ کەسیان لێ شەهید دەبێ . وەلە ساڵی ١٩١٩ شێخ ئەحمەد هێزێکی ٣٠٠ کەسی بۆ هاوکاری شێخ محمودی نەمر نارد ،وە شۆڕشی دووەمی بارزان بەسەرۆکایەتی مەلامستەفا لەساڵی ١٩٤٣ – ١٩٤٥ دەست پێ دەکات کە لە سلێمانی بە هاوکاری حیزبی هیوا خۆیان دەرباز دەکەن ودەگەنە شاری شنۆو لەوێشەوەدەگەڕێنەوە ناوچەی بارزان ودرێژە بەشۆڕش وڕاپەڕین دەدەن و چەندین چالاکی و داستان تۆمار دەکەن مێژووش شاهیدیان بۆ ئەدا و لە ١١ /١٠ /١٩٤٥ بارزانی ڕوو لە کوردوستانی ئێران دەکاو بەشداری لە مەراسیمی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهابادا ئەکاو هەر لەوێش پلەی ژەنەڕاڵی پێ دەدرێ و بەهۆی سەرکەوتنەکانی لەمەیدانی جەنگ و بەرگری .. وەلەڕۆژی ١٦ /٨ /١٩٤٦ پارتی دیموکراتی کوردوستانی ئێراقی دامەزراندو دوای خۆبەدەستەوەدانی کۆماری مەهاباد بارزانی بەرگرییەکی بێ وێنەی کردوخۆی و ٥٠٢ کەس لەجەنگاوەرەکانیان دوای شەڕو ناڕەحەتیەکی زۆر توانیان لە ١٨ /٦ /١٩٤٧ لەئاوی ئاراس بپەڕنەوەو بگەنە سۆڤیەت ولە ٢٩ /٩ /١٩٤٧ بارزانی لە شاری نەخچەوان گوازرایەوە بۆ شاری باکۆ و دواتر خۆی و هەڤاڵەکانی بۆ شاری تاشقەند دەگوازرێنەوە ولەوێشەوە بارزانی لە هەڤاڵەکانی دائەبڕن و گوزەرانیان لەسەردەمی ستالیندا ڕوولە خراپی دەبێت بەڵام دوای هاتنی خرۆشۆف لە ساڵی ١٩٥٣ وەزعیان ڕوو لەباشی دەکات و هەموویان یەکتری دەگرنەوەو بارزانی دەستی

بەخوێندن کردو توانی ئابوری و جوگرافیا و زانست و ئەکادیمیای زمانەوانی ڕوسی سەرکەوتوانە تەواو بکات و لە هەموو کۆنگرەکانی پارتیدا بەغیابی بەسەرۆك هەڵبژێردراوەتەوە و لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨ بارزانی لەڕێگای قاهیرەوە دوای ئەوەی چاوی کەوت بە جمال عەبدوالناسر لە ٦ /١٠ / ١٩٥٨ لە فڕۆکەخانەی موسەنا گەیشتەوە عێراق و هاوەڵەکانیشی بەهۆی پاپۆڕەوە لەبەندەری بەسرا دابەزین و دوای ئەوەی نائومێد بوو کە حوکمەتی عێراق هیچ ناکا بۆ کورد لە ١١ ی ئەیلولی ١٩٦١ شۆڕشی بەرپاکردەوەو درێژەی بەخەبات و تێکۆشاندا و حوکمەتی عێراقی ناچاربوولە ١١ /٣ / ١٩٧٠ دان بەڕێکەوتنامەی ئازار دابنێ بەشێوەیەکی ڕەسمی بۆ یەکەمین جار.. وەلە ٢٩ /٩ / ١٩٧١ پیلانی تیرۆرکردنی بارزانی دانرا بەڵام سەرکەوتوونەبوولەئازاری ١٩٧٤ شەڕو بەرگری دەستی پێ کردەوەو لە ٦ / ٣ / ١٩٧٥ بە پیلانێکی نێو دەوڵەتی هەرەس و نسکۆیان بەشۆڕشی ئەیلول هێنا ، بەڵام لە ٢٦ / ٥ / ١٩٧٦ جارێکیتر شۆڕشی گوڵان سەری هەڵدایەوەو درێژەی بەکارو چالاکیەکانیدا بەڵام بەداخەوە بارزانی لە ١ / ٣ / ١٩٧٩ دوای مێژویەك لەخەبات وقوربانی بەهۆی نەخۆشیەوە لە نەخۆشخانەی ( جۆرج تاون ) ی ئەمریکا کۆچی دوایی دەکات و لە سەر وەسیەتی خۆی لە شاری شنۆ بەخاك دەسپێردرێت و دواتر لە ٦ / ١٠ / ١٩٩٣ تەرمی بارزانی و ئیدریسی سەرکردەو کوڕی دەهێننەوە بۆ کوردوستان و لە ناوچەی بارزان دووبارە بەخاکیان دەسپێرن.

# کۆچکردو ئیدریس بارزانی



ئیدریس مەلا مستەفا بارزانی لە ١٤ / ٣ / ١٩٤٤ لەگوندی بارزان لە دایك بوەو هەر لەمنالّیەوە دوور بوە لە سۆزی بارزانی باوکی تاوەکو سالّی ١٩٥٨. لە تەمەنی چوار سالّیدا بنەمالّەکەیان دەگوازرێنەوەو ئاوارەی بەغداو موسلّ و بەسرا دەبن و لەوی بۆماوەیەك دەچێتە بەر خوێندن و دوای گەڕانەوەی باوکی دریژە بەخوێندن دەدات و لەژێر چاوەدێری باوکیدا کەسایەتیەکی سیاسی گەورەی لێ دەردەچێ و سالّی ١٩٦١ ڕژێم دەیەوێ لە مێرگەسوور بیبینێ بەلاّم نیازی دوژمن خراپ بوەو بە ئازایەتی و زیرەکی خۆی لەم پیلانەدا دەرئەچێ و سالّی ١٩٦٤ ئەرکی پێشمەرگایەتی دەگرێتە ئەستۆو سەرکەوتوانە ئەنجامیان ئەداو سالّی ١٩٦٦ سەرپەرشتی داستانی چیای هەندرێن دەکاو شوێن پەنجەی دیار دەبێ و دواتر لە سالّی ١٩٦٧ دەبێتە بەرپرسی بارەگای بارزانی و لە ١١ ی ئازاری ١٩٧٠ ڕۆلّێکی دیار دەبینێ لە دانوستان و گفتوگۆدا و هەر بەم هۆیەشەوە دوژمن لە شەوی ٦ / ٧ ی ١٢ / ١٩٧٠ هەولّی تیرۆر کردنی دەدات بەلاّم سەرکەوتو نابێ .. لەکۆنگرەی ٨ ی پارتیدا دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی و ئەندامی مەکتەبی سیاسی و دواتر بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری و ئەمجار لێپرسراوی پەیوەندییە گشتیەکانی پارتی و دوای نسکۆش شۆڕشی گولاّن لە ٢٦/ ٥ / ١٩٧٦ هەلّدەگیرسێن و درێژە بەخەبات دەدەن و زۆرجار لە سەردەمی شادا لەلایەن ساواکەوە لێکۆلّینەوەی لەگەلّ کراوە بە هۆی کارو چالاکی کوردایەتیەوە. لە١٩/٦ / ١٩٧٦ سەرپەرشتی

ئاوارەکانی ئێران دەکات و ساڵی ١٩٧٩ چاوی بە ئیمام خومەینی دەکەوێ و لە ٢٨ / ١١ / ١٩٨٠ ڕۆڵی دیاری هەبوە لە دروست بونی بەرەی جود وساڵی ١٩٨٥ بەشداری کۆبونەوەی سەرکردە شۆڕشگێرەکانی عەرەب دەکات لە لیبیا و ساڵی ١٩٨٦ لەگەڵ مام جەلال کۆدەبێتەوە بۆئاشتی و برایەتی لە بەرەیەکدا و سەرەتای ئاشتی دەچەسپێنێ بەلاّم بەداخەوە لە دوای ٤٣ ساڵ خەبات و ئاوارەی لە ٣١ / ١ / ١٩٨٧ لە گوندی سلێڤانا کوردستانی ئێران ماڵئاوایی دەکات و ساڵی ١٩٩٣ تەرمی خۆی و باوکی دەهێنرێنەوە کوردوستان و لەڕیوڕەسمێکی شایستەدا تەرمەکانیان لە گوندی بارزان بە خاك دەسپێردرێن .

## کۆچکردو جەوهەر نامیق



ساڵی ١٩٤٦ لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەر لە ناوچەی بەرلووتی سەر بەکەلار لەدایك بوەو باوکیشی یەکێك بوە لە دامەزرێنەرانی حیزبی هیواو جەوهەر نامیق خوێندنی لەزانکۆی موستەنسرِیە لە بەغدا کۆلیژی ئابوری بەشی زانستە ئابوریەکان بڕوانامەی بەکالۆریسی بەدەستهێناوەو ، هەر لەسەرەتای لاویەتیەوە پەیوەندی بەرِیزەکانی پارتیەوە دەکاو چالاکانە ئەرکەکانی جێ بەجێ دەکات و دوای نسکۆش وەکو ئەندامی سەرکردایەتی کاتی قیادەی موەقەتە ناوی دەرکردبوو کە لە هەمان کاتیشدا بەرپرسی هەرێمی ١ ی پارتی بوە و ساڵی ١٩٧٩ بۆتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و لەکۆنگرەی ١٠ ی ساڵی ١٩٨٩

بۆتەوە ئەندامی مەکتەبی سیاسی ، ساڵی ١٩٩١ بۆتە بەرپرسی سنووری کرکوك لە بەرەی کوردوستانیدا و ساڵی ١٩٩٢ وەکو یەکەمین سەرۆکی پەرلەمان هەڵبژێردراوە و ساڵی ١٩٩٣ — ٢٠٠٠ بەرپرسی مەکتەبی دراسات و تویژینەوە بوە و ساڵی ٢٠٠٠ وەکو سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردوستان بوەو لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ وەکو کەسایەتیەکی سەربەخۆو ڕۆشنبیرو خاوەن هەڵوێست ونوسین بوە لەگۆڤارو ڕۆژنامەکاندا دوای دوورکەوتۆتەوە لەکاری حیزبایەتی بەداخەوە بەهۆی نەخۆشیەوە لە تەمەنی ٦٥ ساڵیدا لە نەخۆشخانەی هۆدینگا لەوڵاتی سوید لە شەوی ٢١ /٢٢ ئازاری ٢٠١١ کۆچی دوایی کردو دوای خۆیشی دوو کوڕو کچێکی بە جێ هێشتووە.

## کۆچکردو هەمزە عەبدوڵا



ساڵی ١٩١٤ لە ناحیەی باشقەڵا لە شاری وان لە بنەماڵەیەکی دڵسۆز بۆ کوردایەتی چاوی بەژیا هەڵهێناوەو باوکی ئەفسەری عوسمانیەکان بوەو لە شەڕدا لەگەڵ ڕووسەکان شەهید بوەو برایەکیشی هەر ئەفسەر بوەو دواتر لە زاخۆ نیشتەجێ دەبن و ساڵی ١٩٣٧ کۆلیژی حقوق لەزانکۆی بەغدا تەواو دەکات و هەرئەو کاتیش پەیوەندی بەحیزی شیوعی عێراقەوە دەکات و لە سەرەتای چلەکانیش بەنهێنی لە گوندەکانی گۆپتەپەو عەسکەر درێژە

بەکارو چالاکیەکانی ئەدا بەشێوەیەکی نهینی و ساڵی ١٩٤٣ پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ هەردوو حیزبی شۆڕش ورزگاری پەیدا ئەکات و له سەر داوای ئەوان له ساڵی ١٩٤٦ چۆته مەهابادو بەنیازی دامەزراندنی پارتێکی پێشڕەو دەچێته لای سۆڤیەتیەکان پڕۆژەی خۆیان ئەداتێ و ئەمانیش پە سەندی دەکەن و بارزانیش ڕایان دەسپێرێت که پارتی دموکراتی کوردستان دروست بکەن، ئەوەبوو له یەکەمین کۆنگرەی دامەزراندنی پارتیدا ناوبراوهەمزە عەبدولاّ پڕۆژەکەی پیشکەش بەکۆنگره دەکات و له وکاتەوە تا وەکو ساڵی ١٩٤٩ سکرتێری پارتی بوەو له هەمانکاتیشدا نوسەرێکی لێهاتوو بوەو له زمانی عەرەبیشدا زۆر شارەزا بوە تاوەکو ساڵی ١٩٥٨ بەردەوام بوەو بەهۆی نەخۆشیەوە نەیتوانیوە درێژە بەکاری سیاسی بدات تا بەداخەوە له ١٣ / ١٢ / ١٩٩٨ کۆچی دوایی کردوەو له سەر وەسیەتی خۆی له گوندی سیتەك بەخاك سپێردراوە.

# شەهید شەوكەت شێخ یەزدین



ساڵی ١٩٥٤ لە ( تاشقەند ) ی پایتەختی ئۆزبەكستان لەدایك بوەو باوكیشی یەكێك بوە لەو پێشمەرگەو فەرماندانەی كە لەگەڵ بارزانیدا بەرەو سۆڤیەت چوەو دوای گەڕانەوەشیان لە هەولێر نیشتەجێ بون و دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول بەهۆی ئەوەی باوكی پێشمەرگە بوەو لە تەمەنێكی منداڵیدا خراونە زیندانەوەو دوای بەربونیشی دەچێتە بەرخوێندن و ساڵی ١٩٦٩ ڕوو لە ناوچەی پشدەر دەكەن و باوكی یەكێك دەبێ لەبەرپرسەكان لەم سنورەدا و شەهید شەوكەتیش ساڵی ١٩٧٠ دەبێتە پیشمەرگەو بەهۆی زیرەكی و ئازایەتیەوە دەكرێتە سەرلق لە هێزی كاوە و دواتر پلەكەی بەرزدەكرێتەوە و لە شەڕو نەبەردییەكان شوێن پەنجەی دیاردەبێ وەكو فەرماندەیەكی لێهاتوو چەلەنگ .. لەدوای نسكۆش ئاوارەی ئێران دەبن و لەوێ دەست بەخوێندنی فارسی دەكاو شارەزایەكی باش پەیدا دەكات وساڵی ١٩٨٠ لەڕاژان لە بارەگای مەكتەبی سیاسی لای كاك ئیدریس دەست بەكار دەبێت و ساڵی ١٩٨٤ دەبێتە بەرپرسی عیلاقاتی پارتی و ئێران و لە شەڕی خواكوڕكدا وەكو ئیدارەیەكی سەركەوتو ئیدارەی شەڕەكەی داوە و لەڕاپەڕینیشدا دەوری دیاری هەبوەو لەكۆنگرەی ١١و ١٢ ی پارتیدا دەبێتە ئەندامی سەركردایەتی و بەرپرسیاری دووەمی مەكتەبی ناوەندی و دارایی ، كەمەكتەبی سیاسی یەك لە بادینان دامەزرێنرا بوە بەرپرسی دوەم و ساڵی ١٩٩٦ دەبێتە وەزیری دارایی و سەركەوتوانە كارەكانی

ئەنجام دەدات و بەم هۆیەوە لەلایەن سەرۆکی حوکمەتەوە نامەی ڕێزلێنانی پێدراوەو ساڵی ١٩٩٩ دەبێتە بەرپرسی لقی ١ ی بادینان و لە مانگی١٢ / ١٩٩٩ کاروباری ئەنجومەنی وەزیرانی پێ دەدرێت و لەهەمان کاتیشدا کادریکی و شیارو ڕۆشنبیر دەبێ و خاوەنی چەندین دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس و هەفتەنامەی گوڵان و ڕامان و ... هتد بوەو خاوەنی نوسین و هەشت کتێبی وەرگێڕاو دانان بوە بەڵام بەداخەوە لە ١ ی شوباتی ٢٠٠٤ یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان لەگەڵ پۆلێك لەهەڤاڵەکانی و چەند سەرکردەیەك لە بارەگای لقی دووی هەولێر بەهۆی تەقینەوەیەکی خۆکوژی شەهید دەبێ .

## شه هید سامی عەبدالڕەحمان



محەمەد مەحمود عبدالڕحمان ناسراو بە سامی عەبدالڕحمان لە ٣/٢١ / ١٩٣٢ لە شەنگال لەدایك بوەو لەگەڵ فەوزیە خانی ئامۆزای ژیانی هاوسەری پێکهێناوەو خاوەنی چوار منالە و ساڵی ١٩٥٧ بڕوانامەی بە کالۆریۆسی لە بواری ئەندازیاری کارەبا لە زانکۆی ڤیکتۆریای شاری مانچستەری بەریتانیا بەدەست هێناوە و هەر لەزانکۆ دەبێتە جێگری سەرۆکی یەکێتی قوتابیان و ڕۆڵیکی دیارو بەرچاوی هەبوە و لە بەریتانیاش کۆمەڵەی خوێندکارانی ئەوروپا دادەمەزرێنێ و دەبێتە سەرۆکی ئەم کۆمەڵەیە ... لە ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨ گەڕایەوە عیڕاق و بوە ئەفسەرو دواتر وەکو ئەندازیاری نەوت دەست بەکاربوەو لەهەمان کاتیشدا کادیرێکی دیارو چالاکی حیزبی شیوعی بوە تاوەکو هەلگیرسانی شۆڕشی

ئەیلول واز لە شیوعی دێنێت و لە ٨ / ٢ / ١٩٦٣ بوە ئەندامی ( پ د ك ) لەئیزگەی کوردستان دەست بەکاربو وەکو کادیریکی سیاسی و عەسکەری و شیارو بە ئاگا لە مەیدانەکە دەرکەوت و لەکۆنگرەی حەوتەمی پارتی ساڵی ١٩٦٦ بوە ئەندامی سەرکردایەتی و دواتر ئەندامی مەکتەبی سیاسی و ئەندامی وەفدی وتووێژ بوە لەگەڵ حوکمەتی بەغدا و لەڕێکەوتنی ١١ ی ئازاری ١٩٧٠ بوە وەزیری کاروباری باکور تا ساڵی ١٩٧٤ دوای بەرپرسیارێتی کاروباری پەروەردەو پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی پێسپێردراو ناوبراو یەکێك بوە لەدامەزرێنەرانی ئەنجومەنی کاتی لە دوای نسکۆ . دواتر چۆتە بەریتانیاو سەرپەرشتی ڕاگەیاندن وپەیوەندییەکانی پارتی کردوە و لە ساڵی ١٩٧٦ لەکۆنفرانسی بەرلین وەکو سکرتێری سەرکردایەتی کاتی هەڵبژێردرا و لەکۆنگرەی نۆی پارتی ساڵی ١٩٧٩ واز لە پارتی دەهێنێ و لە ساڵی ١٩٨١ پارتی گەلی کوردستان دادەمەزرێنێ و دەبێتە سەرۆکی ئەم پارتەو ساڵی ١٩٩٢ لەگەل هەردوو پارتی سۆسیالیست و پاسۆك یەکیان گرت و ناوەکەیان گۆڕی بۆ پارتی یەکگرتن و لەکۆنگرەی ١١ ی ساڵی ١٩٩٣ لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان یەکدەگرنەوەو ناوبراو دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی و دواتر مەکتەبی سیاسی و لە ساڵی ١٩٩٦ دەبێتە سکرتێری ( پ د ك ) لەدوای کۆنگرەی ١٢ ی پارتی دەبێت بە جێگری سەرۆکی حوکمەتی هەرێمی کوردستان و ناوبراو چەندین وتارو لێکۆڵینەوەو نوسین و کتێبی هەیەو دبلۆماتکارێکی سیاسی و سەرکەوتوو بوە . بەلاَم بەداخەوە لەکردەوە تیرۆریستیەکەی ١ ی شوباتدا لە ١ / ٢ / ٢٠٠٤ خۆی و کوڕە گەورەکەی سەلاح لە هەولێر شەهید دەبن.

# کۆچکردو حەبیب محەمەد کەریم



له ١٦ / ١ / ١٩٣١ له ناحیەی زرباتیەی قەزای بەدرە هاتۆته دنیاوەو ساڵی ١٩٥٢ دەبێته ئەندامی ( پ د ك ) و ساڵی ١٩٥٣ بۆته ئەندامی لیژنەی ناوچەی بەغدا و ساڵی ١٩٥٦ بۆته ئەندامی لقی بەغدا و ساڵی ١٩٥٩ بڕوانامەی له کۆلیژی یاسا وەرگرتوەو لەکۆنگرەی ٥ ی پارتی بۆته ئەندامی لیژنەی موتابعەو تەفتیش . له کۆنگرەی ٦ ی پارتیدا بۆته سکرتێری پارتی تا کۆتایی کۆنگرەی هەشت ... دوای نسکۆی ١٩٧٥ ئاوارەی ئێران بوەو دوای دەچێته میسرو دواجاریش لەبەریتانیا مافی پەنابەرێتی وەردەگرێ . حوکمەتی عێراقیش داوای لێ دەکات بگەڕیتەوە و له بەغدا نیشتەجێ بێت ، ئەمیش قبوڵی دەکات .. ساڵی ١٩٨٥ و ١٩٩٠ لەلایەن بەعسەوە چەندین جار گیراوە و دوای ڕاپەڕینیش بۆته بەرپرسی مەکتەبی ڕاگەیاندن و دواتر بەرپرسی مراقبەو تەفتیشی پارتی دیموکراتی کوردستان ،له شەڕی ناوخۆ بەهۆی ساچمەی گوله تۆپێك له مەسیف بریندار دەبێ و ڕەوانەی دەرەوە دەکریت و دواتر دەگەڕیتەوە کوردوستان ، ناوبراو دوو جار ژیانی هاوسەری پێکهێناوەو خاوەنی دوو کوڕو کچێکه بەناوەکانی ئاراس و ئەحمەد و نادیه . بەڵام بەداخەوە نەیتوانی بەهۆی نەخۆشیەوە تاوەکو له ٢٠١٣ کۆچی دوایی کرد.

# کۆچکردو کاکه زیاد حەمه ئاغای کۆیه



ساڵی ١٩١٤ له کۆیه لەدایك بوەو وەکو ئاغایەکی کوردپەروەر له سەنگەری کوردایەتی دابوه و ساڵی ١٩٣٣ لەگەڵ چەند تێکۆشەرێکدا کۆمەڵەی ( موتەنەویرین ) ی دامەزراندو دواتر دەوری گرینگی هەبوه له حیزبی هیواو حیزبی ڕزگاری دا ، پەیوەندیشی لەگەڵ قازی محمد دا خۆش بوەو هاوکاری مادی کۆماری مەهابادی کردوه و له یەکەمین کۆنگرەی پارتیدا وەکو جێگری یەکەمی پارتی هەڵبژێردراوەو لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول پەیوەندی به شۆڕشەوه دەکات تاوەکو نسکۆ و دوایش لەبەغدا نیشتەجێ دەبێ و دواتر بەهۆی نەخۆشیەوه سەردانی لەندەن دەکات و له کۆڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١ ئەمیش ئاوارەی ئێران دەبێ له نەغەدە دائەنیشێ وه هەر ئەو ساڵە لەوێ کۆچی دوایی دەکات.

# کۆچکردو ڕەشید باجەلان



ڕەشید کوڕی ئیسماعیل ئاغای کوڕی عەزیز ئاغای کوڕی عومەر ئاغای کوڕی جەلیل ئاغای کوڕی حەسەن ئاغای باجەلانە ، ساڵی ١٩٢٠ لە دێی تازە شاری ناوچەی بنکورە لە خانەقین لەدایك بوەو ساڵی ١٩٤٤ کۆلیجی حقوقی لەزانکۆی بەغدا تەواو کردوەو ، لە ساڵەکانی سیەکاندا لەگەڵ چەند کەسێکدا حیزبێکیان پێك هێناوە بەناوی برایەتی .. دواتر چۆتە ناو حیزبی هیواو دواتریش ساڵی ١٩٤٥ بەشداری حیزبی ڕزگاری کوردی کردوە ، ناوبراو لە یەکەمین کۆنگرەی پارتیدا لە ١٦ ی ١٩٤٦ وەکو ئەندامی سەرکردایەتی ( پ د ك ) هەڵدەبژێردرێ و دواتر دەکشێتەوە لەحیزبایەتی و بەکاری پارێزەریەوە خەریك دەبێ . وەدواتر لە پەنجاکان دەگیرێ و دوای ئازاد دەکرێ و پلەی جۆراوجۆری وەزیفی دەبڕێت و دواین کاریشی ئەندامی لێژنەی مێژوو کەلەپورلە دەستەی کوردی کۆڕی زانیاری عێراق بوە لە ١٦ / ٢ / ٢٠٠١ کۆچی دوایی کردوەو لە کەرخی شاری بەغدا نێژراوە.

# کۆچکردو فه لەکەدین کاکەیی



ساڵی ١٩٤٣ له کرکوك لەدایك بوەو تاوەکو شەشەمی ئامادەیی خوێندوەو یەکێ بوە له ئەندامانی بنەماڵەی سەیدو شێخەکانی کاکەیی ، سەرەتا وەکو کەسێکی چەپی کورد دەستی بەنوسین و خەبات کردوە لەگەڵ چالاکوانانی عەرەبدا ، دواتر ساڵی ١٩٥٧ بۆتە ئەندامی یەکێتی قوتابیانی کوردستان له( پ د ك ) ساڵی ١٩٥٩ بۆتە ئەندامی یەکێتی لاوانی کوردستان ، ساڵی ١٩٧٤ بۆتە پێشمەرگەی پارتی و ئاوارەی ئێران بوە وله ڕۆژی ٤ / ١١ / ١٩٧٩ له کۆنگرەی نۆیەمی پارتی که له مەرگەوەڕ بەسترا بۆتە ئەندامی سەرکردایەتی ( پ د ك ) و دوای مەکتەبی سیاسی ، ڕۆڵێکی دیاری هەبوە له سەرکردایەتی کاتی پارتیداو. ماوەیەك بەنهێنی سەرنوسەری خەبات بوەو لەهەمان کاتیشدا بەناوی خوازراوی ( حەلاج ) بۆ ڕۆژنامەی التاخی نوسیوەو کەدواتر بۆتە سەرنوسەری ئەم ڕۆژنامەش ، ماوەیەکیش سەرپەرشتی ڕادیۆی دەنگی کوردستان و گۆڤاری بانگ و ڕۆژنامەی خەبات و ڕۆژنامەی بەرەی کوردستانی و سەرنوسەری گۆڤاری هەرێمی کوردستان وخاوەن ئیمتیازی تورك ناسی و الجدیده و هەروەها یەکەم ئەندام پەرلەمانی کوردستان بوەو دووجار وەزیری ڕۆشنبیری بوە لەحوکمەتی هەرێمی کوردستاندا ...هتد ناوبراو خاوەنی زیاترله ٢٧ کتێب و دەستنوسی هەیەو نوسینی جۆراو جۆربوەوکەسایەتیەکی ڕۆشنبیرو سیاسی وڕۆژنامەنوس و نوسەرێکی کەم وێنەو لێهاتوو خاوەن ڕەخنەو هەڵوێست بوە له گشت بوارەکاندا .. بەڵام بەداخەوە له ٣١ ی تەموزی ٢٠١٣ بەهۆی نەخۆشیەوە کتوپڕ کۆچی دوایی دەکات.

# شه هید فەرەنسۆ هەریری



ساڵی ١٩٣٧ لەهەریرلە خێزانێکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر لە دایك بوەو ساڵی ١٩٦٠ پەیوەندی بەڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردوە ، ساڵی ١٩٧٩ بۆتە ئەندامی سەرکردایەتی و کەسایەتیەکی ڕۆشنبیرو خاوەن نوسین و قەڵەم و نامیلکەو بلاّوکراوە بوە . ساڵی ١٩٩٤ و ١٩٩٧ هەوڵی تیرۆر کردنی دراوە بەلاّم سەرکەوتو نەبوە ، تا بەداخەوە لەساڵی ٢٠٠١ لەلایەن ئەنسار ئیسلام لە هەولێر تیرۆر کراوە.

# كۆچكردو شێخ لە تیفی حەفید



ساڵی ١٩١٧ لە سلێمانی لەبنەماڵەیەكی شۆڕشگێڕو كوردپەروەر لە دایك بوەو كوڕی شێخ محمودی نەمرو سەركردەو مەلیكی كوردستانەو بنەماڵەكەشیان ئاوارەیی و زیندان و ناخۆشیان زۆر بینیوە لە سەر كوردایەتی و ناوبراو تەمەنی تەنها چواردە ساڵان بوە كە بەشداری شەڕی ئاو باریكی كردوە . ساڵی ١٩٣٧ شێخ لەتیف ( كۆمەڵەی برایەتی ) دامەزراند و دوای دروست بونی حیزبی هیوا لەگەڵ ئەواندا یەكی گرتەوەو درێژەیان بەخەبات دا ، لە ساڵی ١٩٤٢ حوكمەتی بەریتانیا هێرشی كردە سەر لەگوندی سیتەك بەڵام ناوبراو توانی خۆی ڕزگاربكات و بەرەو ئێران بڕوات و دوای ساڵێك گەڕایەوە گوندەكەی خۆی . وەلەگەڵ دامەزراندنی كۆماری كوردستان ئامادەیی خۆی لەڕووی مادی و مەعنەوی نیشان داو وەلە یەكەم كۆنگرەی پارتی دیموكراتی كوردستاندا لە ١٦ / ٨ / ١٩٤٦ بوە ئەندامی سەركردایەتی و جێگری یەكەمی بارزانی ، ناوبراو لە پەنجاكاندا دەورێكی كاریگەری هەبوو هەر بەم هۆیەشەوە ساڵی ١٩٥٦ تا ١٩٥٨ لە زیندانی ئەو كاتەی دەسەڵاتدارانی عێراقدا ئەبێ تا بەر لێبوردنی گشتی دەكەوێ و دەگەڕێتەوە سلێمانی و دوای ساڵێك لەگەڵ وەفدێك چۆتە مۆسكۆ . لە ساڵی ١٩٦٢ لەگوندی سیتەك نیشتەجێ بوەو لەهەمان كاتیشدا پشتیوانی شۆڕشی ئەیلول بوە ناوبراو شاعیرو نوسەرێكی باشبوەو خاوەنی كتێبی چاپكراویش بوەبە ناوەكانی ( گوڵەوەریوەكان ، گیاكەڵەی كۆمەڵایەتی ، بیرەوەریەكانی شۆڕشی شێخ محمودو راپەڕین ... هتد بوەو تا لە ١٢ / ٥ / ١٩٧٢ كۆچی دوایی كردووە .

# كۆچكردو فارس باوه




ساڵی ١٩٣٦ له گوندی مەلا قەرە له بنەماڵەیەكی كوردپەروەرو هەژارو جوتیار  له دایك بوەو ساڵی ١٩٥٨ پەیوەندی بە ڕێكخستنەكانی پارتی دیموكراتی كوردستانەوە كردوەو چالاكانە ئەرك و فەرمانەكانی جێ بەجێ كردوەو ساڵی ١٩٦٣ بە بنەماڵەوە دەبنە پێشمەرگەو بە هۆی ئازایەتی و چالاكیەوە ناوبراو پلەكانی پێشمەرگایەتی زۆر سەركەوتوانە دەبڕێ و ساڵی ١٩٦٥ دەبێتە فەرماندەی بەتالیۆنی دووی دەشتی هەولێر ، ساڵی ١٩٦٨ دەبێتە فەرماندەی هێزی دەشتی هەولێر و لەكۆنگرەی هەشتدا دەبێتە ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی  (پ د ك ) فارس باوه له بنەماڵەكەیاندا خاوەنی شەش شەهیدی سەنگەرەوكە چواریان برانی له گەڵ مام و خوشكێكی دا تا بەداخەوە له ٢١ / ٣ / ١٩٩٥ له پیرمام كۆچی دوایی كردوە .

*سەرچاوە : بنەماڵەی شەهید*

# کۆچکردو ئازاد قەرەداخی



ئازاد عبدوالقادر سعید ئاغا ساڵی ١٩٤٧ لەبناری چیای گوندی جەعفەران لە خێزانێکی هەژارو کوردپەروەر لەدایك بوە . ئامادەیی کشتوکاڵی بەکرەجۆ تەواودەکات و هەر لەوێشەوە پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان – پ د ك دەکات بەهۆی کارو چالاکیەکانیەوە لەلایەن بەعسەوە دەگیرێ ودوای خۆڕاگری وهیچ نەدرکاندنی ئازاد ئەکرێت و یەکسەر لەسنوری ناوچەی قەرەداغ دەبێتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول تا ڕاگەیاندنی بەیانی ١١ ی ئازارچەندین پلەی جۆراوجۆر دەبڕێ و دوای نسکۆش ئاوارەی ئێران دەبێ لە کەرەج نیشتەجێ دەبێت . یەکیك دەبێ لە درێژە پێدەرانی شۆڕشی گولاَن لەڕوی سیاسی و عەسکەری شوێن پەنجەی دیاربوە و لەکۆنگرەی ٩ ی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بۆتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی دوای ڕاپەڕینیش ماوەیەك بەرپرسی لقی ١١ و ٢ و٣ بوە و ئەندامی پەرلەمانی کوردستانیش بوە لە١٩٩٢ تا بەداخەوە لە ساڵی ٢٠٠٠ بەهۆی نەخۆشیەوە لە ستکهۆڵم – سوید کۆچی دوایی دەکات.

# شەهید سدیق ئەفەندی



سدیق محمد ئەمین ساڵی ١٩١٢ لەخیزانێکی کورد پەروەر لەدایك بوەو ساڵی ١٩٣٠ چۆتە ڕیزی لەشکری عێراق و پلەی جێگری ئەفسەری پێدراوەو خەبات و تێکۆشانی بۆ سەردەمی کۆمەڵەی هیوا دەگەڕێتەوە و لەگەڵ دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستاندا لە ١٩٤٦ پەیوەندی پێوە کردوەو ساڵی ١٩٥٩ بۆتەبەرپرسی لێژنەی ناوچەی ڕانیە ودواتر یەکێك بوە لەسەرەتای شۆڕشی ئەیلولەوە بەشداری کردوەو کۆمەڵێك پلەی جۆراوجۆری بڕیوەو لەکۆنگرەی هەشتی پارتیدا بۆتە ئەندامی سەرکردایەتی وبەرپرسی لقی ٣ ی کەرکوك تا بەداخەوە لە ١٣ / ٨ / ١٩٨١ بەدەستی ڕەشی تیرۆر لە سلێمانی لە تەمەنی ٧٠ساڵیدا شەهید کرا .

*سەرچاوە : بنەماڵەی شەهیدی سەرکردە*

# کۆچکردو دکتۆر علی



دکتۆر علی بابا ئیسماعیل حەق شاوەیس لە ٢٤ / ٤ / ١٩٤٠ لە بنەماڵەیەکی نیشتمان پەروەر لەدایك بوە . خانەی مامۆستایانی لە ساڵی ١٩٥٠ تەواوکردوە لە سلێمانی لەگوندی موان بۆتە مامۆستا و ناوبراو هەرلە سەرەتای لاویەتیەوە پەیوەندی بەڕیزەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان – پ د ك دەکاو چالاکانە ئەرك و فەرمانەکان جێ بەجێ دەگەێنێ . ساڵی ١٩٦١ خوێندنی زمانی لە سۆڤیەت تەواوکردوە و ساڵی ١٩٦٢ ئینیستوتی ئەندازیاری تەلارسازی لەمۆسکۆ خوێندوەو ساڵی لە ١٩٦٨ تەواوی کردوەو گەڕاوەتەوە کوردستان هاوسەرگیریشی هەرلەوێ کردوەو لەگەڵ کچێکی بەڕەگەز ڕووس و خاوەنی دووکوڕو کچێکە و ساڵی ١٩٧٤ – ١٩٧٦ دکتۆرای لە پسپۆڕی نەخشەکێشانی شار بەسەرکەوتوی تەواو کردوەو دواتر لەشارەوانی سلێمانی دەست بەکاربوە و ساڵی ١٩٧٨ – ١٩٨٠ ئاوارەو پەناهندە ئەبێ لە سۆڤیەت و بەلجیکاو ساڵی ١٩٨٢ درێژە بەخەباتی پێشمەرگانە لە ناو پ د ك ئەداو پلەی جۆراوجۆر دەبڕێ و لەکۆنگرەی ١٠ ی پارتیدا دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی تا بەداخەوە لە شەوی ٦- ٧ – ١٢ / ١٩٩٠ لە شاری مەریوانی کوردستانی ئێران کۆچی دوایی کردو دوای ڕاپەڕینیش بۆ دوەم جار لە گردی سەیوان بەخاك سپێردرا.

# شه هيد عومەر شەريف



له بەرواری ٥ / ٣ / ١٩٤١ له ناوچەی سەنگاو لەخێزانێکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر لەدایك بوەو دواتر له سلێمانی – ئابلاّغ نیشتەجێ بون و خوێندنی تاناوەندی لەوێ خوێندوە . دواتر ڕویان لەکرکوك – شۆڕیجە کردووەو ساڵی ١٩٥٨ پەیوەندی بەڕیزەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستانی پ د ك کردوەو چالاکانه ئەرکەکانی ڕێکخستنی ڕاپەڕاندوەو سەرپەرشتی کردوە لەم سنورەداو ساڵی ١٩٥٩ پەیوەندی بەڕیزەکانی ( پ د ك ) کردوەو پلەی جۆراوجۆری بڕیوەو ساڵی ١٩٦٤ بەرپرسی لقی سلێمانی بوەو لەڕووی سیاسی و عەسکەری لێهاتوو بوێر بوەو له قۆڵی ئەمەوە بۆ یەکەمین جار فڕۆکه بەردراوەتەوەو لەکۆنگرەی ٦ی پارتیدا لەسەر داوای بارزانی چوار کەس بونەته ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی ناوبراو یەکێك بوە لەوانەو دواتر بۆته لێپرسراوو سەرپەرشتی کاری لقی ٣ ی کرکوك ولقی ٤ ی سلێمانی ، ناوبراو دەستی هۆنراوەشی هەبووەو دوژمن مەبەستی بوو بیکوژێ بۆ ئەم مەبەستەش پارەی بۆتەرخان کردبوو، تا بەداخەوە بەهۆی چارەکردنی کێشەیەکەوە ڕوو له ناوچەی قەرەداغ ئەکاو لەوێ بەهۆی پیلانێکەوە له ساڵی ١٩٦٦ بێ سەرو شوێن دەکرێ و کە تاوەکو ئێستا گۆڕەکەی دیارنیه و ناوبراو خاوەنی سێ کچه: بەناوەکانی ژیان ، بەیان ، جوان بەلاّم بەداخەوە بەیان له تەمەنی ١٦ ساڵیدا لەبەر دەرگای قوتابخانه تیرۆر دەکرێت .

***<u>سەرچاوە : بنەماڵەی شەهیدی سەرکردە</u>***

# شه هید مامۆستا سەعد



سەعد عبداللە عوسمان ساڵی ١٩٥٠ لەگوندی عەوێنە سەر بەقەزای مەخمور لە خێزانێکی دڵسۆز و نیشتمان پەروەر لەدایك بوە . دەرچووی پەیمانگای مامۆستایانی هەولێر بوەو دواتر کۆلیژی یاسای ئێوارانی لەزانکۆی سەلاحەدینی هەولێر تەواو کردوەو شارەزای لەزمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی و فارسیدا هەبوەو ساڵی ١٩٦٥ لەڕیزی یەکێتی قوتابیانی کوردستان -پ د ك- دەست بەکارو چالاکی دەکات و ساڵی ١٩٧٤ دەبێتە پێشمەرگەو دوای نسکۆش دەگەڕێتەوە ماوەیەك لەلایەن بەعسەوە دەگیرێ ، ساڵی ١٩٧٩ دەبێتە پێشمەرگەو پەیوەندی بەحیزبی سۆسیالیستی کوردستانەوە ئەکا وەکو کادیرێکی وشیارو بەئاگا ومیدیاکار سەرپەرشتی گۆڤاری قەندیل دەکات وکورتە چیرۆکیشی بەناوی تاقەماڵ نوسیوەو لەبواری وەرگێڕانیشدا دەستی باڵای هەبوە لەزمانەکانی بێگانەدا وچەند بەرهەمێکی وەرگێڕاوە کەڕۆمانی ڤیکتۆر هۆگۆیەکێك بوە لەوان. وە لەناوخۆی حیزبیشدا بەناوی ( ب . گۆران ) دەینوسی و دواتر بەناوی خۆیەوە چەند بەرهەم و نامیلکەی بلاّوکردۆتەوە وەکو چەند سەرنجێك دەربارەی دیموکراتی شۆڕشگێڕ . جگە لەمەش چەندین پلەی جۆراوجۆری بڕیوەو تابۆتە ئەندامی سەرکردایەتی سۆسیالیست لەبواری ڕاگەیاندنەوە شوێن پەنجەی دیاربوەو دوای ڕاپەڕینیش لەگەڵ یەگکرتنەوەی یەکگرتن وپارتی .دا چونە ناوڕیزەکانی پ د ك لەوێ بوە ئەندامی سەرکردایەتی

پارتی و لێپرسراوی لقی دوو ئەمجار ئەندامی مەکتەبی سیاسی . ساڵی ٢٠٠٢ دوو کتابی بەچاپ گەیاندوە بەناوەکانی کەسایەتی کوردو چەند تێ بینیەك ، الارهاب الدولی فی .... هەروەها نامیلکەیەکی رەخنەگرانەشی لەسەر پەنجەکان یەکتری دەشکێنن کەهی نەوشیروان مستەفایە نوسیوەو لە دوای شەهیدبونیشی ( ئەمرۆنەك سبەی ) کۆکراوەی و تارەکانی بەچاپ گەێنراوەو تابەداخەوە لە تەقینەوەکەی شاری هەولێردا ساڵی ٢٠٠٤ شەهید دەبێت.

## کۆچکردو نزامەدین گلی




نزامەدین عەبدوالمجید محمد گلی ساڵی ١٩٤٤ لەکرکوك – دوزخورماتو لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەرو بەگزادەی عەشیرەتی گل چاوی بەژیان هەڵهێناوەو ساڵی ١٩٥٨ پەیوەندی بەرێکخستنەکانی پ د ك دەکات وساڵی ١٩٦٤ بۆتە ئەندامی مەکتەبی بەغدای یەکێتی قوتابیان و دواتر بۆتە لێپرسراوی قوتابیان لەبەسرەو ساڵی ١٩٦٨ بڕوانامەی بەکالۆریسی لەیاسا لەزانکۆی بەسرەدا هێناوە وساڵی ١٩٨١ بڕوانامەی پەیمانگای دادوەری لەبەغدا تەواوکردوە وساڵی ١٩٨٦ بڕوانامەی خوێندنی باڵا – ماجستێر لەیاسا فەرعی جنائی وەرگرتوەو بۆتە پارێزەر و ساڵی ١٩٦٩ – ١٩٧٥ مدیر ناحیەی باتوفە بوە . دوای نسکۆش ئاوارەی ئێران بوە و لەگەڵ گەڕانەوەشی نەفی کراوە بۆ خوارووی عێراق ، بەشداری لە

پێکهێنانی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان دا کردوەو ساڵی ١٩٧٩ وەکو لێژنەی ناوخۆی سەرکردایەتی ئەم حیزبە بوە لەناو شارداو دەورێکی دیارو بەرچاوی گێڕاوە لەخەباتی ژێرزەمینیدا و ساڵی ١٩٨٩ لەلایەن بەعسەوە دەگیرێ وحوکمی ئیعدامی بۆ دەردەچێ و بەڵام دواتر بەرلێبوردنی گشتی دەکەوێ ئازاد دەبێت ، دوای ڕاپەڕینیش دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان و بەرپرسی لقی کرکوك ، لەدوای یەکگرتنەوەی یەکگرتن وپارتی دیموکراتی کوردستاندا لە کۆنگرەی ١١ بۆتە ئەندامی سەرکردایەتی پ د ك وبەرپرسی لقی ٤ ودواتر لقی ١٢ و دوای پەیوەندییەکان وئەمجار ئەندامی مەکتەبی سیاسی . ناوبراو چەند نامیلکەو بلاْوکراوەیەکی لەمەڕ یاسا هەبوە تا بەداخەوە لە ٢١ / ١٢ / ٢٠٠٣ کەبەمەبەستی کۆبونەوە بەڕێ کەوتبو بەهۆی ڕووداوی ئۆتۆمبیلەوە لەنێوان کرکوك – سلێمانی کۆچی دوایی دەکات.

# کۆچکردو عەونی یوسف



یاساناس و وەزیری کورد لەساڵی ١٩٠٨ لە شاری هەولێر لە خێزانێکی نیشتمان پەروەر لە دایك بوە و ساڵی ١٩٣٩ کۆلیژی حقوقی تەواو کردوەو ساڵی ١٩٤٠ ئەندامی چالاکی حیزبی هیوا بوە و هەر بەم هۆیەشەوە ساڵی ١٩٤٣ – ١٩٤٦ زیندانی دەبێت و دواتر ئازاد ئەبێ و خەریکی کاری پارێزەری دەبێت . لەگەڵ دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بەشداری یەکەم کۆنگرەی ئەو حیزبە دەکات وەکو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێ ، لەشۆڕشی ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨ دەبێتە سەرۆکی دادگای کرکوك و لە ١٣ / ٧ / ١٩٥٩ بەناوی بزوتنەوەی نیشتمانی کورد کراوە بەوەزیری ئیشغال تاوەکو لە ساڵی ١٩٦٠ دەستی لەکار کێشاوەتەوە . لەساڵی ١٩٦٣ بۆتە دادوەری شۆڕشی ئەیلول و دوای ساڵێك گەڕاوەتەوە شاری هەولێر و بەغداو شارەکانی تر خەریکی پارێزەری دەبێ تاوەکو لە ١٥ / ٧ / ١٩٨٨ لەبەغدا لە نەخۆشخانەی ئبین ئەلبەیتار کۆچی دوایی دەکاو لە هەولێر بەخاك دەسپێردرێ .

# کۆچکردو جەعفەر محمدکریم



ساڵی ١٩١٠ لە ناحیەی زورباتیە لەخێزانێکی کوردپەروەری فەیلی چاوی بەژیان هەڵهێناوە خۆیشی لە بەغدا گەورە بوە . ساڵی ١٩٣٦ کۆلیژی پزیشکی لەبەغدا تەواو دەکات و ساڵی ١٩٣٩ بۆتە ئەندامی حیزبی هیوا و ساڵی ١٩٤٢ لە هەولێر پزیشك بوە و دواتر گیراوەو دوورخراوەتەوە بۆخوارووی عێراق ، ساڵی ١٩٤٥ یەکێك بوە لەسەرکردەکانی حیزبی ڕزگاری و لەگەڵ دامەزراندنی پ د ك لە ١٦ / ٨ / ١٩٤٦ وەکو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێ و سەردانی کۆماری مەهابادیشی کردوەو ساڵی ١٩٤٨ عێراق بەبیانوی ئەوەی ئەمە ئێرانیە ڕەگەزنامەی لێ وەردەگرێتەوە لەتاران نیشتەجێ دەبێ و لەوێش بۆماوەی ٣ ساڵ دەگیرێ بەهۆی ئەوەی بەشداری کۆماری مهابادی کردوە. بەلاّم ساڵی ١٩٥٨ ڕەگەزنامەکەی پێ دەدەنەوە بەلاّم ناوبراو ناگەڕێتەوە هەر لەتاران دەمێنێتەوە و درێژە بەکاری پزیشکی دەدات تا لە ڕۆژی ١ / ٨ / ٢٠٠٠ کۆچی دوایی دەکاو لەبەهەشتی زەهرا بەخاك دەسپێردرێت.

# کۆچکردو میرحاج ئەحمەد تاهیر



ساڵی ١٩١١ لەئاکرێ لەبنەماڵەیەکی دڵسۆزو کوردپەروەر لەدایك بوەو خانەی مامۆستایانی تەواو کردوە. لەساڵی ١٩٣٤ – ١٩٣٥ لەکۆلێژی عەسکەری وەرگیراوەو دوایش بۆتە ئەفسەر .، ناوبراو ئەندامی چالاکی کۆمەڵەی دارکەرو حیزبی هیوابوە . لەساڵی ١٩٤٣بۆتە نەقیب هەر لەوکاتەدا چۆتە ئێران و پەیوەندی بەکۆمەڵەی ژێکافەوە کردوە لەمهاباد و لە ئاگربەستی شۆڕشی بارزان ١٩٤٤ ئەفسەری پەیوەندی نێوان عێراق و بارزانی بوە و ساڵی ١٩٤٥ چۆتە ناو شۆڕشی بارزان ودواتر ئاوارەی ئێران بوەو بەشداری مەراسیمی کۆماری کوردستانی ئێران بوە .

لەسەر ڕاسپاردەی بارزانی دەگەڕێتەوە کوردستان و بەشداری دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات لە ١٩٤٦ دا لە یەکەم کۆنگرەی ئەم پارتەدا دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی و یەکێکیش بوە لەیاوەرانی بارزانی بۆ سۆڤیەت و دوای گەڕانەوەشیان لەسۆڤیەت بۆعێراق بەر یاسای لێبوردنی گشتی کەوتوەو حوکمی لە سێدارەدانی لە سەر لاچوەو لەسوپای عێراقدا پلەی موقەدەمی وەرگرتوە و ناوبراو لە ٨ ی شوباتی ١٩٦٣ بۆ ماوەیەك دەگیرێ و لە ٩ / ١١ / ١٩٨٨ کۆچی دوایی کردووە.

# کۆچکردو نوری شاوەیس



نوری سدیق ساڵی ١٩٢٢ لەخێزانێکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر لەشاری سلێمانی لەدایکبوەوساڵی ١٩٤٥ کۆلیژی ئەندازیاری تەواو کردوەو سەرپەرشتی زۆربەی پرۆژەکانی ئەشغالی کوردستانی کردوە . ساڵی ١٩٣٥ بەشداری دامەزراندنی کۆمەڵەی ئازادی کردوەو لەساڵی ١٩٣٧ لەگەڵ هەڤاڵانیدا کۆمەڵەی دارکەریان دامەزراندوە کە دواتر بۆتە حیزبی هیوا دوای هەڵوەشانەوەی حیزبی هیوا ، حیزبی شۆڕش دروست بوو ناوبراو یەکێك بوو لەم حیزبە مارکسیە و ساڵی ١٩٤٥ کە حیزبی ڕزگاری کورد دامەزرا یەکێك بوو لە ئەندامە سەرکردایەتیەکان . وەلەگەڵ دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٩٤٦ ناوبراو پەیوەندی بەم پارتەوە کردوەو لەکۆنگرەی دووەمدا بۆتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و لەزۆربەی کۆنگرەکانی پارتیدا هەڵبژێردراوەتەوە . ناوبراو ماوەیەکیش جێگری سەرۆکی سەندیکای ئەندازیارانی عێراق بوە و دواتر ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایش و هاوکاری عێراق بوە ولەهەمان کاتیشدا ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایشی جیهانی بوە . لە ساڵی ١٩٧٠ ئەندامی شاندی دانوستان و یەکێك بوە لە وەزیرە کوردەکان کە وەزیری ئەشغال و نیشتەجێ کردن بوە ، دوای نسکۆش بەشداربوە لەدروست کردنەوەی سەرکردایەتی کاتی پارتی . ساڵی ١٩٧٩ بەهۆی نەخۆشی دڵەوە نەیتوانی درێژە بەخەبات بدات و ساڵی ١٩٨٠چوە بەریتانیاو لە ڕۆژی ١٥ / ١١ / ١٩٨٣ لە شاری لیڤەرپول کۆچی دوایی کردوەو لەگردی سەیوانی سلێمانی بەخاك سپێردراوە.

# شه هيد ملازم سەيد كەريم



كريم سەلام تەها ساڵی ١٩٤٨ لەكانيسكانی سلێمانی لە بنەماڵەيەكی دڵسۆز و نيشتمانپەروەر چاوی بەژيان هەڵهێناوە . ساڵی ١٩٦٨ لەكۆلێژی ئاداب وەرگيراوەو ساڵێك خوێندويەتی و لە سەرەتای شەستەكاندا پەيوەندی بەڕيزەكانی يەكێتی قوتابيانی كوردستانی ( پ د ك ) كردوە ، لە ١١ ی ئازاری ١٩٧٠ يەكێك دەبێ لەو قوتابيانەی لەڕێگای پارتيەوە كۆليژی پۆليسی تەواو دەكات بەپلەی ملازم . ناوبراو ئەمجار پەيوەندی بە شۆڕشی ئەيلولەوە ئەكات يەكێك دەبێ لەو ئەفسەرانەی كەبۆ خوێندن ڕەوانەی دەرەوەی وڵات دەكرێت و دواتر دەگەڕێتەوەو پلەی فەرماندەی پێ دەدرێ بەهۆی چالاكی سياسی و سەربازی بەخەستی بريندار دەبێ لە شەڕی گەروی هۆمەرئاغا تاوەكو نسكۆ بەردەوام ئەبێ . ساڵی ١٩٧٥ لە ناو پاسۆكدا دەستی بە خەبات و تێكۆشان كردوە و ساڵی ١٩٨٦ بۆ دووەم جار بريندار ئەبێ لە ناوچەی قەرەداغ و بۆ جاری سێيەميش لە ساڵی ١٩٨٨ی ئەنفالەكاندا لە كيميابارانكردنی سنووری شاناخسێ بەربۆردومانی چەكی كيمياوی دەكەوێت و بۆ عيلاج دەنێردرێتە ولاتی سويد . لەكۆنگرەی ١١ ی پارتی ديموكڕاتی كوردستاندا دەبێتە ئەندامی سەركردايەتی و دواتر لێپرسراوی لقی چوارو ئەندامی مەكتەبی سياسی ... هتد تا بەداخەوە لە لە ٣١ ی تەمووزی ساڵی ١٩٩٥ بە هۆی شەڕی ناوخۆی نێوان يەكێتی و پارتيەوە بە خەستی بريندار دەبێت و لە دووی ئابی هەمان ساڵدا شەهيد دەبێت و لە گۆڕستانی پيرمام بەخاك سپێردراوە.

سەرچاوە : بنەماڵەی شەهيدی سەركردە

# شه هيد مامۆستا ئه مين قادر



ساڵی ١٩٥٢ له گوندی گرد عازەبانی دەشتی شەمامك له بنەماڵەیەكی دڵسۆزو نیشتمان پەروەر چاوی بەژیان هەڵهێناوە و كۆلیژی پەروەردە بەشی كیمیا لەزانكۆی بەغدا تەواودەكات و هەرلە سەرەتای لاویەتیەوە لەگەڵ یەكێتی قوتابیانی كوردستانی پارتی دیموكراتی كوردستان درێژەبەكاروچالاكیەكانی دەدات و دواتردەبێتە پێشمەرگەو تاوەكو نسكۆی شۆڕشی ئەیلول درێژە بە خەبات و تێكۆشان ئەداو ئەمجار ئاوارەی ئێران دەبێ له شاری كرماشان ، دواتر دەگەڕێتەوە شاری هەولێرو له ساڵی ١٩٧٩ وەكو مامۆستا له ناوەندی گەلاڵە وانە دەڵێتەوە و هەر له نیسانی هەمان ساڵدا دەبێتە پێشمەرگە له ناو حیزبی سۆسیالیستی كوردستاندا و بەهۆی ئەزمونی ئازایەتی و لێهاتوی و باری ڕۆشنبیریەوە پلەی جۆراوجۆر دەبڕێ و لەكۆنگرەی ساڵی ١٩٨١ حیزبی سۆسیالیستدا دەبێتە ئەندامی سەركردایەتی و لەكۆنگرەی یانزەیەمینی پارتی دیموكراتی كوردستاندا له ٦ / ١٠ / ١٩٩٣ وەكو ئەندامی سەركردایەتی هەڵدەبژێردرێ و دەوری شیاوی خۆی دەبینێ تابەداخەوە بەهۆی نەخۆشیەوە لە١٠ / ٧ / ١٩٩٧ كۆچی دوایی دەكات و خاوەنی دوو مناڵە بەناوەكانی ژوان و بێوار.

# کۆچکردو ناهیدە شێخ سەلام



ناهیدە شێخ سەلام لە ساڵی ١٩٢٢ لە شاری سلێمانی لە بنەماڵەیەکی ڕۆشنبیرو کورد پەروەر چاوی بەژیان هەڵهێناوە و بنەماڵەکەشیان بەخەبات و شۆڕشگێری بەناوبانگن لە پێناوی مافەکانی گەلی کوردا ناهیدەخان خانەی مامۆستایانی لەبەغدا تەواو کردووە هەر لە سەرەتای لاوێتیەوە هەست بە ئێش و ئازارەکانی گەلەکەی دەکات بۆیە بە شێوەیەکی کپ و چالاك و دلسۆزانە خەباتی نهێنی بۆ گەلەکەی ئەنجام ئەدا کە جێگای متمانە و ڕێزی هەموو لایەك بووە و ڕۆڵی گەورەشی بینیوە لە بلاو بوونەوەی خوێندەواری سرودی نیشتیمانی و یەکەمین باخچەی ساوایانی لە سلێمانی کردۆتەوە ، هەر لە تەمەنی لاوێتی تێکەڵ بە سیاسەت و خەبات و تێکۆشان بووە و سەرەتا ئەندامی دیاری حیزبی هیوا بووە و دواتر لە پارتی دیموکراتی کوردستاندا یەکەم ئافرەتی کورد بووە لە سەردەمی خۆیدا کەپلەی گەیشتۆتە ئەندامی سەرکردایەتی و ئەندامی دامەزرێنەری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بووە و هەر خۆشی سەرپەرشتی کردووە دوای شۆرشی ١٤ ی تەمموز بە ئەندامی ئەنجومەنی ئاشتی عێراق هەلبژێردراوە بەهۆی کارو چالاکیەکانی لە ژیانی خۆیدا چەندین جار بۆ خوارووی عێراق گوازراوەتەوە بەلام ٢٠٠٦/١١/٢٨ کۆچی دوایی کردووە و لەگردی سەیوان نێژراوە .

# کۆچکردو عمر بۆتانی



عمرمحمد عبدالله ساڵی ١٩٥٥ له گوندی گۆزگیرانی سەر بەناوچەی زومارە لە خێزانێکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر چاوی بەژیان هەڵهێناوەو خوێندنی سەرەتایی لەوێ تەواوکردوەو لە تەمەنی لاوێتیەوە بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردوەو ڕۆڵی دیارو بەرچاوی هەبوە تا نسکۆ درێژەی بەخەبات و تێکۆشان داوەو دواتر خۆی و خانەوادەکەی ئاوارەی سوریا بوون . لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٦ یەکێك بوە لەو پێشمەرگانەی چۆتە شاخ و پەیوەندی بە بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە کردوەو ئەرك و فەرمانەکانی بەجێ گەیاندوە ، دواتر لەناو ڕیزەکانی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان درێژەی بە خەبات داوەو پلەی جۆراو جۆری بڕیوە بەهۆی چالاکی سیاسی و عەسکەریەوە وەکو بەرپرسی عیلاقاتی سوریاو ئەندامی ئیحتیاتی سەرکردایەتی سۆسیالیست و ... هتد وە لە کۆنگرەی یەکگرتنەوەی یەکگرتن و پارتیدا لە کۆنگرەی ١١ و ١٢ ی پارتی دیموکراتی کوردستان دا هەڵبژێردراوە بە ئەندامی سەرکردایەتی و پلەی جۆراو جۆری بڕیوە وەکو : بەرپرسی لقی ١ و لقی ٥ و بەرپرسی پەیوەندییەکانی سوریاو پارتی و بەرپرسی مەکتەبی ناوەندی پەیوەندییەکانی نیشتمانی و نوێنەری پارتی لە قاهیرە . بەڵام بەداخەوە دوای تەمەنێك لە خەباتی بێ وچان لە ١٨ / ٤ / ٢٠٠٥ بەهۆی نەخۆشیەوە کۆچی دوایی دەکات و دوای خۆیشی پێنج کوڕو دووکچ بەناوەکانی : سەگڤان ، ڤیان ، نزار ، جوتیار ، میدیا ، لاوێن ، ئاری بەجێ دێڵێ .

# كۆچكردو ئیبراهیم ئەحمەد



لە ٦ / ٣ / ١٩١٤ لە شاری سلێمانی لە بنەماڵەیەکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر لە دایك بوەو لە ساڵی ١٩٣٧ لە بەغدا کۆلیژی یاسا تەواو دەکاو هەر لە سەرەتای لاویەتیەوە هەستی کوردایەتی لا گەلاڵە دەبێ ، لە هەمان کاتیشدا وەکورۆشنبیرو نوسەرێك لە مەیدانی ژیان دەست بەکاردەبێ و لە سیەکاندا گۆڤارێکیان بەناوی دیاری لاوان دەرکردوەو ساڵی ١٩٣٧ نامیلکەی کوردو عەرەبی دەرکردوەو ساڵی ١٩٣٩ خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری گەلاوێژ بوەو لێپرسراوو دامەزرێنەری کۆمەڵەی ( ژ. ك ) لەکوردستانی عێراق بوە کە ئەم لقە سەر بە کوردوستانی ڕۆژهەلات بوە و پەیوەندی نێوان قازی و ناوبراو زۆر بەهێزبوەو قازی پێ ی وتوە ( بیلە ) واتە بیلبیلەی چاو بەلاّم دوای ڕوخانی کۆماری مەهاباد ساڵی ١٩٤٧ ( ژ ك ) هەڵدەوەشێنێتەوەو دەچێتە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان و دەبێتە لێپرسراوی لقی سلێمانی . ساڵی ١٩٤٨ بۆماوەی ساڵ ونیوێك لە بەغدا گیرا ولە کۆنگرەی بەغدا ساڵی ١٩٥١ بوە سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان ودەوریکی دیارو بەرچاوی هەبوە لە ڕۆژنامەی کوردستان و ڕزگاری . ساڵی ١٩٦١ سەرنوسەری ڕۆژنامەی خەبات بوە تاوەکو داخراوە لەلایەن عێراقەوە . لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول ڕووی لەشاخ کردوەو تاوەکو ناکۆکیەکەی ساڵی ١٩٦٤ وازی لەپارتی هێناوەو لەناو باڵی مەکتەبی سیاسی وەکو سکرتێر کاری کردوەو دوای نسکۆش لە بەریتانیا نیشتەجێ دەبێ و لە ٨ / ٤ / ٢٠٠٠ سەعات ٥ ی ئێوارە لە شاری لەندەن کۆچی دوایی کردوە . ئەمەش بەشیك لە بەرهەمەکانیەتی: ژانی گەل ، کوێرەوەری ، دواتیری کەوان ، الاکراد والعرب جگە لە چەندین وتارو نوسینی تر.

# شەهید ئازاد هەورامی



ئازاد عەبدولەجید عەبدولغەفار جەعفەر کە بە ڕەچەڵەك هەورامیەو ساڵی ١٩٥٤ لەگەڕەکی زێویی ئیمام قاسم لەکرکوك چاوی بەژیان هەڵهێناوەو بنەماڵەکەشیان لە تەوێڵەوە هاتونە کرکوك و خوێندنی سەرەتای وناوەندی لەوێ تەواوکردوەوبەهۆی کاری سیاسیەوە نەیتوانیوە دریژە بەخوێندن بدات . وەساڵی ١٩٧٠ بۆتە ئەندام لە یەکێتی قوتابیانداو ساڵی١٩٧٢ پەیوەندی بەڕیزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات و لەساڵی١٩٧٤ دەبیتە پیشمەرگە لەشۆڕشی ئەیلول ، دوای بەهۆی مەترسی گیرانی لەکۆیە دەگیرسێتەوەو بەم هۆیەشەوە هەندێ لەسەرکردەکانی کۆمەڵەدەگیرێن ، ناوبراودەورێکی دیاری دەبێ لەدامەزراندنی کۆمیتەی هەرێمەکان و سەرکردایەتی کۆمەڵەو لەساڵی ١٩٧٦ یەکێك دەبیت لە مەفرەزە سەرەتاییەکان لەناوچەی چەمی ڕێزان و لە کارەساتی هەکاری بەدیل دەگیرێ وبەئازایەتی خۆی لەزیندان هەڵدێ و لە کۆنفرانسەکانی ١٩٧٨ ی شێنی و ١٩٨٢ ی ناوزەنگ و١٩٨٤ ی مێرگەپان وەکو ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردراوەو ساڵی ١٩٨٥ بوەتە لیپرسراوی دەزگای ناوەندی ڕۆشنبیری کۆمەڵەو دواتریش وەکو بەرپرسی مەڵبەندی ٤ بادینان دەست بەکاردەبێ . بەڵام بەداخەوە لە ٣٠ ی ئابی ١٩٨٨ بەهۆی بۆردومانی فڕۆکەوە لەکونەکۆتری قەندیل بەسەختی بریندار دەبێ و لەڕێگای گواستنەوەی لەشێخ ئایشەوە بۆ ئالۆەتان شەهید دەبێ.

# شەهید ئەنوەر زۆراب



ساڵی ١٩٥٠ لەکرکوك لەدایك بوەو هەستێکی چەپگەری هەبوەو لەسەرەتای سالانی حەفتاکاندا پەیوەندی بەکۆمەڵەی مارکسی – لینینی کوردستانەوە کردوەو ساڵی ١٩٧٤ ئەندامی کۆمیتەی ئەستێرەی سوورو لێپرسراوی ڕێکخستنی بەغداو خانەقین بوەو لەساڵی ١٩٧٥ بەشێوەیەکی کاتی هەموو دەسەلأتێکی سەرکردایەتی پێدرابوو لە سنورەکەی خۆیدا . لەگەڵ هەلگیرسانەوەی شۆڕشی یەکیتی نیشتیمانی کوردستان هێڵی پەیوەندی نێوان سەرکردایەتی کۆمەڵەو سوریا بوە لەڕووی پەیوەندییەکان کە بەهۆی کادیریکی عەرەب بەناوی (وەلید زەننون )کەسەر بە بزووتنەوەی سۆسیالیستی عەرەبەوە بوە و دواتر لەلایەن بەعسەوە گیراوەو بەم هۆیەشەوە ئەنوەر زۆراب ئاشکرابوەو ساڵی ١٩٧٥ دەخریتە زیندان ئەشکەنجە دەدرێ وبەلأم دوژمن ناتوانێ پەی بەنهێنیەکانی بەرێ و بەلأم بەهۆی ئەوەی لەماڵەکەیدا کۆمەڵێك بەلگەی ڕێکخستن دەگیرێ زیان بەڕێکخستنەکان دەگەێنێ و تا بەداخەوە لە ٢١ ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٦ لەزیندانی ئەبو غرێب لەگەڵ سەرکردەکان : شهاب شێخ نوری و جەعفەر عبدالواحید لە سێدارە دەدرێن.

# کۆچکردوو جەبار فەرمان



جەبار فەرمان عەلی ئەکبەر لەساڵی ١٩٤٧ لەگوندی بان میلی ناوچەی خانەقین لەدایك بوەو پلەی خوێندنیشی پەیمانگای مامۆستایانی تەواوکردوە ولەتەمەنی ١٦ سالیدا دەچێتە ڕیزەکانی قوتابیانەوەو ساڵی ١٩٧١ لەگەڵ ئەوەی مامۆستابوو دەستی کردەوە بەخوێندن لەبەشی فیزیای کۆلیجی زانست لەزانکۆی موستەنسریەوهەرلەو ساڵەدا پەیوەندی بەکۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کرد ولەساڵی ١٩٧٤ کەلە سێ یەم ساڵی زانکۆدابوو، وازی لەخوێندن هێناو بوە پێشمەرگە لەشۆڕشی ئەیلول تاوەکو نسکۆ ودواتر درێژەی بەکاری ڕیکخراوەیی دا لەناو شاردا تا ساڵی ١٩٧٥ بەر شاڵاوی گرتن کەوت وماوەی ٦ ساڵی زیندانی بۆ دەرچوو بەڵام لە ساڵی ١٩٧٩ بەهۆی لێبوردنی گشتیەوە بەربوو ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی  یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە کردوەوبۆتە ڕابەری سیاسی لە هەرێمی دوو ئەوجار بەرپرسی کۆمیتەی ڕێکخستنی چۆمانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ولەساڵی ١٩٨٢ بوە بەرپرسی ڕێکخراوی دووی کۆمەڵەو ئەوجار بوە بەرپرسی مەڵبەندی یەك ولەکۆنفرانسی سێ ی کۆمەڵەدا ١٩٨٤ بوە ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵەو لەشەڕەکانی هەلاج و دابان ١٩٨٥ وقەیوان ماوەتدا ١٩٨٦سەرکردایەتی شەڕی کردوەو ساڵی ١٩٨٨بوەتە نوینەری یەکێتی لەورمێ ولەهەمان کاتیشدابەرپرسی ئۆفیسی ڕاپەڕاندنی بەرەی کوردستانی بوە لەڕاژان وساڵی ١٩٩٠ بۆکاری دبلۆماتکاری گویزرایەوە بۆ سوریا ولە ساڵی ١٩٩١ دەوری کارای هەبوو . وەیەکیك بوە

لەدامەزرێنەرەکانی کۆلیجی سەربازی قەلاچوالان ولە ساڵی١٩٩٢ لەیەکەمین کۆنگرەی یەکیتی بوە ئەندامی سەرکردایەتی و دواتریش بوە ئەندامی مەکتەبی سیاسی ولەهەمان کاتیشدابوە لێپرساوی مەکتەبی عەسکەری ولەیەکەم کابینەی حوکمەتی هەرێم بوە وەزیری پێشمەرگەولەساڵی ١٩٩٥ بوەوەزیری ناوخۆو لەدووەمین کۆنگرەی یەکێتی ٢٠٠١ هەڵبژێردرا یەوە بەسەرکردایەتی یەکیتی نیشتمانی کوردستان بەلاَم بەداخەوە بەهۆی نەخۆشیەوە نەیتوانی درێژە بەخەبات بدا لە ٩ ی ئابی ٢٠٠٧ کۆچی دوایی کرد.

## شەهید جەعفەرعەبدولواحید



ساڵی ١٩٤٥ لەگەڕەکی قەندیی شاری کۆیە لەدایك بوەو دەرچووی بەشی ئینگلیزی کۆلیجی ئەدەبیاتی زانکۆی موستەنسریەی بەغدایەو هەر لە سەرەتای لاویەتیەوە ئەندامی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بوەو لەوێشەوە تیکەڵ بەسیاسەت وخەبات و شۆڕشی ئەیلولی کردوەو ساڵی ١٩٧٠ بەشداربوە لە دامەزراندنی کۆمەڵەی مارکسی – لینینی کوردستان و یەکیك بوولەدەستەی حەوت کەسی سەرکردایەتی و لێپرساوی ڕێکخستنی هەولێری گرتە ئەستۆوساڵی ١٩٧٤ کە شەڕ دروست بوو لەنێوان کوردو شۆڕشی ئەیلول ناوبراو سەرپەرشتی و سکرتێری کۆمیتەی ئەستێرەی سووری دەکردو لەهەمان کاتیشدا بەرپرسی ڕێکخستنی هەولێرو کرکوك و موسڵیش بوو، دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول سەرکردەکانی کۆمەڵە گەڕانەوە ناوشارو ڕێکخستنی کۆمەڵە ئاڵوگۆڕی

بەسەردا هاتوو ڕۆڵی سەرکردایەتی کۆمەڵەی بینیوە لە هەمانکاتیشدا بەعس کەوتە گرتن و ڕاوەدونانی هێڵەکانی ڕێکخستن. ناوبراو بۆ خۆ ڕزگار کردن لەمەترسی گرتن لەگەڵ هەڤاڵەکانی بەناوەکانی : شەهاب شێخ نوری و فەرەیدون عەبدولقادرو علی بچکۆل وعومەری سەیدعەلی ویستیان بچنە تاران و لەوێوە بەرەو سوریا بڕۆن بەفڕۆکە بەلاّم لەسەقز دەسگیر دەکرێن و دەخرێنە زیندانەوە و لەسنووری پێنجوین تەسلیم بەحکومەتی عێراق دەکرێنەوە و لەهاوینی ساڵی ١٩٧٦ لەگەڵ شەهاب و ئەنوەر بڕیاری لەسێدارەدانیان لە ٢١ ی تشرینی دووەم لەزیندانی ئەبوغرێب لە سێدارەدران وەهەر لەخۆشەویستی جەعفەر بوو چاپخانەیەکی شۆڕش بە ناوی ئەو ناونرابوو .

## شه هید جەمال تاهیر



ساڵی ١٩٤٣ لەشارۆچکەی بەرزنجەی سەر بە پارێزگاری سلێمانی لەدایك بوەو پەیمانگای مامۆستایانی تەواو کردوەو ساڵی ١٩٦٤ وەکو مامۆستا لە شەدەڵەی سورداش دامەزراوەو ساڵی ١٩٧٠ پەیوەندی بە ڕێکخراوی کۆمەڵەی مارکسی – لینینی کوردستانەوە کردوەو ساڵی ١٩٧١ وەکو ئەندامی ناوچەی سلێمانی پارتی دیموکراتی کوردستان کاری کردوەو ساڵی ١٩٧٣ و ١٩٧٤ بوە لێپرسراوی ڕێکخستنی وارماوەو ئەندامی لیژنەی قەرەداغیش بوە. ساڵی ١٩٧٩ سەرپەرشتی کۆنفرانسی یەکەمی یەکێتی خوێندکارانی کوردستانی کردوەو کەسەر بەیەکێتی نیشتمانی کوردستان بوەو ناوبراو بەڕیوەی بردوەو لەهەمان کاتیشدا وەکو ئەندامی سەرکردایەتی سەرپەرشتی و بەڕیوەبردنی

ڕێکخستنەکانی شاری سلێمانی کردوەو بەهۆی کاروچالاکیەکانیەوە ساڵی ١٩٧٩ زیندانی دەکرێ و دوای ئەوەی هیچ نادرکێنێ دوژمن بەناچاری بەری ئەداو بەڵام دووبارە جارێکی تر لەساڵی ١٩٨١ بۆماوەی ٨ مانگ بەشێوەیەکی زۆردڕندانە ئەشکەنجەوئازاردەدرێ تا لە ١٤ ی تەموزی هەمان ساڵ بەر لێبوردنی گشتی دەکەوێ ئازاد دەکرێ و لەهەمان ساڵدا لەکۆنفرانسی دووی کۆمەڵە لەخڕی ناوزەنگ وەکو ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان هەڵدەبژێردرێ وەکو لێپرسراوی مەکتەبی ڕێکخستن و لەهەمان کاتیشدا بوە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکیتی لەشاخ و درێژەی بەکارو چالاکیەکانی دەدات. بەڵام بەداخەوە لە١٤ ی تەموزی ١٩٨٣ بۆ بەشداری کردن لە کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی لەبالیسان ئۆتۆمبیلەکەی لەنێوان بالیسان – خەلیفان وەردەگەڕێ و شەهید دەبێ.

## شه هید حەسەن کوێستانی



حسن ئەحمەد عەبدولا ساڵی ١٩٥٠ لەشارۆچکەی گەلاڵەی پارێزگاری هەولێر لەدایك بوەو تا قۆناغی ئامادەیی خوێندویەتی و ساڵی ١٩٧٢ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کردوەو دوای ئەوەی ڕێکخستنەکانی شاری هەولێر بەر شالاوی گرتن هاتن لەلایەن بەعسەوە ، کوێستانی بوە سەرپەرشتی کاری کۆمیتەی ڕاپەڕینی ڕێکخستنەکانی هەولێرگرتە ئەستۆو ژیرانە بەشێوەیەکی کپ وچالاکانە بەڕێوەی دەبردن. ساڵی ١٩٧٩ بوە پێشمەرگەی (ی ن ك )وەکو لێپرسراوی کۆمیتەی ئازادی و دواتر بوە ڕابەری سیاسی هەرێمی ٧ ی باڵەك وساڵی ١٩٨١ کرایە فەرماندەی هەرێمی ١٢ و تیپی ١٢ ی سۆران ، ساڵی١٩٨٣ بووە لێپرسراوی مەکتەبی عەسکەری

مەڵبەندی ٣ و لە کۆنفرانسی سێیەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستاندا وەکو ئەندامی یەدەگی سەرکردایەتی کۆمەڵە هەڵبژێردراوبوە ئەندامی دەزگای ڕێکخستنی کۆمەڵەو ساڵی ١٩٨٥ کرایە لێپرسراوی مەڵبەندی سێ وەساڵی ١٩٩٠ بوە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ولە ڕاپەڕینی ١٩٩١دەوری بەرچاوی گێڕاو لەکۆنگرەی یەکەمی یەکیتی دا هەڵبژێردرایەوەو بوە بەرپرسی مەلبەندی بادینان و بەڵام بەداخەوە لە ١٧ /٥ /١٩٩٤ لەگەڵاڵە بەهۆی شەڕی ناوخۆی نێوان یەکێتی و پارتی شەهید دەبێ.

# کۆچکردو خەسرەو خاڵ



ساڵی ١٩٣٩ لەشاری سلێمانی چاوی بەژیان هەڵهێناوەو لەسەرەتای لاویەتیەوە پەیوەندی بە یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە دەکات وتێکەڵ بەخەباتی سیاسی دەبێت وساڵی ١٩٧٦ وەکو کادیرێکی چالاکی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ئەرك و فەرمانەکانی ڕادەپەڕێنێ ولەکۆنفرانسی کۆمەڵە لە ساڵی ١٩٨٤ ی مێرگەپان بوە ئەندامی یەدەگی سەرکردایەتی وساڵی ١٩٨٥ بوە ئەندامی دەزگای ناوەندی ڕۆشنبیری کۆمەڵە و دواتر بوە لێپرسراوی ئەم دەزگایەو دەورو شوێن پەنجەی دیار بوەو بەناوی خواستراوی ڕەنجەوەچەند کتێب ونامیلکەیەکی لینین و سۆکۆلۆفسکیی وەرگێڕاوەو ساڵی ١٩٨٧ بوە لێپرسراوی ئۆفیسی ( ی ن ك )لە دیمەشق بەپلەی ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان تاوەکو لە ٣١ ی کانونی یەکەمی ١٩٨٨ بەنەخۆشی لە دیمەشق کۆچی دوایی کرد.

# کۆچ کردو خەلیل نیعمەت دۆسکی



ساڵی ١٩٥٤ لەدهۆك لە دایك بوەو ساڵی ١٩٧٥ کۆلیژی پۆلیسی عێراقی تەواو کردوەو بۆتە ئەفسەر وساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە کردوە وساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی ( ی ن ك ) کردوەو کراوەتە ئەندامی مەکتەبی عەسکەری یەکێتی و لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بۆتە لێپرسراوی ناوچەی بادینان و دوای راپەڕینیش بۆتە لێپرسراوی ئاسایشی دهۆك لەیەکەم کابینەی حوکمەتی هەرێمی کوردستاندا ساڵی ١٩٩٦ بۆتە ئەندامی فەرماندەی گشتی یەکێتی و دواپلەشی بۆتە ئەندامی سەرکردایەتی یەکیتی لەکۆنگرەی ساڵی ٢٠٠١ هەڵبژێردراوەو ماوەیەکیش وەزیری گواستنەوەو گەیاندن بوە تا لەڕۆژی ٢٩ ی شوباتی ٢٠٠٤ بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد .

# کۆچکردو دارۆ شێخ نوری شێخ ساڵح



ساڵی ١٩٤٦ لەشاری سلێمانی لەدایك بوەولە ساڵانی ١٩٦٧ – ١٩٧٠ ئەندامی دەستەی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بوە . ساڵی ١٩٧١ کۆلیجی کشتوکاڵی زانکۆی بەغدای تەواو کردوە و ساڵی ١٩٧٤ بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردوە تاوەکو نسکۆ و ساڵی ١٩٧٥ بەر شاڵاوی گرتن کەوتوە لەلایەن بەعسەوەتا ساڵی ١٩٧٩ بەر لێبوردنی گشتی دەکەوێ و لە زیندان ئازاد دەکرێ و هەرلەو ساڵەدا دەبێتە پێشمەرگەی ( ی ن ك ) لەشاخ و دەبێتە نوێنەری یەکێتی لەسوریا و لەکۆنگرەی یەکەمی یەکێتی لەساڵی ١٩٩٢ وەکو ئەندامی یەدەگی سەرکردایەتی هەڵدەبژێردرێ و دوایی دەکرێتە سەرکردایەتی و ئەوجار ئەندامی مەکتەبی سیاسی و ساڵی ١٩٩٣ دەبێتە وەزیری دارایی حوکمەتی هەرێمی کوردستان و ساڵی ١٩٩٨ – ٢٠٠٠ بۆتە جێگری سەرۆکی ئیدارەی سلێمانی و دواتریش دەکرێتە لێپرسراوی مەکتەبی دارایی و ئیدارەی گشتی یەکێتی بەڵام بەداخەوە لە ٣١ ی ئایاری ٢٠٠٤ بەنەخۆشی لە سوید کۆچی دوایی کرد .

# کۆچکردو ڕەسوڵ مامەند



ساڵی ١٩٤٤ لە بەردەشانی ناوچەی مەرگە لەدایك بوەو ساڵی ١٩٦١ لەکۆلیژی ماف لەزانکۆی بەغدا وەرگیراوە وساڵی ١٩٦٤ لەقۆناغی سێیەمی زانکۆ دابوە بەهۆی بارو زروفی سیاسیەوە وازی لە خوێندن هێناوەو لەشۆڕشی ئەیلول بەشداربوەو ساڵی ١٩٦٨ لێژنەی ناوچەی قەڵادزیˇبوەو ساڵی ١٩٧٠ لێپرسراوی ڕێکخستنی کاروباری سلێمانی بوە و ساڵی ١٩٧٢ کارگێڕی لقی پارتی بوە لە کرکوك و دوای نسکۆی ١٩٧٥ ڕوی کردە ئێران و بەشداربوو لەکۆبونەوەی ورمێ . دواتر گەڕایەوە کوردستانی عێراق و ساڵی ١٩٧٦ یەکێك بوە لەوەی پشتگیری هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی کردوە لە شاخ و ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان بوە و هەر لەم ساڵەدا دەبێتەوە پێشمەرگە و ساڵی ١٩٧٧ دەبێتە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی و هەروەها خۆی و علی عسکری دەبنە نوێنەری ( بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان ) لەمەکتەبی سیاسی وەساڵی ١٩٧٩ بزووتنەوە لە یەکێتی جیابۆوەو لەگەڵ دکتۆر محمود یەکیان گرتەوەو حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتوی کوردستانیان پێك هێنا . ئەنجومەنەکەشیان لە ٣ سێ کەس پێك هات ، لەکۆنگرەی ساڵی ١٩٨١ لەدۆڵەتوو بوە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی وساڵح یوسفیش وەکو سکرتێر بەنهێنی مایەوە و دوای شەهیدبونیشی ناوبراو بوە سکرتێری حیزبی سۆسیالیستی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٩ ناوەندێکی لە ئەوروپا بۆ سەرکردایەتی حیزبی سۆسیالیستی کوردوستان دامەزراند و لەڕاپەڕینیشدا ساڵی ١٩٩١ ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو

لەساڵی ١٩٩٣ سۆسیالیست لەگەڵ یەکێتی دا یەکی گرتەوەو ناوبراو بوە کارگێڕی مەکتەبی سیاسی . بەلاٌم بەداخەوە لە ١٢ ی نیسانی ١٩٩٤ کۆچی دوایی کرد لە لەندەن و لەگوندی بەردەشان بەخاك سپێردرا.

## شه هید سەید کەریم



ساڵی ١٩٤٩ لەگوندی هاودیان ناوچەی ڕەواندز لەدایك بوە و لەهەمان کاتیشدا بێ بەش بوە لەنازو خۆشەویستی باوکی چونکە ئەو نەبوە کە باوکی مردوە . ساڵی ١٩٧٢ خوێندنی لەکۆلیجی سەربازی عیراق تەواو کردوە و بۆتە ئەفسەر ، وەکوفەرماندەی بەتالیۆن لە ساڵی ١٩٧٤ بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردوەو تا نسکۆو دواتر لەئێران ماوەتەوە تاوەکو شۆڕشی نوێ سەری هەڵداوەو بۆیە لەئیرانەوە بەرەو سوریا دەچێ وبۆپەیوەندی کردن بە ( ی ن ك )ساڵی ١٩٧٧ لە ناوچەی برادۆست بوە پێشمەرگەو هەر ئەو ساڵە بوە فەرماندەی هەرێمی ٧ ی باڵەك و ساڵی ١٩٧٨ لەکۆبونەوەی فراوانی شێنی بوە ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ساڵی ١٩٨٤ بوە لێپرسراوی مەڵبەندی ٤ ناوبراو فەرماندەو سەرکردەیەکی مەیدانی بوو لەهەموو ڕوویەکەوە . بەلاٌم بەداخەوە لە ١٥ ی ئەیلولی ١٩٨٤ کە گفتوگۆی شۆڕش و میری بوو لەبازگەی تاسلۆجەی نزیك سلێمانی کەوتە بۆسەی جاشەکانەوەو شەهید دەبێ.

# شه هيد شاخەوان عەباس



محمد عباس عەولا سالی ١٩٥٢ لەشاری هەولێر لەدایك بوەو سالی ١٩٦٦ پەیوەندی بە یەكێتی قوتابیانی كوردستانەوە كردوەو سالی ١٩٦٧ بوەتە ئەندامی پارتی دیموكراتی كوردستان وسالی ١٩٧٢ پەیوەندی بەكۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستانەوە كردوەو سالی ١٩٧٣ ئامادەیی كشتوكاڵی تەواو كردوەو پاش نسكۆی شۆڕشی ئەیلول ئاوارەی ئێران بوەو سالی ١٩٧٦ لەلایەن بەعسەوە دەگیرێ و ڕەوانەی هەولێرو بەغدا كراوەو دواتر ئازاد كراوەو سالی ١٩٧٧ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی ( ی ن ك ) كردوە لەدەشتی هەولێربۆتە كادیر و دواتر دەبێتە كارگێڕی لقی ٤ ی هەولێر وەكو نوێنەری كۆمەڵە وە سالی ١٩٨٠ بەشداری خولی عەسكەری بوە لە لوبنان و سالی ١٩٨١ دەبێتە فەرماندەی تیپەكانی ٨٦ ی هەولێرو ٨٥ ی بەڕانەتی و دوای ڕاپەڕینیش بوە بەرپرسی مەڵبەندی ٣ ی هەولێر . لەهەر دوو كۆنگرەی یەكێتی دا لەسالی ١٩٩٢ و ٢٠٠٠ دا بەئەندامی سەركردایەتی هەڵبژێردرا. بەرهەمە دیارەكانی ئەمانە بوون : سەفەری كوردایەتی ، بیرەوەرییەكانی شاخ وشار ١٩٧٤ – ١٩٨٠ بەلام بەداخەوە لەیەكی شوباتی سالی ٢٠٠٤ لە تەقینەوە تیرۆریستیەكەی مەڵبەندی هەولێر لەگەڵ پۆلێك لە هاوڕێكانی شەهید دەبێ.

# شه هید شەوکەتی حاجی موشیر



شەوکەت موشیر محمد محمود ساڵی ۱۹٤۷ لەگوندی تەپی سەفای ناوچەی شارەزوور لەدایك بوە لەحوجرە و دواتر تاچواری ئامادەیی خوێندوەو لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی ساڵی ۱۹٦۸ دەبێتە پێشمەرگەو وەکوجێگری لێپرسراوی بەتالیۆنی پێباز و دوای نسکۆی ۱۹۷۵ دەگەڕێتەوە کوردستان و ساڵی ۱۹۷٦ دووجار لەلایەن دەزگاکانی ئەمنەوە دەگیرێ و ئازاد دەکرێ. بۆیە ناوبراو هەر لەو ساڵەدا دەبێتە پێشمەرگە وەکو یەکەمین مەفرەزەی سەرەتای کاروچالاکی ئەنجام دەدابەخۆی وشەش کەسەوەولەسالی ۱۹۷۹ دەچێتە ناو بزووتنەوەی سۆسیالیستی و دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی و ساڵی ۱۹۸۰ دەگەڕێتەوە ناو ( ی ن ك )کرایە فەرماندەی هەرێمی ۹ ی بەمۆ و دواتر ۱ ی هەورامان و ئەوجار ۱۱ ی هەورامان . ساڵی ۱۹۸۳ بوە لێپرسراوی عەسکەری مەڵبەندی ٤ و هەر لەو ساڵەدا لەکۆنفرانسی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە خەتێ بوە ئەندامی سەرکردایەتی و ساڵی ۱۹۸٦ بوە لێپرسراوی مەڵبەندی ۱ ی لەناوچەی قەرەداغ و سالی ۱۹۸۹ دووبارە بوە بەئەندامی سەرکردایەتی لەکۆنگرەی دووەمی یەکێتی ، ناوبراو دوو چاپکراوی بەناوەکانی : کارەساتی کمیابارانی هەڵەبجە وچیوەرۆ دەروازەیەك بەرەو کرکوك . بەڵام بەداخەوە لە ساڵی ۲۰۰۳ ی ۷ ی شوباتدا لەکۆبونەوەی گوندی گامێش تەپەی شارەزوور خۆی و دوو لە هاوڕێکانی شەهید دەبن و٤ هاوڵاتیش شەهید دەبن و ٤ ی تریش بریندار دەبن.

# شه هید شەهاب شێخ نوری شێخ ساڵح



ساڵی ١٩٣٢ له سلێمانی لەدایك بوەو باوكیشی شاعیرێكی گەورەی كلاسیكی كوردبوەو تێكەڵیشی بۆ سیاسەت دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٤٨ كه خوێندكار بوه له بەغدا له كۆلیجی مەلیك فەیسەل . بەشداری شۆڕشی ئەیلوڵی كردوه له ساڵی ١٩٦٣ وەكو لێپرسراوی ئیدارەی هێزی ڕزگاری بوه . بەڵام ناوبراو هەر له سەرەتاوه بیروباوەڕی چەپ و ماویزمی هەبوەو بەشداربوه له دامەزراندنی كۆمەڵەی ماركسی – لینینی كوردستان و لەسالأنی ١٩٧٢ تا ١٩٧٦ وەكو سكرتێری كۆمەڵه كاری كردوه و كۆمیتەی ئەستێرەی سووری دامەزراندوەو دەورێكی باڵاوكاریگەری هەبوه لەبرەو دان به ڕێكخستنەكان . دوای نسكۆی شۆڕشی ئەیلول گەڕایەوه كوردستان ودوای گفتوگۆو ڕاوێژ لەگەڵ مام جەلالدا ڕەزامەندی دەربڕی كۆمەڵه ببێته باڵێك له یەكێتی و دوای هەرەسیش بەعس شاڵاوی گرتن و ڕاوەدونانی ڕێكخستنەكانی كردبوه ئامانج بۆیه شەهاب و هەڤاڵەكانی ویستیان لەئێرانەوه بگەنه باڵوێزی سوریاو لەوێوه بەهۆی فڕۆكەوەبچنه سوریاو پەیوەندی بەدەستەی دامەزرێنەرەوه بكەن بەڵام له ئێران گیران و تەسلیم بەعێراق كرانەوه ، بەداخەوه لەساڵی ١٩٧٦ دادگای سەوره فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەركردن و خۆی هەردوو هاوڕێ كانی جەعفەرو ئەنوەر له ٢١ ی تشرینی دووەمی ١٩٧٦ له زیندانی ئەبو غرێب لەسێدارەدران.

# کۆچکردو عومەر دەبابە



عومەر مستەفا ناسراو بە عمر دەبابە یا کاکی کاکان ساڵی ١٩٢٣ لەگەڕەکی قەڵاتی کۆیە لەدایك بوەو بەڕەچەڵەك دەچنەوە سەربنەماڵەیەکی مەهاباد و لە تەمەنی خوێندکاریدا تێکەڵاوی سیاسەت بوەو ساڵی ١٩٥١ خوێندنی لەکۆلیجی ماف تەواو کردوەو پیشەی پارێزەری بوەو ئەندامێکی چالاکی پارتی دیموکراتی کوردوستان بوەو هەر بەو هۆیەشەوە لەکۆنگرەی دووەمی ساڵی ١٩٥١ و کۆنگرەی سێیەمی ساڵی ١٩٥٣ و کۆنگرەی چوارەمی ١٩٥٩ وەکو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا. لەساڵی ١٩٦٤ پشتگیری لەباڵی مەکتەبی سیاسی کردو چوە هەمەدان و دواتر گەڕایەوە بۆ دۆڵەڕەقەو لەوێ نیشتە جی بوو دوایش لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی گەڕانەوە ناو حوکمەتی بەعس . دوای هەرەسی ١٩٧٥ چوە ئێران وبەشداری کۆبونەوەی ورمێ بوو کەچۆن خۆیان ڕێکبخەنەوە بۆ شۆڕش کردن ، هەروەها یەکێك بوە لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی . لەساڵی ١٩٧٦ دەبیتە پێشمەرگە وەکو نوێنەری بزووتنەوەی سۆسالیستی لەناو یەکێتی لە دیمەشق. لە کۆبونەوەکانی ٣١ ی ئاب — ١٢ ی ئەیلولی ١٩٧٧ هەڵدەبژێردرێ وەکو ئەندامی سەرکردایەتی ( ی ن ك ) ڕۆڵێکی دیارو بەرچاوی لە جوڵانەوی کوردایەتیدا گێراوە دواتر بەهۆی نەخۆشیەوە ناتوانێ بەردەوام بێ لەکارو تێ کۆشان تابەداخەوەلەکۆنگرەی یەکەمی یەکێتی لە٢٩ ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٩٢ لە ناو هۆڵی کۆنگرەی ١ ی یەکێتی دڵی دەوەستێ و کۆچی دوایی دەکات .

# شه هید عەزیز شەمزینی



عەزیز عەبدولاّ عەبدولقادر ساڵی ١٩١٤ لە شاری موسڵ لەدایك بوەو بەرەچەڵەك دەچێتەوە سەربنەماڵەی شێخ عوبەیدولاّی نەهری و بنەماڵەکە شیان بەگەیلانی زادە ناسراوە و بەهۆی ناکۆکیان لەگەڵ تورکەکان لەڕەواندز نیشتەجێ دەبن وباوکی دەبێتە بەڕێوەبەری باتاس . وە لە ساڵی ١٩٣٧ کۆلیجی سوپای لەموسڵ تەواو دەکاو وەکو ئەفسەرو سیاسەتمەدارو ڕۆشنبیر دێتە ناو کایەی سیاسیەوەو ساڵی ١٩٤٣ بەپلەی کاپتن لە مێرگەسوور دامەزراو ساڵی ١٩٤٥ حوکمەت ویستی بیگرێ بەلاّم ناوبراو هەلاّت و ڕووی لەئیران کردوو بەشداری یەکەمین ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی کۆماری مەهابادی کردو یەکێك بوو لەو گەنجانەی کە لە کۆمارەوە ناردیان بۆ باکۆ و توانی دکتۆرا بێنێتەوە لە لینگراد بەناوی بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان . ساڵی ١٩٥٧ بۆ یەکەم جار لەمۆسکۆ چاوی بە جەلال تاڵەبانی کەوتوەوتوانیویەتی بارزانی و تاڵەبانی بەهۆی ئەو یەکتری بیبنن ، ساڵی ١٩٥٩ عێراق ڕێی پێدا بگەڕێتەوە ناو سوپای عیراق بەپلەی کۆلۆنێلی و لەو ماوەیەشدا کتێبەکەی لەڕوسیەوە دەکردە عەرەبی و بەش بەش لە خەبات بلاّوی دەکردەوە . لە کۆنگرەی چوارو پێنجی ( پ د ك )وەکو ئەندامی سەرکردایەتی پارتی هەڵبژێردراوەو ساڵی ١٩٦١ پەیوەندی لەگەڵ پارتی دەپچڕێ ودوای ساڵی ١٩٦٢ پەیوەندی بەباڵی مەکتەبی سیاسی مام جلالە وە دەکات و ساڵی ١٩٧٩لە ورمێ دەگەڕێتەوە و لە بەغدا نیشتەجێ دەبێ و هەمیشە دۆست و لایەنگری یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەبێ .

وەناوبراو خاوەنی نوسین و كتێبی زۆرە ، ساڵی ١٩٩٠ بەعس كێشەی بۆ دروست دەكەن و ئەمیش بە ناچاری ڕوو لەئێران دەكا دوای سالی ١٩٩١ لە ورمێ نیشتەجێ دەبێ و بەداخەوە لە ١٤ ی ئازاری ١٩٩٩ لەلایەن كەسانی نەناسراوە تیرۆر دەكرێت.

## شه هید عەزیز محمود علی



ساڵی ١٩٤٣ لە شاری سلێمانی لەدایك بوەو تا قۆناغی ئامادەیی لە سلێمانی تەواو كردوەولە ساڵی ١٩٦٨ لەبەشی كوردی كۆلیجی زمان لە بەغدا وەرگیراوە ولەساڵی ١٩٧٢ وەكو مامۆستا دامەزراوەو لە سەرەتای شەستەكاندا پەیوەندی بە ( پ د ك ) دەكات ولە ڕێگای یەكێتی قوتابیانی كوردوستانەوە و ساڵی ١٩٦٢ تا ١٩٦٤ پێشمەرگەی ناو شاربوەو لەگەڵ لەتبونی پارتیدا ناوبراو پشتگیری كردوە لە باڵی مەكتەبی سیاسی . لەگەڵ سەرهەڵدانی كۆمەڵەی ماركسی — لینینی كوردستان پەیوەندی دروست دەكاو دەبێتە ئەندامێكی ژیرو چالاك ، وەساڵی ١٩٧٦ پردی پەیوەندی نێوان كۆمەڵەو شۆڕش بوە لەسوریا وەناوبراو لەساڵی ١٩٧٧ ویستی بچێتە دەرەوە بەڵام سەفەری لێ قەدەغەكرابوو بۆیە هەر لەو ساڵەد پەیوەندی بەڕیزەكانی ( ی ن ك )دەكات لەبرادۆست و دەكریتە ئەندامی سەركردایەتی كۆمەلەو لێپرسراوی لقی دووی كركوك دواتر لە ١٧ ی تشرینی یەكەمی ١٩٧٨ بەئیش وكاری شۆڕش چۆتە ناو شاری سلێمانی بەلام بەداخەوە لەوێ دەسگیر دەكرێ و لە ٢٥ ی ئازاری ساڵی ١٩٧٩ لە موسڵ لە سێدارە دەدرێ.

# کۆچکردو مەحمود مەلا عیززەت



ساڵی ١٩٣٩ لەگەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی لە دایك بوەو لە سەرەتای لاویەتیەوە پەیوەندی بەیەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە دەکات و دەبێتە ئەندامی سکرتاریەتی قوتابیان . ناوبراو بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لەبەشی مێژووی کۆلیژی پەروەردە وەرگرتوەو ساڵی ١٩٦٤ پشتگیری باڵی مامجەلالی کردوەو لە کۆنفرانسی ١٩٦٦ دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی باڵی مەکتەبی سیاسی . ساڵی ١٩٦٩ دەبێتە ئەندامی دەستەی نوسەرانی گۆڤاری ڕزگاری . ساڵی ١٩٧٤ بەشداری لەشۆڕشی ئەیلول دەکات و وەساڵی ١٩٧٥ بۆ ١٩٧٨ بۆ ڕومادی دوورخرایەوەو ساڵی ١٩٨٠ لەلایەن بەعسەوە گیراوەو ساڵی ١٩٨١ بەربوەو هەرلەم ساڵەدا پەیوەندی بە ( ی ن ك ) دەکات لەناو زەنگ لەوێشەوە دەچێتە سوریاو سوید دەبێتە ئەندام لە یەکێتی نوسەرانی سوید گەلێك نوسینی مێژووی و سیاسی بلاّوکردۆتەوە و ماوەیەکیش سەرنووسەری کوردوستانی نوێ بوەو ئەمەش بەشێك لە چاپکراوەکانی بەناوی : دبپلۆماسێتی بزووتنەوەی کوردایەتی ، ڕەگو ڕیشەی مێژووی تەقەلای بەعێراقی کردنی کوردومەسەلەی کوردستان ، کوردو ململانێ و ستراتیژی ئاسایشی نەتەوە ، کورتەی مێژووی فەلسەفە ، کاروانی بێ کۆتایی، جەمهوریەتی کوردستان تابەداخەوە لەساڵی ٢٠٠٥ کۆچی دوایی کرد.

# شه هید ئارام



شاسوار جەلال ناسراو بە ئارام ساڵی ١٩٤٧ لەگەڕەکی حاجی حان لەبنەماڵەیەکی دڵسۆزو نیشتمان پەروەرچاوی بەژیان هەڵهێناوەو هەرلەسەرەتای لاویەتیەوە هەستی چینایەتی ونیشتمانی لا گەلاڵە بووەو بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش ئایدلۆژیای مارکسیزم و لینیزمی کردۆتە چرا ڕونکەرەوەی ڕیگای ژیانی .

خوێندنی سەرەتای لە ماوەت و ئامادەیی لەسلێمانی تەواو کردوەو ساڵی ١٩٦٤ لە کۆلیژی ئەندازیاری بەغدا وەرگیراوەو بەڵام دەوامی نەکردوەو دواتر ساڵی ١٩٧١ کۆلیژی بازرگانی تەواوکردوەو لە هەمانکاتیشدا وەکو ڕۆژنامەنوسیکی سەرکەوتو لەڕۆژنامەی هاوکاری نوسیویەتی لەم بوارەشدا سەرکەوتو بوەو ساڵی ١٩٧٠ پەیوەندی بەڕێکخستنی کۆمەڵەی مارکسی – لینینی کوردستانەوە کردوە و دوای گیرانی جەعفەرو شەهاب و ئەنوەر لە ساڵی ١٩٧٦ ئەرکی ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی گرتە ئەستۆو لەلایەن سەرکردایەتی هەرێمەکانەوە هەڵبژێردرا وەکو سکرتێری کۆمەڵە و ساڵی ١٩٧٧ بوە ئەندامی مەکتەبی سیاسی ( ی ن ك ) ڕۆڵێکی دیارو بەرچاوی هەبوو لە گەشەدان بەکۆمەڵەو یەکێتی .

بەڵام بەداخەوە لە ئێوارەی ڕۆژی ٣١/ ١ / ١٩٧٨ لە گوندی تەنگیسەر لە ناوچەی قەرەداغ بەدەستی خۆفرۆشان شەهید کرا.

# شه هيد محسين بايز محەمەد ئەمين



ساڵی ١٩٥٥ لەگوندی میرزارۆستەم لە بناری چیای كۆسرەت لە بنەماڵەیەكی دلسۆزو نیشتمان پەروەر لە دایكبوەو تاوەكو پۆلی سێیەمی ناوەندی خوێندوەو ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بە ڕێكخستنەكانی بزووتنەوەی سۆسیالیستییەوە دەكاو ژیرو چالاكانە ئەرك و فەرمانەكانی بەجێ دەهێنێ و هەر لە هەمان ساڵدا بۆ ماوەی شەش مانگ دەگیرێ و ڕەوانە كركوك دەكرێ و دوای ئەشكەنجەو ئازارێكی زۆر هیچ نادركێنێ و دوای ئازاد دەكرێ بەهۆی خۆڕاگریەوە . ساڵی ١٩٧٧ دەبێتە پێشمەرگەو بەهۆی ئازایەتی و لێهاتویەوە ساڵی ١٩٧٩ دەكرێتە جێگری هەرێمی ١٤ ی ئاكۆیان لە حیزبی سۆسیالیستدا و دواتر ساڵی ١٩٨٢ دەبێتە بەرپرسی هەرێمی ١٤ و دوایش بۆ هەرێمی باواجی گوازرایەوە و لەكۆنگرەی دوەمی حیزبی سۆسیالیت ساڵی ١٩٩٢ لەڕانیە وەكو ئەندامی سەركردایەتی هەڵبژێردراو دوای یەكگرتنەوەی سۆسیالیست و یەكێتی لە ساڵی ١٩٩٣ بوە ئەندامی مەكتەبی عەسكەری یەكێتی و دواتر بوە فەرماندەی باڵەك و ساڵی ١٩٩٧ بوە كارگێڕی فەرماندەی گشتی و لەساڵی ٢٠٠١ بوە جێگری وەزیری پێشمەرگەو چەندین جار بەهۆی ئازایەتیەوە بریندار بوەو هەمیشە وەكو سەركردەو فەرماندەیەك لەڕیزەكانی پێشەوەی سەنگەرەكاندا خەباتی كردوە تا بەداخەوە لە ١١ ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٩ لە سەنگەسەری خوارو بە ڕوداوێكی دڵتەزێن شەهید بوو.

# کۆچکردو شیروان شیرەوەندی



ساڵح عوسمان کاکەخان بەگلەرشەفی لە گوندی شیروەند لە ناوچەی بنکورە لە خێزانێکی دڵسۆزو نیشتمان پەروەر لە دایکبوەو قۆناغی سەرەتایی تەواو کردوە .
ساڵی ١٩٥٩ بۆتە ئەندامی یەکێتی لاوان و قوتابیانی پارتی دیموکراتی کوردستان ، لە ساڵی ١٩٦٣ بۆتە کادر لە ناوچەی خانەقین و ساڵی ١٩٦٧ لە ماوەت بەشداری خولی کادیرانی کردوەو تانسکۆ بەردەوام بوە لەخەبات و تێکۆشان ، وە لەگەڵ هەلگیرسانەوەی شۆڕشی ( ی ن ک )لە ٢٨ / ٦ / ١٩٧٦ یەکێك بوە لە مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕش لە بناری قەندیل . لە جیابونەوەی یەکێتی و بزووتنەوەی سۆسیالیستی دەچێتە ناو سۆسیالیستەوەو پلەی جۆراو جۆر دەبڕێ بەهۆی ئازایەتی و لێهاتویەوە چەندین جار بریندار بوە . ماوەیەك ئەندامی سەرکردایەتی و دواتر مەکتەبی سیاسی و لێپرسراوی مەکتەبی عەسکەری حیزبی سۆسیالیستی کوردستان ، لە یەکگرتنەوەی یەکێتی و سۆسیالیستدا لە دوای ڕاپەڕین لە ناو ( ی ن ك ) دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی ودواتر بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری دوا پلە شی یاریدەری مام جەلال بوە بۆ کاروباری چاودێری و پشکنینی گشتی تا لە ١٠ / ١٠ / ٢٠١٣ کۆچی دوایی کردووە.

# شه هید حسێن بابه شێخ



حسێن حاجی ئیسماعیل ناسراو به حسێن بابه شێخ له ٢٥/ ٩ / ١٩٤١ له بازێڕی ئێسفنێ ی سەر به قەزای شێخان له بنەماڵەیەکی دڵسۆزو کورد پەروەرو دیاری یەزیدییەکان له دایك بوه ، باوکی بەڕیوەبەری گشت یەزیدییەکانی دنیابوه . ساڵی ١٩٤٨ چۆته بەر خوێندن وتوانیویەتی شەشەمی ئامادەیی تەواو بکات و دوایی له زانکۆی بەغدا وەردەگیرێ بەلاّم بەهۆی کوردایەتی و بارو زروفی سیاسیەوه ناتوانێ درێژه به خۆێندن بدا ، ساڵی ١٩٥٩ پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوه دەکاو بەهۆی کارو چالاکیەکانیەوه دوو جار له ساڵەکانی ١٩٦١ تا ١٩٦٣ و ١٩٦٨ تا ١٩٧٠ له زیندانی موسڵ گیراوەو بەلاّم بەهۆی ئەوەی هیچی نەدرکاندوه ئازاد کراوه . ساڵی ١٩٧٢ دەبێته بەرپرسی ناوچەی پارتی له بازێڕی باشیکێ ی سەر بەموسڵ ، ناوبراو بەردەوام دەبێ تاوەکو نسکۆی ١٩٧٥ دواجار ئاوارەی ئێران دەبێ و لەوێشەوه بۆ درێژەدان به خەبات دەچێته تورکیاو سوریا . ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی به ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوه دەکات و یەکێك دەبێ له سەرکردەو فەرماندەکانی مەیدانی و مەفرەزه سەرەتاییەکانی شۆڕش و دەبێته ئەندامی مەکتەبی سیاسی خەتی گشتی یەکێتی تا له ڕۆژی ٨ / ٧ / ١٩٧٨ له کارەساتی هەکاری خۆی و علی عسکری ودکتۆر خالید لەلایەن قیادەی مۆقەتەی پارتیەوه شەهید دەکرێن.

***سەرچاوه : بنەماڵەی شەهیدی سەرکرده***

# کۆچکردو شێخ دارای حەفید



ساڵی ١٩٤١ لەگوندی کوڕەداوێ ی بەری بچوك لە بنەماڵەیەکی دیارو ناوداری ئاینی و نیشتیمان پەروەر لەدایك بوە . لەحوجرە لەبری مەلایەتی وانەی مێژوو ، جوگرافیا ، گوڵستانی سەعدی ، بیرکاری پێ وتوە و ساڵی ١٩٥٣ لە سلێمانی لە سەرەتای دەخوێنێ و لە ساڵی ١٩٥٩ بەهۆی هەڵوێستیانەوە ئاوارەی مەریوانی کوردستانی ئێران دەبن و لە دانش سرا دەخوێنێ ودوای کۆچی باوکی لە ١٩٦٣ دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی وئامادەیی تەواو دەکات ولە ساڵی ١٩٦٩ چۆتە خولی ئە فسەری و بۆتە ئەفسەر و ساڵی ١٩٧١ هاوسەرگیری لەگەڵ ئامۆزایەکی خۆیدا بەناوی ( نەخشین ) کردوەو خاوەنی ٤ کچ و ٣ کوڕە و ساڵی ١٩٧٤ بەشداری شۆڕشی ئەیلول کردوە و دوای نسکۆش بۆتە قایم قایمی ڕانیە و دواتر هەولێرو دوای ماوەیەکیش دەست لەکار دەکێشێتەوە و ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی ی ن ك دەکات و ساڵی ١٩٧٩ بۆتە پێشمەرگەو پلەی جۆراو جۆر دەبڕێ و ساڵی ١٩٨٥ لە پلینیۆمی یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستاندا دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی وساڵی ١٩٨٦ دەبێتە بەرپرسی پەیوەندییەکانی ئێران و یەکێتی و لە ١٩٨٧ بۆتە بەرپرسی مەڵبەندی دوو دواتر ئاوارەی ئێران دەبن لە ١٩٨٨ دواتر لە ١٩٩١ ڕوو لەوڵاتی نەمسا دەکەن و ساڵی ١٩٩٢ دەگەڕێتەوە کوردستان و بۆتە بەرپرسی ناوەندی کۆمەڵایەتی و دواتر بریکاری وەزارەتی ناوخۆ ئیدارەی سلێمانی و لە ١٩٩٧ پۆستی وەزیری هەرێمی وەرگرتوە تا بەداخەوە لە ٢٥ / ١٢ / ٢٠١٢ کۆچی دوایی کردووە .

# كۆچكردو پرۆفیسۆر دكتۆر كمال خۆشناو


Mam Jalal & Dr. Kamal Xoshnaw

كەمال بەگ بایز بەگ ساڵی ١٩٣٩ لە بنەماڵەیەكی دیارو بەگزادە كورد پەروەرەكانی شاری شەقلاوە لەدایك بوەو لەبنەماڵەكەشیان خاوەنی دوو براو سێ خوشك بون. ساڵی ١٩٥٨ چۆتە زانكۆی بەغدا كۆلیجی كشتوكاڵ و هەر لە هەمان ساڵدا پەیوەندی بەڕێكخستنەكانی حیزبی شیوعی عێراقەوە دەكات ، دواتر لە ساڵی ١٩٦٢ خوێندنی تەواوی كردوە وساڵی ١٩٦٣ - ١٩٦٨ لە یوغسلافیا بەپلەی نایاب خوێندنی باڵای تەواو كردوە و لەم بوارەشدا بڕوانامەی دكتۆرای بەدەستهێناوە و دوای گەڕانەوەشی لە بەغدا لە هەیئەی زراعە دامەزراوە . ساڵی ١٩٧٦ بوە بە عەمیدی ڕۆشنبیری و لاوان لە زانكۆی سلێمانی . ناوبراو دواتر واز لە شیوعی دێنێ و پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە دەكات و لە باڵی مەكتەبی سیاسی دەبێت و دوای رێكەوتنامەی ١١ ی ئازاری ١٩٧٠ پلەی جۆراو جۆر دەبڕێ و دوای نسكۆش دەگەڕێتەوە سلێمانی بەلاَم ناتوانێ دابنیشێ بە هۆی چاوەدێری بەعسەوە بۆیە ئاوارەی لیبیا دەبێ و لەگەڵ كۆمپانیایەكی یوگسلافی كاردەكا ساڵی ١٩٧٦ لەگەڵ سەرهەڵدانی( ی ن ك) دەگەڕێتەوە سوریا بەمەبەستی هاوكاریكردنی یەكێتی دەچێتە توركیا بۆ ئەوەی چەك بهێنێ بەم هۆیەوە توركیا فەرمانی گرتنی بۆ دەردەكات بەلاَم ناوبراو لە دەرەوە درێژە بەكارو چالاكیەكانی ئەدا دوای گەڕانەوەشی بۆ شاخ ماوەیەك بەرپرسی مەڵبەندی سێ دەبێت و ساڵی ١٩٨٢ دەكرێتە ئەندامی

مەكتەبی سیاسی و هەر لە هەمانساڵدا ژنی یەكەم دێنێ و دەبێتە خاوەنی دوومناڵ ، ساڵی ١٩٨٧ چوەبۆ ئێران ودواتر بۆتە بەرپرسی پەیوەندییەكانی یەكێتی لە دیمەشقی سووریا . ساڵی ١٩٩١ لەزانكۆی سەلاحەدین بۆتە مامۆستاو ساڵی ١٩٩٣ خێزانی دووەمی پێكەوە ناوەو ساڵی ١٩٩٤ بۆتە سەرۆكی زانكۆی سلێمانی ، ساڵی ٢٠٠٣ بڕوانامەی پرۆفیسۆری وەرگرتوە و ناوبراو خاوەنی دوو توێژینەوە بوە  تا بەداخەوە لە ١٢ / ١٢ / ٢٠٠٤ كۆچی دوایی دەكات.

## شە هید خە سرەو شێرە




خەسرەو هادی ئیسماعیل ساڵی ١٩٥٧ لە گەڕەكی تەیراوەی شاری هەولێر لە بنەماڵەیەكی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر چاوی بەژیان هەڵهێناوەو ئامادەیی پیشەسازی تەواو كردوە. ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی بە ڕێكخستنەكانی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستانەوە كردوەو ساڵی ١٩٨١ بۆتە پێشمەرگە لە ناو ڕیزەكانی یەكێتی نیشتمانی كوردستاندا ، وەكو فەرماندەو سەركردەیەكی وشیارو تێكۆشەر پلەی جۆراوجۆری بڕیوە وشوێن پەنجەی لەكارو چالاكی و ئەركی ڕێكخراوەی دا دیار بوە . لەكۆنگرەی ٢ دووەمی یەكێتی نیشتمانی كوردستاندا دەبێتە ئەندامی سەركردایەتی و بەرپرسی مەڵبەند تا بەداخەوە لە ١ / ٢ / ٢٠٠٤ لە كردەوەیەكی تیرۆریستی لە ناو مەڵبەندی هەولێر لەگەڵ كۆمەڵێك هەڤاڵی دا شەهید ئەبێت .

# کۆچکردو عەزیز بە گ



عزیز سد یق ئەحمەد ساڵی ١٩٢٣ لە ڕانیە لە بنەماڵەیەکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر چاوی بەژیان هەڵهێناوەو بەبنەماڵە دەچنەوە سەر پاشا کۆرەی ڕەواندز کەلەخەبات و تێکۆشاندا شوێن پەنجەیان دیارە . ناوبراو خوێندنی سەرەتایی لەڕانیە تەواو کردوەو ماوەیەکیش لە سەنگەسەر سەرۆکی شارەوانی بوەو ساڵی ١٩٤٧ ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ زەکیە عبداللە یاسین ئاغای غەفوریەکان کردوە . ساڵی ١٩٥٤ دەستی بەکاری تەنزیمی کردوە لە ناو حیزبی شیوعی عێراقی داو ئەرك و فەرمانەکانی ڕاپەڕاندوەو بەم هۆیەوە بۆماوەی دووساڵ دوورخراوەتەوە بۆ دیوانیەی جنوبی عێراق ، لەگەڵ هەلگیرسانی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ یەکێك بوە لەو پیشمەرگە سیاسی و عەسکەرییانەی کە چەکی کردۆتە شان و بەهۆی ئازایەتی و باری کەسێتی و ڕۆشنبریەوە لە ساڵی ١٩٦٣ بۆتە لێپرسراوی ناوچەی ڕانیەی ( پ د ك ) و ساڵی ١٩٦٦ یەکێك بوە لەلایەنگرانی باڵی مەکتەبی سیاسی و بەم هۆیەوە لەلایەن پارتیەوە گیراوە لە بێتواتە و دواتر لەسجن ڕای کردوە چۆتە بەغدا بۆلای مام جەلال و دوای لە ساڵی ١٩٦٧ گەڕاوەتەوە ڕانیەو کارەکانی باڵی مەکتەبی سیاسی ڕاپەڕندوەو ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ یەکگرتنەوەی پارتیدا دەستی بەکارو چالاکیەکانی کردۆتەوە تاوەکو نسکۆ بەردەوام بوەو دوایش ئاوارەی ئێران بوە . لەگەڵ هەلگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ لە ساڵی ١٩٧٦ یەکێك بوە لەو پێشمەرگە سەرەتاییانەی شۆڕش لە ناو بزووتنەوەی

سۆسیالیستی دابوەو لەناوچەکانی خۆشناوەتی و بیتوێن وەکو ڕابەری سیاسی درێژەی بە خەبات داوەو ساڵی ١٩٧٨ بۆتە لێپرسراوی لقی ٤ ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە سنوری هەولێرو خۆشناوەتی و لە کۆنفرانسی ساڵی ١٩٨٢ بۆتە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان و پلەی جۆراو جۆری بڕیوە و بەر لە ڕاپەڕینیش خۆی و کوردۆی کوڕی بەجیهازی ڕاکاڵەوە هاتۆتە سنووری ڕانیە بۆ سەرپەرشتی ڕاپەڕین و لەهەمان کاتیشدا هێڵی پەیوەندی سەرکردایەتی و خەڵکیش بوە بەهۆی جیهازەکەوە . لەدوای ڕاپەڕینیش چەندین پلەی بڕیوەو دواین پلەشی نوێنەری مام جەلال بوە لە سنووری ڕاپەڕین ، تابەداخەوە لە ٢٠٠٣ لەڕانیە کۆچی دوایی کردوە و دوای خۆیشی ٤ کوڕو ٦ کچیشی بەناوەکانی : فائق ، فەرهاد ، کوردۆ ، ئاکۆ ، نەجیبە ، حەسیبە ، ئەدیبە ، کەوسەر ، ئاواز ، سۆسەن بەجێ هێشتووە.

# شه هید سەیدا ساڵح یوسفی



ساڵی ١٩١٨ لەگوندی بامەڕنی لە خێزانێکی کوردپەروەر لەدایك بوەو قورئانیشی لای باوکی تەواو کردوەو دواتر لەساڵی ١٩٤٣ دارالعلوم / الشریعە بەپلەی نایاب تەواو دەکات وەکو نوسەری دادگای موسڵ دادەمەزرێ و ساڵی ١٩٤٨ هاوسەرگیری دەکاو دەبێتە خاوەنی ٦ مناڵ و لەساڵی ١٩٣٩ سەیدا بەهاوکاری برادەرکانی کۆمەڵەی بروسك یان دامەزراند ودواتر لەساڵی ١٩٤٢ حیزبی هیوایان لە هەولێر ڕاگەیاندو ساڵی ١٩٤٥ پارتێکی نوێ ی بەناوی ڕزگاری کورد و دواتر لە ساڵی ١٩٤٦ بوە بەشێکی سەرەکی لە پێکهێنانی پارتی دیموکراتی کوردستان ، سەیدا بوە یەکێك لەئەندامی سەرکردایەتی ئەم پارتەو ساڵی ١٩٦٠ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی بوو لەزیندانی موسڵ گیراو دوای خۆڕاگری ساڵی ١٩٦٢ ئازادبوو کرایە لێپرسراوی لقی ٥ ی پارتی بەنهێنی .. ناوبراو کەسێکی ڕۆژنامەنوس بوو شوێن پەنجەی دیاربوو بە ڕۆژنامەی برایەتی و التأخی ، لەڕێکەوتنامەی ئازاری ١٩٧٠ سەیدا یەکیك دەبێ لەوەزیرە کوردەکان کە پۆستی وەزیری دەوڵەتی دەدرێتێ و لەهەمان کاتیشدا سەرۆکایەتی یەکێتی نوسەرانی کوردو کۆمەڵەی ڕوناکبیریشی گرتبوە ئەستۆی خۆی و بوە سەرۆکی گۆڤاری شمس کوردستان بەهەردووزمان دەرئەچوو ، سەرنوسەری گۆڤاری ( ستێرە ) منداڵان بوە و لە هەمانکاتیشدا سەرپەرشتیاری ڕێکخراوە پیشەییەکانی کردوەو دیپلۆماتکارێکی سەرکەوتوش بوە لەنێو دەوڵەتدا ، لە نسکۆشدا ئاوارەی

ئێران دەبن و دواتر دەگەڕێنەوەو لە بەغدا نیشتەجێ دەبن و ژیانێکی ناخۆش دەبەنە سەر . لە ١٢ / ٤ / ١٩٧٦ بەئامادەبونی ٦ کەس بزووتنەوەی سۆسیالیستیان دامەزراندوەو سەیدا وەکو ڕابەر دەست نیشان دەکرێ لەڕێکەوتی ٨ / ٨ /١٩٧٦ کۆمەڵێك سەرکردەو فەرماندەی سۆسیالیست ڕوولە شاخ دەکەن ولەنیمچە بەرەی ( ی ن ك ) یەکدەگرنەوە لە ٨ / ٨ / ١٩٧٩ دوای جیابونەوەیان لە یەکێتی سەیدا هەروەکو سکرتێر دەمێنێتەوە لە ناوخۆی ولاّتدا بەلاّم بەداخەوە بەعس لەڕۆژی ٢٥ / ٦ / ١٩٨١ لەڕێگای پیلانێکەوە کەپۆستی بەریدی مین ڕێژ کراوی بۆ دەنێرنە ماڵەوە و لەکاتی کردنەوە پیا دەتەقێتەوەو لە نەخۆشخانەی یەڕموك گیانی لەدەست ئەداو شەهید دەبێ .

# شه هید سەعدی گچکە



سەعدی عەزیز حەمەد ئەمین ساڵی ١٩٤٣ لە گوندی سێبیران لە ناوچەی قوشتەپە ی پاریزگای هەولێر لە خێزانێکی جوتیار لە دایك بوە و سەرەتا لە فەقێتی خوێندویەتی و دواتر چۆتە قوتابخانەو بەلاّم نەیتوانیوە درێژە بەخوێندن بدات بەهۆی هەژاریەوە و دواتر لە سەیداوای شاری هەولێر نیشتەجێ بون و ژیانی بە کرێکاری بە سەربردوەو ساڵی ١٩٦٢ بۆتە سەربازو ساڵی ١٩٦٣

له ناوچەی چەمی ڕێزان پەیوەندی بەشۆڕشی ئەیلولەوە دەکات و زۆر بوێرو ئازایانە پلەکانی پێشمەرگایەتی دەبڕێ تا دەگاتە فەرماندەی بەتالیۆن . ساڵی ١٩٧٥ لەشاری مەهاباد دەگیرسێتەوەو دواتر دەگەڕێتەوە کوردستان ودرێژە بەخەباتی سیاسی دەداوبەشدار دەبێ لە دامەزراندنی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان . ساڵی ١٩٧٦ دەبیتەوە بە پێشمەرگەو ڕوو لە قەندیل دەکات و دواترجاڕی شۆڕش لەناوچەکانی هەولێرو خۆشناوەتی و کۆیە دەدا . لە ٣١ ی ئاب و١٢ای ئەیلولی ١٩٧٧ لەیەکەم کۆبونەوەی سەرکردایەتی ( ی ن ك ) لەدۆڵی گۆستەی بادینان بەڕیوە چوو ناوبراو یەکێك بوو لەو شەش ئەندام سەرکردایەتیەی یەکێتی کەدیاری کراوەکو ئەندامی سەرکردایەتی لەبزووتنەوەی سۆسیالیستی و لەهەمان کاتیشدا بوە فەرماندەی هەرێمی ٨ ی هەولیر یەکێك بوولە فەرماندە دیاروناوداراەکان کەخاوەنی داستان و نەبەردی بوەو مێژوو شاهیدی بۆ دەدا. بەلاًم بەداخەوە لەڕۆژی ٨ ی ئازاری ١٩٧٨ کە بۆ کۆبونەوەی سەرکردایەتی بەڕێ دەکەوێ بەرەو نۆکان بەلاًم هێزەکەی لەگوندی دەشتێو لەگەڵ دوژمن دەکەونە شەڕێکی نابەرامبەرەوە خۆی و١٢ پێشمەرگەی شەهید دەبن و ٤ پێشمەرگەی تریشی بەبریندار دەگیرێن وله ٢١ ی حوزەیرانی هەمان ساڵدا لە موسڵ لە سێدارە دەدرین .

# شه هيد عه‌لى عه‌سكه‌رى



ساڵى ١٩٣٧ له‌گوندى عه‌سكه‌رى ناوچه‌ى ئاغجله‌ر له دايكبوه‌و به ڕه‌چه‌ڵه‌ك ده‌چێته‌وه سه‌ر ئاينى بزووتنه‌وه‌ى حه‌قه‌يه و له‌بنه‌ماڵه‌يه‌كى شۆڕشگێڕن وباوكيشى به‌شدارى شۆڕش وڕاپه‌ڕينه‌كه‌ى شێخ محمودى كردوه‌و خۆيشى له سه‌ره‌تاى په‌نجاكاندا په‌يوه‌ندى به‌يه‌كێتى قوتابيانى كوردوستانه‌وه كردوه‌و بۆته ئه‌ندامى بالأى هه‌ردوو ڕێكخراوى قوتابيان و لاوان و له ساڵى ١٩٥٩ له‌كۆنگره‌ى چواره‌مى پارتيدا بۆته ئه‌ندامى ليژنه‌ى بالأى چاوه‌دێرى و پشكنين و له‌كۆنگره‌ى پێنجه‌مى پارتيدا بوه ئه‌ندامى سه‌ركردايه‌تى پارتى . له شه‌ڕه‌كانى بارزان به‌شدارى كردوه هاوكارى بارزانيه‌كانى كردوه‌و ساڵى ١٩٦١ ڕۆڵى به‌رچاوى هه‌بوه له هه‌ڵگيرسانه‌وه‌ى شۆڕش ودواتر له سليمانى بۆته فه‌رمانده‌ى هيزى خه‌بات و ساڵى ١٩٦٤ پشتگيرى له‌مام جه‌لال كردووچۆته ئێران ودواتر گه‌ڕاوه‌ته‌وه بۆ كوردستانى عێراق و ساڵى ١٩٧٤ هاتنه‌وه ناو پێشمه‌رگايه‌تى و ڕۆڵێكى جواميرانه‌ى بينى له‌ناوچه‌ى حاجى ئۆمه‌ران و هێزه‌كانى دوژمنى تێك شكاند . وه‌له نسكۆشدا داواى به‌رگرى وبه‌رخودانى كرد به‌لأم گوێى لێ نه‌گيرا ، ناوبراو به‌شداربوو له كۆبونه‌وه‌ى ورمێ بۆ هه‌لگيرسانه‌وه‌ى شۆڕش دواتر گه‌ڕايه‌وه عێراق و ئاواره‌ى جنوب كراو به‌لأم شه‌هيدى سه‌ركرده‌و فه‌رمانده هه‌ر به‌رده‌وام بوو له‌خه‌بات و يه‌كێك بو له‌و كه‌سانه‌ى به‌شداربوو له‌دامه‌زراندنه‌وه‌ى بزووتنه‌وه‌ى سۆسياليستى و له‌گه‌ڵ هه‌لگيرسانه‌وه‌ى شۆڕشدا چوه شاخ و بوه فه‌رمانده‌ى گشتى هێزى پێشمه‌رگه‌ى كوردستان و له‌كۆبونه‌وه‌كانى برادۆست بوه

ئەندامی مەکتەبی سیاسی ( ی ن ك ) سەر بە بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان بەلاَم بەداخەوە یەکەمین ڕەتلْ بوو کە بەرەو هەکاری و برادۆست و بادینان ڕۆی بۆ هێنانی چەك لەگەلْ هیزەکانی (پ د ك )دوای شەڕێکی بەرگری کارانە کەبەکارەساتی هەکاری ناسراوە بەدیلی دەگیرێ و دواتر لەسالْی ۱۹۷۸ شەهید دەکرێت .

## شه هید خالید سەعید



سالْی ۱۹۳٤ لە شاری کۆیە لەدایك بوەو لە سالاَنی پەنجاکان بەهۆی یەکێتی قوتابیانی کوردستان چۆتە ناوکاروباری سیاسەتەوەو سالْی ۱۹۵۸ پەیوەندی بەڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردوەو بۆتە ئەندامی لێژنەی کۆیەو لەسەرەتای شۆڕشی ئەیلولی ۱۹٦۱ بوە پێشمەرگەو بەهۆی ئازایەتی و لێهاتویەوە بۆتە سەرلق و فەرماندەی بەتالیۆن و هەندێ جاریش فەرماندەیی هێزە گەڕۆکەکانی دەکرد تاوەکو نسکۆ و لەهەمان کاتیشدا هەر لەسالْی ۱۹۷۵ بەشداری کۆبونەوەی ورمێی کرد کەبەهۆی نسکۆکە بەسترا و گەڕایەوە کوردستان و بەعس دووری خستەوەو لەنەخۆشخانەی شەماعیەی بەغدا بەموچەخۆر دایمەزراند و ناوبراو لەوێ پەیوەندی دامەزراند لەگەلْ دەستەی دامەزرینەرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە سوریا و هەر لەو سالّەدا بەشداری دامەزراندنی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانی کردو سالْی

١٩٧٦ چۆت ەشاخ و بۆتە پێشمەرگەو ساڵی ١٩٧٧ بۆتە ئەندامی سەرکردایەتی ( بزووتنەوە )و لە بەهاری ١٩٧٨ یەکەم ڕەتڵ بوە بۆهێنانی چەك چۆتە ناوچەی برادۆست و هەکاری بەڵام بەداخەوە خۆی وعلی عەسکەری و حسێن بابەشێخ دوای شەڕیکی دەستەو یەخەو نابەرامبەر بەدیلی دەگیرێن و لەلایەن ( پ د ك ) فەرمانی کوشتنیان بۆ دەردەچێ و شەهید دەبن

## شه هید حەمە غەفوور ئاغجەلەری



محمد غفور أحمد ساڵی ١٩٣٩ لە بنەماڵەیەکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر لە ناوچەی قەلا سێوکەی سەر بە پارێزگای کەرکوك چاوی بەژیان هەڵهێناوە . بەهۆی سەختی ژیانەوە پۆلی سێ یەمی ناوەندی تەواوکردوە ، ساڵی ١٩٦٠ پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردوە و ساڵی ١٩٦١ بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردوەو کەسێکی کۆمەلآیەتی وهێمن و ڕۆشنبیرو بوێر بوەو لەکارو چالاکیەکانیدا سەرکەوتوو بوەو دواین پلەشی فەرمانەدی بەتالیۆن بوەو لە شەڕی دەربەندی بازیاندا توانی فرۆکەی دوژمن بەربداتەوە ، بۆیە شوێن پەنجەی ئازایەتی هەمیشە دیاربوە و ناوبراو تا نسکۆی شۆڕشی ئەیلول درێژەی بەخەبات داوە و دواتر ئاوارەی ئێران بوە و لە گەڵ هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی چەکداری ساڵی ١٩٧٦ یەکێك بوە لە سەرکردەو فەرمانەدکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی لەناو ( ی ن ك ) ئەندامی سەرکردایەتی بزووتنەوەی سۆسالیستی کوردستان و فەرمانەدی هەرێمی دووی کەرکوك بوە و بەهۆی

ئازایەتی و خاکیبونی و کۆمەڵایەتیەوە جێی متمانەی خەڵکی سنوورەکە بوە و بەهۆی ناوداری ناوبراوەوە بەعس بنەماڵەکەیان هەمووی زیندانی ئەکاو ٤٥ ڕۆژ لەدوای شەهیدبونی ئەوجار ئازادیان دەکات . بەلآم بەداخەوە لە ٢٣ / ٧ / ١٩٧٧ لە سەر دەستی مەفرەزەیەکی سەرکردایەتی کاتی پارتی خۆی وهەشت لە هاوڕێکانی شەهید دەکرێن لە گوندی کانی بی دەشتی کۆیە.

***سەرچاوە : بنەماڵەی شەهیدی سەرکردە***

# شه هید ملازم جمال خۆشناو



جمال ئەحمەد محمد ساڵی ١٩٤٨ لە بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕو نیشتمان پەروەرلەگەڕەکی قەلاّتی شاری هەولێر چاوی بەژیان هەڵهێناوە . ساڵی ١٩٧٠ کۆلیژی پۆلیسی خولی ٢٤ ی لە بەغدا تەواوکردوە و لەهەمان کاتیشدا یەکێك بوە لە تەنزیمە دێرینەکانی شۆڕشی ئەیلول ودواتر دەبێتە پێشمەرگەیەکی لێ هاتووی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەهۆی دڵسۆزی و ئازایەتی و خاوەن دسپلین و ئیلتزامات بۆتە سەرلق و شوێن پەنجەی دیاربوە وەکو کەسێکی سیاسی و عەسکەری و ڕۆشنبیر تانسکۆی شۆڕشی ئەیلول درێژەی بەخەبات و تێکۆشان داوەو دواتر ئاوارەی ئێران بوەو دوای لە سوریا نیشتەجێ بوەو لەوێوە درێژەی بەکارو چالاکیەکانی داوەو لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٦ یەکێك بوە لەو سەرکردەو دامەزرێنەرانەی کە لە لێژنەی ئامادەکاری پارتی دیموکراتی کوردستان دابوەو دواتر پەیوەندی کردوە بە بزووتنەوەی سۆسیالیستی

کوردستان و بەهۆی لەخۆبردوی و فیداکاری و باری ڕۆشنبیریەوە پلەی جۆراو جۆری بڕیوە و توانیویەتی لەسوریاوە چەك وپێداویستیەکانی شۆڕش بەڕێگای قاچاخ بگەێنێتە ناوچەکانی شۆڕش لەڕووی مادی و مەعنەویەوە کارێکی گەورەی بۆ شۆڕش کردوەو هەربەم هۆیەوە بوە بۆتە ئەندامی سەرکردایەتی بزووتنەوەی سۆسیالیستی ، ساڵی ١٩٧٧ یەکێك بوە لەو سەرکردەو فەرماندە نەترسانەی دەشتی هەولێرو خۆشناوەتی کەناوچەکە شاهیدی دلسۆزی و بوێری و خۆشەویستی ئەو ئەدەن بۆ خاکەکەی کەتەمەنی لاویەتی بۆ تەخان کردبوو .. ناوبراو پێش شەهیدبوونی پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کچێکی عەرەبی سوری دا هەبوەو بەڵێنیان بەیەکتری دابوو کەژیانی هاوسەری لە پەنای کەژوکێوەکانی کوردستاندا پێك بهێن بۆئەم مەبەستەش نامەیان ئاڵوگۆڕدەکرد ودەیانوت مەگەر مردن لەیەکتریمان جیاکاتەوەو هەردولایان چاوەڕوانی دیداروبەیەکگەیشتن بون ، بەڵام بەداخەوە ئاواتەکەیان چوە ژێرگڵەوە و لەدوای یەك مانگ لە ناردنی نامەکەی لە ١٩ / ١٠ / ١٩٧٧ لە نێوان سناوە و نازەنین لەگەلی باروتی بناری سەفین لە شەڕێکی دەستەو یەخەی نابەرامبەر دوای بەرگریەکی کەم وێنە ، خۆی و یاسین قادر مۆرتکەیی شەهید دەبن و تەرمەکەشیان دەکەوێتە دەستی هێزەکانی بەعس لەلایەن شارەوانیەوە لە گۆڕستانی شێخ ئۆمەرلە هەولێر بەخاك دەسپێردرێ وەکو سەرکردەو سەربازێکی ون بوو کە ئیستاش نازانرێ کامە گۆڕەکەیەتی بەدیاری کراوی چونکە ماڵی باوکی لەلایەن بەعسەوە هەمیشە لەژێر هەڕەشەو زیندان و گرتن دابون و کاتێك جمال یان شەهید ئەبێ لەناخی دڵیاندا لە دڵ وخوێن و فرمێسکدا ئەینێژن و ناتوانن پرسەی

بۆدابنێن و لەلایەن خێرخوازێکەوە پێ یان دەوترێ کەتەرمی شەهیدی سەرکردە لەگەڵ ئەم کۆمەڵە قەبرەدایە و کەنازانرێ کامەیە گۆڕەکەیەتی بۆئەوەی تاجەگوڵینەی زێڕینی لێ دابنێن . ئەوبنەماڵەیەش خاوەنی ٥ براو ٣ خوشکن بەناوەکانی : جمال ، فازل ، هێرش ، نیزال ، هێمن ، دڵخواز ، ئاواز،ئاراس لەهەمان کاتیشداخاوەنی دووشەهیدن بەناوەکانی جمال و فازل.

## شه هید علی هەژار



علی عبدالله علی ساڵی ١٩٤٣ له عەوێنەی شاری هەولێر لەبنەماڵەیەکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر لەدایك بوە و ساڵی ١٩٦٢ خانەی مامۆستایانی تەواوکردوە . ناوبراو دوو ژنی هێناوە وله ساڵی ١٩٧٦ کۆلیژی یاسای تەواوکردوە و له دادگای هەولێر پارێزەری کردوەو ئەندامی یەکێتی نوسەران و کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی و پارێزەران و ڕۆژنامەنوسان ... هتد ناوبراو له ساڵی ١٩٦١ بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردوەو پلەی جۆراوجۆری بڕیوە ساڵی ١٩٧٤ بۆتە ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و دوای نسکۆش ئاوارەی ئێران بوە . ناوبراو یەکێك بوە لەوانەی بەشداری دامەزراندنی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانی کردوەو یەکێك بوە له سەرکردەی سۆسیالیست بەنهێنی ، دواتر گەڕاوەتەوە عێراق و حوکمەت نەفی کردوە بۆ خواروی عێراق بەڵام شەهیدی سەرکردە درێژە بەخەبات تێکۆشانی نهێنی ئەداو تا بەداخەوە لەساڵی ١٩٧٩ لەگەڵ شەهیدکاردۆ گەلاڵی دەیانەوێ بچنە شاخ بەڵام لەلایەن بەعسەوە دەگیرێن وتاوەکو ئێستا بێ سەروشوێنن و له سێدارە دەدرێن.

## شه هيد كاردۆ گەلاڵی



سەركردەونوسەرو پارێزەر ساڵی ١٩٥١ لەگوندی كەردزی سەر بەناحیەی قوشتەپە لە خێزانێكی دلسۆزو نیشتمان پەروەر لە دایكبوە . لە قۆناغی سێیەمی یاسادا بوە كە بەشداری شۆڕشی ئەیلولی كردوە و دوای نسكۆش ئاوارەی ئێران بوە . ناوبراو یەكێك بوە لە دەستەی دامەزرێنەری بزووتنەوەی سۆسیالیستی و سەركردەو نوسەرێكی لێهاتووبوەو خاوەنی چەندین وتاری جۆراوجۆر بوە لەبواری ڕاگەیاندن و بلاّوكراوەكاندا كە لە ژێر ناوی نهێنی و ئاشكرادا نوسیویەتی و شوێن پەنجەی دیاربوە ، بەلاّم بە داخەوە لە ساڵی ١٩٧٩ دەیەوێ لەگەڵ شەهید علی هەژاردا ببنە پێشمەرگە لەڕێگادا دەگیرێن و دواتر لە سێدارە دەدرێن.

## شه هيد سەلام ڕەوف أحمد



ساڵی ١٩٦٣ لەگوندی موغاغی ناوچەی سورداش لە خێزانێكی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر چاوی بەژیان هەڵهێناوە و بە هۆی بژێوی سەختی ژیانی بنەماڵەكەیان خوێندنی سەرەتای تەواو كردوەو شانی داوەتە بەر كاركردن . ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی بە ڕێكخستنەكانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی كوردستانەوەئەكات ، ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی كوردستانەوە لەناو حیزبی سۆسیالیستی كوردستانەوە ئەكات چالاكانە ئەرك و فەرمانەكانی ڕادەپەڕێنێ تا لە ٢٤ / ١١ / ١٩٨٢ لە شەڕێكی نابەرامبەر

لەگوندی قەرەچەتان دوای ئەوەی بەسەختی بریندار ئەبێ خۆی و دوو لە هەڤاڵەکانی بەدیلی دەگیرێن و نمونەی خۆڕاگری زیندان ئەبێ و لە محکمەی سەورە لە بەغدا حوکمی ئەبەدی بە سەردا ئەدرێ بەڵام دواتر بەهۆی لێبوردنی گشتیەوە لە ساڵی ١٩٨٨ ئازاد ئەبێ و درێژە بەکارو چالاکیەکانی ئەدات و سەرپەرشتی بەشێکی ڕێکخستنەکانی ناو شار دەکات و دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ پلەی جۆراو جۆر دەبڕێ و ساڵی ١٩٩٢ بۆ جاری دووەم بریندار دەبێت . لەکۆنگرەی دووەمی سۆسیالیستدا لە ١٥ / ١١ / ١٩٩٤ دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی و لێپرسراوی لقی کرکوك و دواتر لێپرسراوی مەکتەبی ڕێکخستنی ناوەندی حیزب تا بەداخەوە لە ١٣ / ٢ / ١٩٩٦ لە ناو شاری سلێمانی تیرۆر دەکرێت.

***سەرچاوە : بنەماڵەی شەهید ی سەرکردە***

# شه هید ڕێناس



قەیس محمد ئەحمەد ساڵی ١٩٦١ لە خێزانێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر لە زاخۆی دەلال چاوی بەژیان هەڵهێناوە و تا قۆناغی ئامادەیی دەخوێنێ. باوکیشی کە عەریفی پۆلیس بوەو بەخۆی و پۆلیسەکانیەوە پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلولی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەکات ، ساڵی ١٩٦٨ باوکی ڕێناس لە شەڕێکدا دژی بەعس بریندار دەبێ و بەداخەوە بەهۆی سەختی برینەکەی شەهید دەبێت و

بنەماڵەکەشیان دوای نسکۆ ئاوارەی ئێران دەبن و دواتر دەگەڕێنەوەو نەفی خوارووی عێراق دەکرێن . شەهید ڕێناس ساڵی ١٩٨٥ لە ناو حیزبی سۆسیالیستدا دەبێتە پێشمەرگەو دواتر دەکەوێتە باڵی قادر عزیزو زەحمەتکێشان دروست دەکەن و درێژە بەخەبات و تێکۆشانی خۆی دەدات . دوای ڕاپەڕینیش پلەی جۆراوجۆر وەردەگرێ و لەکۆنگرەی ساڵی ١٩٩٢ حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دەبێتە ئەنامی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دهۆك ، تا بەداخەوە لە شەوی ٢٩ – ٣٠ تەمووزی ١٩٩٣ دوای گرتنی بارەگای لقی دهۆکی زەحمەتکێشان لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە ناوبراو شەهید دەکرێت .

***سەرچاوە : هەڤاڵی شەهیدی سەرکردە***

# کۆچکردو قادر شۆڕش



قادر حمد ساڵی ١٩٢٤ لە گوندی قەراسنجی سەرو لە بنەماڵەیەکی دڵسۆزو نیشتمان پەروەرو زەحمەتکێش چاوی بەژیان هەڵهێناوە و ساڵی ١٩٣٨ باوکی کۆچی دوایی کردوەو دواتر بۆبژێوی خێزانەکەی لە هەولێر نیشتەجێ دەبن . ساڵی ١٩٤٣ – ١٩٤٦ لەڕێگای ئینگلیزەکان لە عێراقدا لە قوبرس سەربازی لیڤی بوەو لەو ماوەیەشدا فێری زمانی عەرەبی و ئینگلیزی بوەو دواتر وازی هێناوەو بەشداری حیزبی هیواو شۆڕش بوە ، ساڵی ١٩٤٦ بۆتە ئەندامی ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان . ساڵی ١٩٤٧ بە ساعی داخلی پۆستەچی دامەزراو ساڵی ١٩٥٤ بەهۆی کاری تەنزیمی بۆئەم پارتە لەکرکوك

و بەغدا زیندانی دەبێت و لە مانگی ٣ / ١٩٥٦ ئازاد دەکرێت و ناوبراو بەرپرس و خاوەنی کتێبخانەی شۆڕش بوە لە هەولێر کە لەلایەن پارتیەوە دامەزراوە بەناوی مامۆستا گیوی موکریانی نازناوی شۆڕشیش لەوێدا بەسەریدابڕا، ساڵی ١٩٥٨ بە ئاشکرا لە ڕیزەکانی پارتیدا کاری کردوە ، بەڵام بەداخەوە لە ساڵی ١٩٦١ جارێکیتر زیندانی دەکرێتەوەو ساڵی ١٩٦٣ بەردەبێت و دواتر وەکو کادرێکی وشیارو بەئاگای پارتی کاردەکات لە ناوجوتیاراندا. ساڵی ١٩٦٥ لە هێزی سەفینی پارتی دەبێتە پێشمەرگە . ساڵی ١٩٧٠ بۆتە لێپرسراوی ناوچەی کۆیە و پلەی جۆراو جۆری بڕیوە و لە نسکۆشدا ئاوارەی ئێران دەبێت و دوای دەگەڕێتەوە هەولێرو دەست بەکاری تەنزیمی ئەکا لەناو بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و دەبێتە بەرپرسی ئەم ڕێکخراوە لە ناو شاری هەولێر دەوری شیاو گرینگی خۆی دەبینێ لەکۆکردنەوەی جەماوەردا بۆ ڕیزەکانی ڕێکخستن . ساڵی ١٩٧٩ دەبێتە پێشمەرگەی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان و بە هۆی ئازایەتی و دڵسۆزی و ڕۆشنبیریەوە پلەی جۆراو جۆر دەبڕی و بەم هۆیەشەوە کەسوکارەکەی هەمیشە ئەئەشکەنجەو ئازارو زیندانی دابون ، لە یەکەم کۆنگرەی حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتوی کوردستان لە ١٢ / ٥ / ١٩٨١ هەڵبژێردراوە بە ئەندامی سەرکردایەتی و لێپرسراوی لقی هەولێر مێژوو شاهیدی خۆنەویستی ئەم سەرکردەیە ئەدا ، تا بەداخەوە لە ١١ / ٦ / ١٩٨٣ بە هۆی نەخۆشی ڕیخۆڵە کوێرەوە کۆچی دوایی دەکات و بۆ ڕۆژی دوای بە نهێنی لە شاخەوە دەیگەڕێننەوە هەولێرو لە گۆڕستانی ئیمام محمد بە خاك دەسپێردرێت.

# شه هید شێرکۆی شێخ عەلی



شێرکۆ شێخ علی محمد سدیق ساڵی ١٩٤٩ لە بنەماڵەیەکی دیارو شۆڕشگێڕو نیشتمان پەروەر لە گوندی سەرگەڵوی لانەوبنکەی شۆڕش چاوی بەژیان هەڵهێناوەو بنەماڵەکەشیان خاوەنی سێ شەهیدن لەڕێگای خەباتدا بە ناوەکانی ( شێرکۆ، بێستون ، ئاراس کە لە کارەساتی هەکاریدا شەهیدبوە) ناوبراو بەهۆی ئەوەی لە سەردەمی لاوێتیەوە خاوەن هەستێکی نەتەوەیی بوە بۆگەلەکەی تێکۆشاوە بۆیە بەم هۆیەوە قۆناغەکانی خوێندنی بەزەحمەت وزیندانی و ئاوارەیی و شۆڕشگێڕی تەواو کردوەو لە ساڵی ١٩٥٥ لە سەرگەڵو دەستی بەخوێندن کردوەو دواتر چۆتە سلێمانی و ئەمجار قەڵادزەو دواجاریش کە نەفی کرابوو بۆدیوانیەی خوارووی عێراق توانی ساڵی ١٩٧٠ دارألمعلمين تەواو بکات و بگەڕێتەوە شاری سلێمانی . ساڵی ١٩٦٢ پەیوەندی بەیەکێتی قوتابیان ولاوانی دیموکڕاتی کوردستانی سەربە( پ د ك )وە دەکات و بەهۆی کارو چالاکیەکانیەوە پلەی جۆراو جۆر دەبڕێ و لە قەلادزە دەبێتە بەرپرسی ئەم ڕێکخراوە ، ساڵی ١٩٦٦ لەلایەن ڕژێمەوە بۆماوەی ساڵێك و سێ مانگ لەبەکرەجۆ خۆی و هەندێ لە هەڤاڵەکانی زیندانی دەکرێن و دوای ئازاد بونیشیان درێژە بەخەبات و تێکۆشان دەدەن بەڵام بەداخەوە دوای ماوەیەکی کەم دووبارە دەخرێتەوە زیندان بۆ ماوەی ساڵێك لە زیندانەکانی ڕومادی و ئەمنی عامەی بەغدادە گیرێت ، دوای خۆڕاگری و بوێری ئازاد دەکرێ وەکو نەفی کراوێك لە دیوانیە نیشتەجێ دەبێ دواتر لە ساڵی ١٩٧٠ دەگەڕێتەوە شاری سلێمانی و درێژە بەخەبات دەدات و ساڵی ١٩٧١

دەبێتە بەرپرسی ناوچەی قەرەداغی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەمجار بەرپرسی کۆمەڵەی جوتیاران لە سلێمانی . ساڵی ١٩٧٣ ژیانی هاوسەری لەگەڵ سەرگوڵی حاجی دەروێشی چوارتای پێکهێناوەو خاوەنی ٥ پێنج منداڵ بوە بەناوەکانی ( ئاکۆ ، گۆنا ، رۆژگار، شیلان ، زمناکۆ ) بەهۆی ئازایەتی و ڕوناکبیری شەهید شێرکۆوە بنەماڵەکەشیان لە ساڵی ١٩٨١ زیاتر لە ساڵێك لەزیندانی سوسێ دەگیرێن و بەهۆی گرتنی چەند پزیشکێکی بریتانی لەلایەن شێرکۆوە ئاڵوگۆڕ دەکرێن و ئازاد دەکرێن و لەناوچە ئازادکراوەکان بنەماڵەکەیان نیشتەجێ دەبن . ناوبراو تانسکۆیەکێك دەبێت لە خەباتگێڕەکان و ئەندامی دامەزرێنەری بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان بوەو ساڵی ١٩٧٨ بەهۆی ئەزمون و لێهاتویەوە دەبێتە فەرماندەی هەرێمی چوارو دەوری شیاو بەرچاوی دەبێ لەسنوورەکەیداو بۆیە دوژمن بەهۆی سیخوڕێکەوە لەگوندی چوخماغ لە مانگی ١٠ ی ١٩٨٠ کەمیوانی ئەو ماڵە دەبێ نارنجۆکێك هەڵئەداتە ماڵەکەوە و شێرکۆش بۆ سەلامەتی گیانی ماڵەکە نارنجۆکە فڕێ ئەداتە دەرەوەو بەم هۆیەوە دەستی ڕاستی ئەپەڕێت و دوای شەش مانگ لە نەخۆشخانەی ئێران دەگەڕێتەوە کوردستان . لە یەکەم کۆنگرەی حیزبی سۆسیالیستی کوردستاندا لە ١٢ – ١٥ / ٥ / ١٩٨١ دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی ئەم حیزبە ، تا بەداخەوە لە ٢٠ / ٨ / ١٩٨١ لە بارەگای خۆی لە سێکانیان شێرکۆ میوانداری هێزێکی جمالی عەلی باپیری سەربە ( ی ن ك ) کردبوو بۆ ئەم مەبەستەش دووحەیوانی بۆ سەربڕیبون بەڵام ئەوان داوای چەك کردنی لێ ئەکەن و ئەمیش خۆ بەدەستەوە نادات و لە ئەنجامدا شەڕلە نێوان هەردولا دروست ئەبێ و شێرکۆ و جمال و نۆ پێشمەرگە لە هەردولا شەهید دەبن.

***سەرچاوە : بنەماڵەی شەهیدی سەرکردە***

# شه هید ئەحمەد فقێ ڕەش



ئەحمەد فقێ ئەحمەد سلێمان ساڵی ١٩٤٧ لەگوندی ڕوست لە بنەماڵەیەکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر چاوی بەژیان هەڵهێناوە و تاقانەی سێ خوشکان بوەو نازناوی فقێ ڕەش لەباوکیەوە بۆی ماوەتەوەو کە کەسایەتیەکی دیارو شۆڕشگێڕی ناوچەی باڵەکایەتی بوە . قۆناغی ناوەندی تەواو کردوەو کەسێکی ڕۆشنبیرو شۆڕشگێڕ بوەو زمانەکانی عەرەبی و فارسی زانیوە ، ناوبراو بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردوەو تانسکۆ بەردەوام بوەو دواتر ئاوارەبوە لە ئۆردوگای بابك لە پارێزگای لوڕستان . لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٦ دەچێتەوە شاخ و لەناو بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان درێژە بەکارو چالاکیەکانی دەدات و بەهۆی کەسایەتی سیاسی و عەسکەریەوە پلەی جۆراو جۆر دەبڕێ و وەکو فەرماندەی هەرێمی حەوت و نۆو جێگری فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان و ئەندامی سەرکردایەتی و پاڵێوراو بۆ ئەندامی مەکتەبی سیاسی ، هەر بەم هۆیەشەوەبوە خێزانەکەیان بۆماوەی یەك ساڵ زیندانی بون لە ئەبوغرێب ، تابەداخەوە لە ٢٦/ ١١ / ١٩٨٥ لە شاری شنۆی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەبەرنامەو پیلانێکی داڕێژراوی لایەنێکی دیاریکراو بەدەستی چەند کەسانێك شەهیدی دەکەن.

***سەرچاوە : خزمی بنەماڵەی شەهیدی سەرکردە***

# شه هيد ملازم تايەر




تايەر على والى ميران بەگ ساڵى ١٩٣٨ له بنەماڵەيەكى دڵسۆزو نيشتمانپەروەرى سەر بە بنەماڵەى خدربەگى شۆڕشگێڕو خاوەن هەڵوێستن ، له شارى سلێمانى چاوى بەژيان هەڵهێناوەو باوكى ئەفسەرى پۆليس بوەو كه بەعەلى قامچى ڕەش بە ناوبانگ بوەو ناوبراو خاوەنى چوار ئامۆزاى شەهيده له ڕێگاى خەباتدا. ئامادەيى زانستى هەر لەشارى سلێمانى تەواو كردوەو ساڵى ١٩٥٧ چۆتە كۆليژى سەربازى له بەغدا و ساڵى ١٩٦٠ بەپلەى ملازم دەرچوەو دواتر خولى تۆپخانەى تەواوكردوە . لەگەڵ هەڵگيرسانى شۆڕشى ئەيلولدا لەساڵى ١٩٦١ بۆتە پێشمەرگەو بەهۆى ئازايەتى و لێهاتويەوە پلەى جۆراو جۆر دەبڕێ وەكو فەرماندەى : سەرلق و بەتاليۆن و هێزو پەيوەندييەكانى دەرەوەو فەرماندەى فەوج ..هتد له ٢٤ /٣ / ١٩٦٧ لەگەڵ منيرەى ئامۆزاى دا ژيانى هاوسەرگيرى له شاخ پێكهێناوەو خاوەنى سێ كچ و دووكوڕن بەناوەكانى ( هەوار، هاژە ، هەناو ميران و كاكەسەعيد ) شەهيدى سەركردەو فەرماندە تاوەكو نسكۆ درێژە بەتێكۆشان ئەداو دواتريش دەگەڕێتەوە شارى سلێمانى و دوور دەخرێتەوە وەكو فەرمانبەر له عەممارەى خوارووى عێراق و هەر لەوێشەوە پەيوەندى لەگەڵ شەهيد سەيدا ساڵح يوسفى دا دروست دەكات و بەشدارى دامەزراندنى بزووتنەوەى سۆسياليستى كوردستان دەكات و ساڵى ١٩٧٦ دەبێتە پێشمەرگە و سەركەوتوانە ئەرك و فەرمانەكانى بەجێ دەگەێنێ و هەر بەهۆى بوێرى و

ڕۆشنبیریەوە بوو کە لە ساڵی ١٩٧٩ بۆتە ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان و دواتر ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری ئەم حیزبە . بەڵام بەداخەوە لە ٢٥ /١٢ /١٩٨٢ لەگەڵ ١١ هەڤاڵی تری بەهۆی هەرەسی بەفرەوە لە قەندیل شەهید دەبن.

## شە هید جەماڵی حەمەی نوقڵە



جمال محمد ساڵح ساڵی ١٩٤٩ لە گەڕەکی کانێسکانی شاری سلێمانی لە خێزانێکی هەژارو دڵسۆزو نیشتمانپەروەر چاوی بە ژیان هەڵهێناوەو بەهۆی سەختی ژیانەوە توانیویەتی پۆلی سێی ناوەندی ببڕێ و لە هەمان کاتیشدا تاوەکو نسکۆ درێژەی بەخەبات و تێکۆشان داوە لە شۆڕشی ئەیلولدا ، دواتر لەگەڵ سەرهەڵدانەوەی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی دەکات و دواتر دەچێتە ناو حیزبی سۆسیالیستی کوردستان لە ناو شارداو چالاکانە ئەرك و فەرمانەکانی بە شێوەیەکی کپ و چالاکانە جێ بەجێ دەکاو بەهۆی وشیاری و لێهاتوییەوە لە ناو سۆسیالیستدا لەناو شاردا وەکو ئەندامی سەرکردایەتی ئەو حیزبە درێژە بەتێکۆشان ئەداو سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی پارێزگای سلێمانی و هەندێ شوێنی تردەکا و تا بەداخەوە بەهۆی کەسێکەوە لەناو شار بۆ بەعس ئاشکرادەکرێ و لە ساڵی ١٩٨٩ لە ئەمنە سوورەکە دەگیرێ و دوای ئەشکەنجەو ئازارێکی زۆر هەر لەوێ گوولله باران دەکرێ و شەهید ئەبێت و دوای خۆیشی دوو منالّ بەجێ دەهێڵێ بەناوەکانی : چراو ، میران و خێزانەکەشی بەناوی نەسرین خان دەبێتە بەخێوکەری منالّەکانی.

# کۆچکردو مەلا ناسیح



ساڵی ١٩٣٢ لە بنەماڵەیەکی ئایینی و نیشتمان پەروەرلە گوندی لیهبیان سەر بەناوچەی دزەیی چاوی بەژیان هەڵهێناوەو باوکیشی خاوەن قوتابخانەیەکی ئایینی بوە بەناوی ماموٚستا حاجی مەلا سەید خدر ، ماوەیەك لای باوکی خوێندویەتی و دواتر لەگوندی حسن بڵباسی بن قەرەچوغ و دواتر لە مزگەوتی ئیمام قاسمی کرکوك تا لە ساڵی ١٩٥٣ لە بەغدا خوێندنی تەواوکردوەو ساڵی ١٩٥٤ کاری تەنزیمی لە ناو یەکێتی قوتابیانی کوردستانی سەر بەپارتی دیموکراتی کوردستان کردوەو بەم هۆیەوە نەفی خوارووی عێراق کراوە . لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٦١ دەبێتە پێشمەرگەو پلەی جۆراو جۆر دەبڕێ تاساڵی ١٩٦٤ دوای دەچێتە باڵی مەکتەبی سیاسی ودوای یەکگرتنەوەشیان تا نسکۆ ١٩٧٥ بەردەوامی خەبات دەبێ ودواتر ئاوارەی ئێران دەبێ و یەکێك دەبێ لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و ساڵی ١٩٧٨ دووبارە دەبێتە پێشمەرگەو درێژەی بەکارو چالاکیەکانی داوەو بەهۆی وشیاری و لێهاتوییەوە لە ناو حیزبی سۆسیالیستی کوردستاندا بۆتە بەرپرسی عیلاقاتی ئێران و سۆسیالیست و ئەندامی سەرکردایەتی و دواتر ئەندامی مەکتەبی سیاسی و ... هتد تا بەداخەوە بەهۆی نەخۆشی لە ٢٠٠٤/٩/٨ لە بەریتانیا کۆچی دوایی کردوەو دواتر لە زستانی لە کوردستان بەخاك سپێردراوە.

# شه هید خاڵه حاجی



محمد ڕەحیم عبدالله ساڵی ١٩٤٧ له گەڕەکی مەڵکەندی شاری سلێمانی له بنەماڵەیەکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر چاوی بەژیان هەڵهێناوە و قۆناغی ئامادەیی تەواوکردوە ، خاوەنی دوو خێزانەو ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بە بزووتنەوەی سۆسیالیتی کوردستانەوە کردوەو چالاکانە ئەرك و فەرمانەکانی جێبەجێ کردوە له شاخ و له شار شوێن پەنجەی دیار بوەو بەهۆی ئازایەتی و لێهاتوی و ڕۆشنبیریەوە پلەی جۆراو جۆری بڕیوە وەکو ئەندامی سەرکردایەتی و ئەندامی مەکتەبی سیاسی و کارگێڕی مەکتەبی سیاسی حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان . تا بەداخەوە له ١١ / ٣ / ١٩٩٤ له فولکەی دوور ئەمن کەناسراوە بە فولکەی خاڵه حاجی تیرۆر کراوە .

# شه هید ئه نوەر مەجید سوڵتان



ناسراو بە سەلام ساڵی ١٩٤٦ له گەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی له بنەماڵەیەکی هەژارو دڵسۆزو نیشتمان پەروەر چاوی بەژیان هەڵهێناوە . ساڵی ١٩٦٩ کۆلیژی ئەفسەری له بەغدا تەواو کردوەو بۆتە ئەفسەر و دواتر له ساڵی ١٩٧٣ تاوەکو نسکۆی شۆڕشی ئەیلول بەشداربوەو بەهۆی وشیاری و لێهاتویەوە بۆتە سەرلق و دوای نسکۆش ئاوارەی ئێران بوەو دواتر گەڕاوەتەوە عێراق و نەفی کراوەو لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی شۆڕش له ساڵی

١٩٧٦ دەبێتە پێشمەرگەی بزووتنەوەی سۆسیالیست و بەهۆی ئازایەتیەوە پلەی جۆراو جۆر دەبڕێ وەکو فەرماندەی هەرێم و ئەندامی سەرکردایەتی ... هتد ساڵی ١٩٧٨ لە سەر سنوور لەلایەن ئێران بۆ ماوەیەك لە زیندان دەگیرێ و دور دەخرێتەوە و دواتر ئازاد ئەبێ و لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی گەلانی ئێران بەشدارییەکی کاریگەرو بەرچاو رۆڵی پێشەوایەتی دەبینێ وەکو سەرکردەیەکی سیاسی و عەسکەری لە ڕووبەڕووبونەوەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران وەکو هێزێکی ئامادەو پشتیوانی هاوکاری حیزبی دیموکراتی ئێرانیان ئەدا تا بەداخەوە لە ١ / ٩ / ١٩٧٩ لە نزیك پردی بانەی کوردستانی ئێران شەهید ئەبێ و دواتر تەرمەکەی لە پێشوازیەکی گەرمی جەماوەری شاری سلێمانی بەخاك دەسپێرن

# شە هید جمال خۆشناو



جمال ئەحمەد فەقێ ساڵی ١٩٥٥ لە بنەماڵەیەکی دڵسۆزو نیشتمان پەروەر چاوی بەژیان هەڵهێناوەو بەهۆی باروزروفی تایبەتیەوە خوێندنی تاپۆلی سێ یەمی ناوەندی تەواو کردوەو بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردوەو بەهۆی لەخۆبردووی و ئازایەتیەوە بۆتە فەرماندەی بەتالیۆن . ساڵی ١٩٦٤ لایەنگری باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی بوەو لەگەڵ مام جەلالدا دەچێتە هەمەدان و دواتر دەگەڕێنەوە کوردستان و دووبارە درێژە بەخەبات ئەدات تاوەکو نسکۆ و دوای ئاوارەی ئێران دەبێت و یەکێك دەبێت لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی لە ئورمیەی ئێران . لەگەڵ

سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی نوێ ساڵی ١٩٧٦ یەکێك دەبێت لە مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕش سەر بە بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان چالاکانە ئەرك و فەرمانەکانی لە سنووری خۆشناوەتی و دەشتی کۆیەو بناری کۆسرەت ڕادەپەڕێنێ دەگاتە پلەی ئەندامی سەرکردایەتی بزووتنەوەو تا بەداخەوە لە مانگی ١١ ی ١٩٧٧ لەگوندی چنارانی بناری کۆسرەت لەلایەن ڕژێمەوە بەدیلی دەگیرێ و دەبرێتە کرکوك و حوکمی ئیعدامی بۆ دەردەچێ بەلاّم دواتر حوکمەکەی دەگۆڕدرێت بە هەتاهەتایی و بەلاّم بەر لێبوردنی گشتی دەکەوێ لە ساڵی ١٩٧٩ دوای ئازادبونیشی درێژە بەخەبات و تێکۆشان دەدات و لەسەر بڕیاری مام جەلال لە ناو شار دەمێنێتەوەو تا بەداخەوە لە ٢٦ / ٩ / ١٩٨٥ لەکۆیە لەلایەن پیاوانی ڕژێمەوە شەهید دەکرێت و دوای خۆیشی هیوا و خۆشناو و کاڵێ و شالاّو بەجێ دێڵێ .

***<u>سەرچاوە : بنەماڵەی شەهید</u>***

## شه هید سەعید موعینی ( خانە )



ساڵی ١٣٢٩ لە شاری مەهاباد لە خێزانێکی نیشتمانپەروەر لە دایکبوەو لەبەر خۆشەویستی بنەماڵەکەیان پێیان وتوە ( خانە ) وەکو دانشجوو لەمەدرەسەی بالاّی زانکۆ بەشی ئاماری بازرگانی تاران درێژەی بەخوێندن داوەو هەر لەتاران پەیوەندی بە هاوڕێیانی دامەزرێنەرانی کۆمەڵەوە کردوەو بۆماوەی حەوت ساڵ کاری ژێرزەمینی کردوە یەکێك بوە لەیەکەمین پێشمەرگەو گیان بەختکەرانی ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵەی

بەخوێن و فیداکاری خۆی ڕۆژی ٣١ ی جۆزەردانی کردە ڕۆژی کۆمەڵە کەخۆی سەرتۆپ و دەسپێکی شەهیدانی سەرکردەی کۆمەڵە بوەو ڕابەرایەتی و ئەرك و فەرمانەکانی بەجێ گەیاندوەو لە ساڵی ١٣٥٣ بۆماوەی ١٨ مانگ لەلایەن ساواکەوە گیراوەو دوژمن نەیتوانیوە پەی بە نهێنیەکانی بەرێت بۆیە بە ناچاری ئازادی کردوە . ساڵی ١٣٥٦ بۆتەیەکەمین سەرکردەو فەرماندەی پێشمەرگەی کۆمەڵە . ناوبراو بۆ درێژەدان بەکارو خەبات و چالاکیەکانی خۆی و ڕاپەڕاندنی کارەکانی حیزب ویستویەتی لەڕێگای کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی عێراق دەورەی سیاسی و نیزامی ببینێ و ماوەیەکیش دەمێنێتەوەو بە مامۆستا قادر لەکوردستانی باشوور دەناسرێ ، بەلأم بەداخەوە هێزەکانی ( ی ن ك ) لەگەڵ بەعس توشی شەڕدەبن لە ٣١ ی جۆزەردانی ١٣٥٧ لەگوندی دڕێ ی سنووری ماوەت ناوبراو لەوێ شەهید دەبێت کە لە هەڵسوڕاوان و پێشڕەوانی یەکەم ساڵەکانی دامەزراندنی کۆمەڵە دەبێ.

# شە هید هاوڕێ فواد



فواد مستەفا سوڵتانی ساڵی ١٣٢٧ لە ئاوای ئاڵمانە هەڵکەوتو لە نێوان شارەکانی مەریوان و سنە لەدایك بوەو ساڵی ١٣٥١ دەرەجەی ئەندازیاری لە بواری بەرقدا وەرگرت ولەهەمان کاتیشدا درێژەی بەکاروچالاکیەکانی خەباتی ژێر زەمینی کۆمەڵەداو دەورێکی بالأو کاریگەری بینی و لەدەستەی دامەزرێنەرانی کۆمەڵەیە و دوای ئەوەی ماوەی دوو ساڵ ئەفسەر وەزیفە بوە ودواتر لەشاری سنە مامۆستای وانە وتنەوە بوە ساڵی ١٣٥٣ بۆماوەی سێ ساڵ

له زیندانی تاران لەلایەن ساواکەوە گیراوەو ئەشکەنجە دراوەو دواتر گوازرایەوە زیندانی سنە بۆ ماوەی ساڵێك لەوێ زیندانی کردە قوتابخانەی کۆڵنەدان و تێکۆشان بۆماوەی ٢٤ ڕۆژ ڕێبەری مانگرتن لە خۆراکی کرد لە زینداندا ، دوای چوار ساڵ لەزیندانی ، لە پاییزی ١٣٥٧ ئازاد ئەکرێ لەپێشوازییەکی گەرمی جەماوەریدا . بەڵام بەداخەوە تەنها ١١ مانگ دوای بەربونی ژیاوەو توانیویەتی خەباتی بەرخودانی کۆمەڵە بەرەو پێشەوە بەرێ و هەمیشە خۆیشی لەڕیزەکانی پێشەوەی ڕووداوەکان بوە تاساڵی ١٣٥٨ لە شەڕێکی نابەرامبەر لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا لە نێوان ئاواییەکانی کانیعمەت و بستام لە ناوچەی سەرشیوی سەقز خۆی و هاوڕێ تەمهمورس شەهید دەبن لەهەمان کاتیشدا دووبرای زیندانی بوون لە پادگانی مەریوان لەگەڵ حەوت کەسی تردا گولله باران دەکرێن و شەهید دەبن . ناوبراو وەکو کەسێکی ڕۆشنبیرو شۆڕشگێڕو پێشڕەوی چینی کریکاران و زەحەتکێشان ناسراوەو خاوەنی چەندین وتارو نوسین و نامیلکە بوە لەبواری خەبات و تێکۆشاندا .

## شە هید هاوڕێ حمە حوسێنی کەریمی



یەکێك لەدامەزرێنەرانی کۆمەڵە و ئاشنا بە بزووتنەوەی کۆمەنیستی ئێران و یەکێك لە شۆڕشگێڕە کۆمەنیستەکان بوەو لە ساڵی ١٣٢٧ لە بنەماڵەیەکی هەژاری سەقز لەدایك بوەو لە ساڵی ١٣٤٦ چۆتە زانستگای کەشاوەرزی کەرەج و ساڵی ١٣٥٠ دەورەی زانستگای تەواو کردوەو هەر لەسەردەمی خوێندکاریدا بەڕیبازی مارکسیزم ئاشنابوە و خەباتی لەم

پێناوەدا کردوە . ساڵی ١٣٤٨ لە دامەزراندنی تەشکیلاتی کۆمەڵە دەوری بەرچاوی هەبوەو بۆ ماوەی ٤٠ ڕۆژ لەزیندانی قزڵ قەلعەدا لە ساڵی ١٣٤٩ گیراوەو دوای ئازاد کراوەو لە ٢٦ ی ڕێبەندانی ساڵی ٥٧ هەڵسوڕانی خۆی بە ئاشکرا ڕاگەیاند تێکەڵ بەخەباتی چینایەتی کرێکاران و ڕەنجدەران بوەو دەورێکی دیارو بەرچاوی گێڕاوە لەدژی ڕژێمی شا.. بەلاَم بەداخەوە کاتێك لە پێشەوەی جەماوەر دابوە بۆ گرتنی شارەبانی سەقز بە سەختی بریندار دەبێ و لە ٢٦ ی ڕێبەندانی ساڵی ٥٧ شەهید دەبێت.

# شه هید سەدیقی کەمانگەر



سەرۆکی شۆرای شاری سنەو ڕێبەری لێهاتوی کۆمەڵەو لە دەستەی دامەزرێنەرانی حیزبی کۆمەنیستی ئێران ساڵی ١٣٢٥ لە ئاوایی ئافریان سەر بە شاری کامیاران لە دایك بوەو دواتر خانەوادەکەیان لە کرماشان نیشتەجێ بوون و ساڵی ١٣٥٠ خوێندنی حقوقی تەواو کردوەو وەکو پارێزەر دەست بەکاربوە .. لەگەڵ سەرهەڵدانی خەباتی نهێنی و جەماوەری دژی شا دەوری دیاری هەبوە ، لە ساڵی ١٣٥٧ لەمانگرتنی خەڵکی شاری سنە ئالەو کاتەدا سیمای ئاشکرای تێکۆشانی کۆمەڵەو ئەندامی کارای ناوەندی کانونی پارێزەرانی ئێران بوەو هەرلەو ساڵەدا لە تەلەفزیۆنی سنەوە قسەی بۆ خەلکی کرد لەبارەی ڕاپەڕین و پاراستنی دەسکەوتەکان . دوای ڕوخانی ڕژێمی شا بوە

وتەبێژی جەمعیەتی دیفاع لە ئازادی و لەهەمان کاتیشدا سەرکردەو فەرماندەیەکی سیاسی و عەسکەری بوە لەمەیدانی بەرەکانی جەنگدا و لەهەمان کاتیشدا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب بوە و دواتر بەڕێوەبەری ڕادیۆی دەنگی شۆڕشی ئێران بوە و خاوەنی وتارو نوسین بوە لەگشت بوارەکاندا بەلاَم بەداخەوە لە سەعات ٢ ی نوە شەودا لە ١٣ ی خەرمانانی ١٣٦٨ لەلایەن سیخوڕیکی ئێرانەوە شەهید دەکرێت.

## کۆچکردو دوکتۆر جەعفەر شەفیعی



ساڵی ١٩٥١ لە شاری بۆکانی کوردوستانی ئێران لەبنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر لەدایك بوەو ساڵی ١٩٧٠ چۆتە کۆلیژی پزیشکی لە زانکۆی تەورێز و هەر لەوێش تێکەڵ بە سیاسەت دەبێ و سەرەتای خەباتی نهێنی لە بزووتنەوەی خوێندکاران دەست پێ دەکاو دواتر لە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردوستانی ئێران دریژە بەکارو چالاکیەکانی دەداو بەشێوەیەکی نهێنی و کپ و چالاك . ساڵی ١٩٧٢ بۆماوەی شەش مانگ لەلایەن ساواکەوە دەسگیر دەکرێ و دوای خۆڕاگری و بوێری بەردەبێت و ساڵی ١٩٧٨ ڕۆڵێکی دیاری هەبوە لەهاوکاری کردنی ( ی ن ك )لە قەندیل وەکو دکتۆرێکیش چارەسەرو نەشتەرگەری بۆ پێشمەرگە ئەنجام داوە. کاتێك خۆپیشاندانی ئێران دژی شا سەری هەڵدا گەڕایەوە ناو شارو ڕۆڵی دیارو ڕابەری کردنی نواندو ساڵی ١٩٧٩ لەگفتوگۆو دایەلۆك لەگەڵ حوکمەتی تازەی ئێران لە

دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کوردبوو بۆ گفتوگۆ و هەر لەم ساڵەدا بوە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەو ساڵی ١٩٨١ بەدواوە ئەرکی ڕاگەیاندنی گرتە ئەستۆو بەبیری تیژو ڕوناکبیرانەی برەوی بەڕاگەیاندن ئەداو بەرپرسی ڕادیۆو گۆڤاری پێشڕەو بوەو هەمیشە جێی متمانەی هاوڕێکانی بوە تابەداخەوە لە ٢٩ ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٧ لە سە ر ڕێگای نێوان کەرکوك و بەغدا بەکارەساتێکی دلتەزێن کۆچی دوایی کرد.

## شه هید دکتۆر سیروان



کاوە عەلی ساڵح ناسراو بەدکتۆر سیروان ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی چەم یاڵەی ناوچەی شارباژێڕ لە دایك بوەو ساڵی ١٩٦٥ لە سلێمانی نیشتەجێ بوون . لە ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بەڕێکخستنە نهێنیەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کرد ، ساڵی ١٩٨٣ لە زانکۆی بەغدا کۆلیژی زانستی وەردەگیرێت ، بەلاّم بەهۆی کاری سیاسیەوە ناتوانێ درێژە بە خوێندن بدات و دواتر ساڵی ١٩٨٤ بۆماوەی ساڵ و نیوّك لەکوردوستانی ئێران دەبێ و فێری زمانی فارسی دەبێ و ساڵی ١٩٨٥ لەولاّتی دانیمارك نیشتەجێ دەبێ هەر لەوێشەوە پەیوەندی بەڕیزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە دەکاو زمانی ئینگلیزی و سویدی و دانیمارکی فێردەبێ و دەوریکی دیارو بەرچاوی دەبێ لەڕیزەکانی پەکەکەدا . لەکۆتایی هەشتاکاندا لە گۆڕەپانی سەرکردایەتی پەکەکە لە ئەکادیمیای مەعسوم

قورقماز به سەرکەوتویی تەواو دەکات و ساڵی ۱۹۹۱ لە ناوچەکانی زاخۆو حەفتانین بەشداری ڕاپەڕین دەکات و لەمانگی چواری هەمان ساڵدا یەکێك بوە لەدامەزرێنەرانی پژاك ، ساڵی ۱۹۹٤ بۆتە بەرپرسی ڕۆژنامەی ( ولاٚت ) وەکو نوسەرو وەرگێڕێك کاری کردوەو لە یەکەمین کۆنگرەی یەکێتی نەتەوەی دیموکراتی کوردستان بۆتە سکرتێری ئەم ڕێکخراوە و جارێکیش لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا برینداربوە تا لە ٤ / ١٠ / ١٩٩٦ لە ئەنجامی پیلانێکدا لە گوندی قەلاٚچۆغە ی شێخ کەریم شەهید دەکرێت .

## شەهید زێرەڤان

لە سنوری هەرێمی بادینان لەدایك بوە . ساڵی ۱۹۷٥ ئاوارەی ئێران دەبێ لەگەڵ خێزانەکەیدا ، ساڵی ۱۹۸۰ بۆ ۱۹۸٦ دەبێتە پێشمەرگە ، ساڵی ۱۹۸۹ پەیوەندی بەڕیزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە کردوە لە ناوچەکانی زاگرۆس و بۆتان دوای لە ساڵی ۱۹۹۰ لە ئەکادیمیای مەعسوم قورقمازی لوبنان دەورەی سیاسی و سەربازی دەبینێ و پلەی جۆراو جۆری سەربازیش دەبینێ و ساڵی ۱۹۹۳ لە ناوچەی سەرحەد دەبێتە ئەندامی دەستەی بالاٚی بەڕێوەبەرایەتی پەکەکە لە باشوور ، بەلاٚم لە ساڵی ۱۹۹٤ لە ناوچەی ئاگری هەرێمی سەرحەد شەهید دەبێ .

## شه هید توانا



سەیفەدین حاجی عەلی هیرانی ساڵی ١٩٧٠ لە هیرانی ناوچەی شەقلاوە لەدایك بوە و ساڵی ١٩٩٦ لەڕیزەکانی پەکەکە دەبێتە پێشمەرگەو دەورێکی ئازایانە دەبینێ لە شەڕو داستانەکاندا و لە هەمان کاتیشدا پلەی جۆراو جۆریش دەبڕێ لەبواری سەربازی و سیاسی دا ، لە زستانی ساڵی ١٩٩٨ دەبێتە ئەندامی بەڕێوەبەرایەتی پەکەکە لە باشوور تا لە ١٧ /٦ / ١٩٩٨ لە ناوچەی حاجی ئۆمەرانی شاخی بەردە نازێ شەهید دەبێت .

## شه هید بیلال



بیلال محمد حوسێن ساڵی ١٩٧٢ لە شەقلاوە لە دایك بوە ، لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا پەیوەندی بە پارتی کۆمەنیستی عێراقەوە دەکاو ماوەیەکیش لەلایەن بەعسەوە زیندانی دەکرێ و ساڵی ١٩٩٥ پەیوەندی بەڕیزەکانی پەکەکەوە لە ناوچەی گارا دەکات و هەر لەوێش دەورەیەکی سیاسی و نیزامی دەبینێ و دواتر دەبێتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان لە هەولێرو ساڵی ١٩٩٦ دەورەیەکیتر دەبینێ لە ئەکادیمیای ناوەندی پەکەکە ، پلەکانی زۆر سەرکەوتوانە دەبڕێ و ساڵی ١٩٩٧ دەبێتە بەرپرسی گشتی کامپی شەرڤانانی نوێ تا لە ٣٠ / ٩ / ١٩٩٨ لە بناری چیای هەلگورد لە شەڕێکی دەستەویەخەدا شەهید دەبێت .

# شه هيد عەلی شيركۆ چگيری



يوجل هاليس ساڵی ١٩٦٦ له سيفاس لەدايك بوەو ساڵی ١٩٨٨ پەيوەندی بەڕيزەكانی ڕێكخستنی پەكەكەوە كردوە له ئەستەنبوڵ، ئەرك و فەرمانەكانی چالاكانە جێ بەجێ كردوەو دوا پلەشی بۆتە ئەندامی سەركردايەتی پەكەكە . تا بەداخەوە له ١٠ ی ئۆكتۆبەری ٢٠١١ لەناوچەی خواكوڕك شەهيدبوە .

# شه هيد ئارمانج كەربوران



حسێن محمد علی ئەكدوغان ساڵی ١٩٧٧ له كەربۆران لەدايكبوەو ساڵی ١٩٩٦ لەيۆنان پەيوەندی به ڕيزەكانی پەكەكە كردوە .

دوا پلەی ئەندامی سەر كردايەتی پەكەكە بوە تا له ٢٧ ی نۆڤەمبەر ٢٠١١ له پيران – ئامەد شەهيد بوە .

# شه هيد ڕۆستەم جودی



ڕۆستەم عوسمان ساڵی ١٩٦٥ له سەروكانی له دايك بوەودايكيشی ناوی حوسنيه يوسف ، ساڵی ١٩٨٧ له لوبنان پەيوەندی بەڕيزەكانی پەكەكەوە كردوە . دوا پلەشی ئەندامی سەركردايەتی پەكەكە بوە بەڵام بەداخەوە له ١٠ ی ئۆكتۆبەری ٢٠١١ له ناوچەی خواكوڕك شەهيد بوە .

## شه هيد ئارژين گارزان



لەيلا ئالْتان سالّی ١٩٧٥ لە باتمان لە دايك بوەو دايكيشی ناوی بەدرو جمال سەبرىيە . سالّی ١٩٩٣ لە گارزان پەيوەندی بەڕيزەكانی پەكەكەوە دەكات و دوا پلەشی ئەندامی سەركردايەتی پەكەكە بوە تا بەداخەوە لە ٢٤ ی مارسی ٢٠١٢ لە هزان – بەتليس ناوچەی شێخ جومعە شه هيد بووە .

## شه هيد چيچەك گابار- بۆتان



گوهارچەگرگە سالّی ١٩٧٥ لە سيرناك لەدايك بوە . دايكيشی ناوی فازلە حاجی كوری ، سالّی ١٩٨٩ لە سيرناك پەيوەندی بەڕيزەكانی پەكەكەوە دەكات و دواپلەشی ئەندامی سەركردايەتی پەكەكە بوە تا بەداخەوە لە ١٠ ی ئۆكتۆبەری ٢٠١١ لە خواكوڕك شەهيد بوە .

## شه هيد مه زلۆم دۆغان




سالّی ١٩٥٥ لەگوندی تەمانی سەر بەپارێزگای مازگرت لە دايك بوەو خوێندنيشی بەشی ئابوری لە زانكۆی حاجی تەپە تەواوكردوەو لە حەفتاكاندا لە ڕێكخراوی قوتابيانی زانكۆی ئەنقەرە دەستی بەخەبات و تێكۆشان كردوەو لەگەڵ دامەزراندنی پەكەكە يەكێك بوە لەدەستەی دامەزرێنەرانی پەكەكە و ڕۆڵی دياری هەبوە و بەم هۆيەشەوە لە سالّی ١٩٧٩ لە زيندانی دياربەكر گيراوەو سالّی ١٩٨٠ لە زيندانی ئامەد شەهيد بووە.

# شه هید خدر خرنگه



ناسراو به عاكف مامۆ زاگرۆس ساڵی ١٩٧٦ له خێزانێكی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر له بۆكان له دایك بوه ساڵی ١٩٩٩ هاتۆته نێو ڕیزەكانی گەڕیلاو پەروەردەی ئاپۆچیتیەوه له بواری سیاسی و سەربازی كەسێكی شایستەو سەركرده بوه و ساڵی ٢٠٠٣ یەكێك له سەركرده دامەزرێنەرەكانی پارتی ژیانی ئازادی كوردستانی ڕۆژهەلاَت بوه و بۆته ئەندامی كوردیناسیۆنی ئەم پارته دەوری شیاوی هەبوه لەكارو تێكۆشان تا بەداخەوه له ٥ / ١١ / ٢٠٠٦ بەهۆی ڕووداوی لا فاو له دۆڵی قەلاَتوكان خۆی و هەڤاڵ سیروان شەهید دەبن .

# شه هید تەیووب ڕەحیمی



ناسراو بەعەگید سنه ، ساڵی ١٩٨١ له بنەماڵەیەكی كوردپەروەر چاوی بەژیان هەڵهێناوه و له تەمەنی ١٧ ساڵی لاوێتی دا تێكەڵ بەخەباتی كوردایەتی دەبێت ، قەندیل و قەرەداغ و گارزان و ئەرزەڕۆم ... هتد شاهیدی قارەمانی و دڵسۆزی ئەم بوێرەن دوا پلەشی ئەندامی ئەنجومەنی پارتی ژیانی ئازادی كوردستانی خۆرهەلاَت بوه . تا بەداخەوه له ٢٧ / ٣ / ٢٠١١ له تۆڵەی شەهیدەكانی قەندیلدا له هێرشێكی خۆنەویستانه بۆ سەربارەگایەكی زمزیران له خۆرهەلاَتی كوردستان دوای گرتن و كوشتنی چەندین فەرماندەو سەرباز خۆی و چوار له هەڤاڵەكانی شەهید دەبن .

# شه هيد حوسەين خزری



ناسراو بە هێمن بێ کەس ، لە بنەماڵەیەکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر لە دایك بوەو هەر لە تەمەنی ١٧ ساڵیەوە هەست بە ئێش و ئازاری گەلەکەی دەکات و بۆ ئەم مەبەستەش ڕوو لەچیاکانی کوردستان دەکات وەکو لاوێك سەرەتا لەناو کوردیناسیۆنی کۆمەڵانی جەوانانی ڕۆژهەڵاتی پەژاکدا دەستی بە خەبات و تێکۆشان کردوە و دواتر بۆ درێژەدان بەکارو چالاکیەکانی ڕووی لە ناو شار کردوەو ئەکتیفانەو شێلگیرانە تێکۆشاوە تاوەکو بەداخەوە لە ساڵی ٢٠٠٨ لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە لە شاری کرماشان دەگیرێ و دوای ئەشکەنجەو ئازارێکی زۆر لە ١/١٥/ ٢٠١١ لە گرتوخانەی ناوەندی ورمێ لە سێدارە دەدرێ.

# شه هيد شيرين عەلەم هوولی



ناسراو بە ڕووناهی چالاك ، ساڵی ١٩٨٦ لە خێزانێکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر لە شارۆچکەی ماکۆی سەر بە پارێزگای ورمێ چاوی بەژیان هەڵهێناوە . ناوبراو یەکێك لەو کچانە بوە کە هەستی چینایەتی و نەتەوایەتی کاری تێکردوەو دژی پیاو سالاری جەنگاوە و ساڵی ٢٠٠٦ لە شاخ درێژەی بەخەبات و بەرخودان داوە لەناو پەژاکدا ، بۆ چالاکی کردنیش دژی ئێران ساڵی ٢٠٠٨ دەچێتە تاران و لە کاتی ئەنجامدانی کارەکەیدا دەگیرێ و بەشێوەیەکی دڕندانە ئەشکەنجەو ئازار دەدرێ بەڵام ناوبراو وەکو تەوارێکی ژن بۆماوەی ٢٢ ڕۆژ ماندەگرێت لە نان خواردن خۆڕاگرانە بەرگری دەکات تا بەداخەوە خۆی و سێ لە هەڤاڵەکانی لە ٩ / ٥ / ٢٠١٠ لە زیندانی ئێڤین لە سێدارە دەدرێن و دواین پلەشی ئەندامی سەرکردایەتی ئەم پارتە بووە.

## شه هید سه‌نه‌م ئه‌ریشه‌ن



ناسراو بەڕووناهی دەنیز ، ساڵی ١٩٨٠ لە بنەماڵەیەکی وڵاتپارێز لە شاری ئەردیشی وان سەر بە باکوری کوردستان هاتۆتە دنیاوە و هەر لە سەرەتای لاوێتیەوە هەستی نەتەوایەتی هەبوەو بەم هۆیەوە لە تەمەنێکی کەمدا هاتۆتە ڕیزەکانی گەڕیلاکانی پەکەکە و دواتر بەشداری خەباتی یەکیەتی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بوە و بۆتە ئەندامی ئەنجومەنی ڕێکخراوەکەی (پەژاکدا ) چالاکانە کاری کردوە تا بەداخەوە لە ٢٤ / ١٢ / ٢٠٠٨ بۆ تۆڵە کردنەوەی هاوڕێ لە سێدارەدراوەکەی چالاکیەکی فیدای لە شارۆچکەی ماکۆی ڕۆژهەڵات لە بارەگای سەربازانی ڕژێم ئەنجام دەدات و شەهید دەبێت.

## شه هید نوورجان دەمیر



ناسراو بە ساریا ئونور ، ساڵی ١٩٨٠ لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەرو دڵسۆز لە ئیغدر لە کوردستانی باکور چاوی بەژیان هەڵهێناوە . ساڵی ١٩٩٨ لە شاری ئیزمیری کوردستانی باکور دێتە ناو ڕیزەکانی گەڕیلاوە و ناوبراو کچێکی وشیارو ڕۆشنبیر بوەو لە بەشی چاپەمەنی و کەلتوری شوێنی خۆی دەگرێ و لە هەمان کاتیشدا پێشمەرگەو سەرکردەیەکی بوێر بوە ئامادەی گیانبازی

بوە بۆ هەرچوار پارچەکەی کوردستان . ساڵی ٢٠٠٩ چوە ناو هێزەکانی ڕۆژهەلاٚتی کوردستان (پەژاك ) وەکو سەرکردەیەك درێژەی بەخەبات و تێکۆشان داوە تا بەداخەوە لە ساڵی ٢٠١١ لە هێرشی سوپای پاسدارانی ئێران بۆ سەر ناوچەی قەندیل شەهید ساریا وەکو کاردانەوەیەك لە بەرامبەر ئەم پەلامارە خۆی و گروپەکەی هێرشیان کردە سەر بارەگایەکی سەربازی لە زمزیران و دوای گیان فیدای خۆی و سێ لە هەڤاڵەکانی شەهید دەبن .

## شه هید ماجید کاویان



ناسراو بە سمکۆ سەرهەڵدان ، ساڵی ١٩٨٢ لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر لە شاری بانە دایکبوە . ساڵی ١٩٩٩ بە شداری ڕیزەکانی گەریلای پەکەکە بوەو بەهۆی ئازایەتی و لێهاتوییەوە لە گۆڕەپانی ناوچەی دەرسیم بوە و دواتر وەکو فەرماندەیەکی چەلەنگ چۆتە ناوچەی دەریای ڕەش ودرێژەی بەتێکۆشان داوە و ساڵی ٢٠١٠ وەکو سەرکردەوفەرمانداری هێزەکانی ڕۆژهەلاٚت لە ناو پەژاکدا شوێن پەنجەی دیار بوو لەبواری سیاسی وسەربازی تا بەداخەوە لە ٢٤ / ٩ / ٢٠١١ لە هێرشی سوپای داگیرکەری ئێران بۆ ناوچەی قەندیل شەهید دەبێت.

# شه هید حسن ڕاستا



ناسراو به خۆشمێهر ڕۆژهەلاٚت ، ساڵی ١٩٨٠ لەخێزانێکی نیشتمان پەروەر له گوندی کۆتۆڵ – شارۆچکەی خوی له دایك بوه . ساڵی ١٩٩٩ پەیوەندی بەڕیزەکانی گەڕیلاکانی پەکەکەوە دەکات دوای تەواو کردنی پەروەردەی مەکتەبی ئاپۆئیستیەوە دەچێتە ناو سەنگەری بەرخودان و بەهۆی ئازایەتی و لێهاتویەوە دەبێتە فەرماندارێکی ئازاودیار . ناوبراو له یەکەم کۆنفرانسی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان ( پەژاك ) دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی ئەم پارتەو دواتر ئەندامی کوردیناسیۆنی کۆمەلاٚنی نەوجەوانانی کوردستانی ڕۆژهەلاٚت سەرکەوتوانە ئەرکەکانی ڕێکخستنی ئەنجام داوەو دەوری دیاری هەبوە لەم بوارەدا و تا بەداخەوە لە ٢٠ / ١٢ / ٢٠٠٦ بەهۆی کارو چالاکیەکانیەوە دەکەوێتە بۆسەکانی دوژمنەوە له ناوچەی مەرگەڤەڕی ورمێ دەکەوێتە بۆسەی سوپای پاسدارانی ئێران و شەهید ئەکرێت .

## شه هید لەتیفە سەلامەت



ناسراو به زیلان پەپوولە ، ساڵی ١٩٨٣ له خانەوادەیەکی دڵسۆزو وڵاتپارێز له ورمێ چاوی بەژیان هەڵهێناوە و خوێندنی دواناوەندی تەواو کردوەو هەر لەسەرەتاوە هەستی بە زوڵم و زۆری سەر ژنان و نەتەوەکەی کردوەوهەر بەم هۆیەوە ساڵی ١٩٩٩ لەناو ڕیزەکانی پەژاکدا درێژە بەکارو چالاکیەکانی ئەداکەسێکی ڕۆشنبیرو بە ئاگابوەو خاوەنی کتێبی کۆنفەدرالیزمی دیموکراتیك ، پێشە ڕۆژی ئازادی ژنانی ئێرانی نووسی . دواتر وەکو سەرکردەیەکی وشیار دەبێتە ئەندامی یەکیەتی ژنانی ڕۆژهەلاتی کوردستان و دەرباسی ناوچەکانی کوردستان دەبیٚ و چالاکانە ئەرکەکانی بە ئەنجام دەگەیێنێ تا بەداخەوە له ٣٠ / ٦ / ٢٠٠٦ له گوندی نژماری ناوچەی مەریوان بە دەستی سەربازانی ئێران شەهید ئەبێت.

## شه هید عەلی چیچەك



ساڵی ١٩٦١ له بنەماڵەیەکی هەژارو نیشتمان پەروەر له گوندی قەبە حەیدەری سەر بە ناوچەی حیلوانی سیوەرەك له باکوری کوردستان له دایك بوە و هەر له مناڵیەوە خولیای خەبات و کوردایەتی بوەو له هەمان کاتیشدا له گروپی ئایدلۆژیای ئۆجالان بوەو له هەمان کاتیشدا ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری پەکەکە بوە . له کودەتای ساڵی١٩٨٠ له تورکیا پێشەنگ بوە لەگەڵ هەڤاڵەکانیدا وەکو محمد خەیری دورمش و کمال پیر و عاکف یەڵماز...

ناوبراو له زینداندا نمونەی خۆڕاگری و شۆڕشگێڕی نیشان داوەو مانیشی گرتوه لەخواردن تا بەداخەوە له ١٥ ی تەموزی ساڵی ١٩٨٢ له زیندانی ئامەد بەهۆی مانگرتنەکەی له خواردن له زینداندا شەهید دەبێت .

## شه هید عەگید



مەعسوم قورقماز ساڵی ١٩٥٦ له سلیڤانی سەر بە ئامەد له خێزانێکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر له دایك بوەو دواتر خێزانەکەیان کۆچیان بۆ باتمان کردوەو هەر لەوێوە دەستی بەخەبات و تێکۆشان کردوە . له ساڵانی حەفتاکاندا کاریگەری بزاڤی گەنجانی ڕوناکبیری له کوردستان لەسەر بوەو له ڕێگای مەزلۆم دۆغانی سەرکردەوە ئاشنایەتی لەگەڵ پەکەکەدا پەیدا ئەکات و دەوری شیاوی خۆی دەبینێ له کۆکردنەوەی خەڵك و ڕونکردنەوەی ڕێبازی پەکەکە دا . ساڵی ١٩٨٠ دەڕواتە کەمپی لوبنان له دوای حەوت مانگ له پەروەردە دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان و بەرپرسیارێتی گەورە وەردەگرێ ، ساڵی ١٩٨٢ – ١٩٨٣ عەگید له ئامادەکردنی خەباتی یەکینەکان ڕۆڵێکی گەورەی هەبوە و ئەرکی کۆمیتەی ناوەندی پێ ڕاسپێردراوەو له ١٥ ی ئابی ١٩٨٤ له ئاواکردنی هێزی ڕزگاری کوردستان ڕۆڵی هەبوە و ئەندامی بالای شورای ئەو هێزە بوەو دواتر بۆتە سەر فەرمانداری هێزەکانی گەریلا و یەکەم چالاکی دژی تورکیا له ناوچەی شەمزینان بە ئەنجام گەیاندوەو سەرکەوتوش بوەو توانیویەتی بناغەی دامەزراندنی ئارتەشی ڕزگاری گەلی کوردستان بێت تا بەداخەوە له ٢٨ ی ئاداری ساڵی ١٩٨٦ له ناوچەی کوپەلی سەر بە چیای گابار له شەرناخی باکوری کوردستان شەهید دەبێت.

# شه هید محمد خەیری دورمش



ساڵی ١٩٥٥ لە خێزانێكی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر لە گوندی قومكی سەر بە قەرەقۆچانی بینگۆل چاوی بەژیان هەڵهێناوە و خوێندنی زانكۆی حاجی تەپەی هەر لەوێ تەواو كردوەو دواتر بۆخوێندنی بەرزترچۆتە شاری ئەنقەرەو تاقۆناغی سێیەمی خوێندوەو بەهۆی كارو تێكۆشان وازی لە خوێندن هێناوەو هەر لە زانكۆش ئاشنایەتی لەگەڵ ڕێبازی ماركسسیزم – لینیزم پەیداكردوەو لەوێوە دەستی بەتێكۆشان كردوە بە سەرۆكایەتی ئۆجالان لەكۆتایی ساڵی ١٩٧٥ بۆدرێژەدان بەخەبات ڕوویان لەكوردستان كردوەو ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری پەكەكە بوەو لە یەكەم كۆنگرەی پەكەكەدا لە ٢٧ / ١١ / ١٩٧٨ بۆتە ئەندامی سەركردایەتی . ساڵی ١٩٧٩ – ١٩٨٢ لە زیندانی دیاربەكر گیراوەو نمونەی سەركردەی شۆڕشگێڕ بوەو بۆماوەی ٥٥ ڕۆژ مان دەگرێ لە خواردن تابەم هۆیەوە لەپاییزی ساڵی ١٩٨٢ لەو زیندانەدا شەهید ئەبێ و دوا وەسیەتیشی ئەوەبوە كە لە سەرگۆڕەكەی بنوسرێ ( قەرزداری میللەت و پەكەكەم كە نەمتوانیوە ئەركەكانی خۆم بەباشی بەجێ بگەیێنم ) .

# شه هید محمد قەرە سونگور



ساڵی ١٩٤٧ لە گوندی سوتلوجەی كغی سەر بە شاری بینگۆل لە خێزانیكی هەژار و نیشتمان پەروەر چاوی بەژیان هەڵهێناوە و خێزاندار بوەو خاوەنی یەك منالّ بوەو خوێندنی لە زانكۆی ئەرزەرۆم بەشی تەكنیك تەواو دەكات و دەبێتە مامۆستا . ساڵی ١٩٧١– ١٩٧٢ لە مەرەڕەش بۆتە مامۆستا و دواتر بەهۆی هەڵویستەكانیەوە دوور دەخرێتەوە بۆ شەرناغ و دواتر ڕەوانەی عەسكەری دەكرێت و دوای تەواو كردنی سەربازی ساڵی ١٩٧٥ لە پەیمانگای بینگۆل وەكو مامۆستا وانە دەڵێتەوەو لەڕێگای محمد خەیری دورمش بەشداری خەبات و تێكۆشان دەبێت لەو ساڵەدا ، ساڵی ١٩٧٦جارێك لەلایەن پۆلیسەوە دەسگیردەكرێ و دوای ئەشكەنجەو ئازار ئازاد ئەبێت و ساڵی ١٩٧٨ بینگۆل بەجێدەهێڵێ و لە یەكەم كۆنگرەی پەكەكەدا لەو ساڵەدا دەبێتە ئەندامی سەركردایەتی و یەكێكیش دەبێ لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەرانی پەكەكە و ساڵی ١٩٨٠ بۆ دەورەی پەروەردەی سەربازی و سیاسی دەچێتە لوبنان و ساڵی ١٩٨٢ ڕوو لە چیا دەكات و دەبێتە بەرپرسی گشتی سەربازی پەكەكە تا بەداخەوە لە ساڵی ١٩٨٣ كەوەكو ناوبژیوان هاتبوە قەندیل بەمەبەستی وەستاندنی شەڕی ناوخۆ لە نێوان لایەنەكانی باشوور بەڵام لە قەندیل لەگەڵ هەڤاڵێكی تریدا شەهید ئەكرێن.

# شەهید ساکینە جانسز



ساڵی ١٩٥٧ لە شاری دێرسیم لە بنەماڵەیەکی شۆڕشگێرو کورد پەروەر لەدایك بوە لە ساڵی ١٩٧١ دەچێتە ڕیزی تەڤگەری گەنجانی شۆڕشگێر پاشان لە ڕیزەکانی کوردایەتیدا جێ دەگرێ لە گروپی ئاپۆچیدا کارو چالاکیەکانی بەشێوەیەکی کپ و چالاك لە ناو ڕێکخستنەکاندا ئەنجام ئەدا لە ساڵی ١٩٧٨ دا کۆمیتەی ئاوادەکرێت خەباتی ڕێکخستنی گەنجان بەرێوە دەبات و وە لەگەڵ دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردستان وەکو کەسێکی شۆڕشگێرو پرۆفشناڵ ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر دەبێ بەشداری یەکەمین کۆنگرەی دامەزراندنی(pkk) لەساڵی ١٩٧٨ دەبێت و لە ساڵی ١٩٧٩ لە شاری ئەلجەزیری دەچێتە ڕیزی هەڤاڵەکانیەوە لە ساڵی ١٩٨٠ لە زیندانی ئامەد ئەشکەنجە و ئازار دەدرێ بەلام ئەو زۆر ژیرانە و ئازایانە بەرگری لە ڕێبازەکەی دەکات بۆ ماوەی ١٠ سال زیندانی دەبێ سالی ١٩٩١ ئازاد دەکرێ دەچێتەوە شاخ و لە ئەکادمیەی مەعسوم قۆرقماز دەورەی ئایدۆلۆژی و عەسکەری دەبینێ دواتر بەهۆی کار و چالاکییەکانی ڕوو لە (سوریا، ئەوروپا، فەلەستین) دەکات وە لە ئەوروپا درێژە بە کار و چالاکییەکانی ئەدا بە شێوەیەکی نەسرەوتن تا سە رکەوتن بەلام بەداخەوە لە مانگی ٢٠١٣/٩ لە پاریس لە ئەنجامی هێرشێکی چەکداری بە شێوەیەکی دڕندانە تیرۆر دەکرێت لەگەل ٢ لە هاورێکانی بە ناوەکانی (فیدان دۆغان، لەیلا سۆیلەمەز) .

# شەهید ڤیان




لەیلا والی حوسێن ناسراو بە (ڤیان ، ڤیان کارۆخ ، ڤیان سۆران ) سالی ١٩٨١ لەشاری سلێمانی مەکۆی بیرو باوەڕی کوردایەتی و سەرهەڵدانی شۆڕش و ڕاپەڕین لە خێزانێکی دڵسۆز و کوردستانی پەروەر چاوی بەژیان هەڵهێناوە و سەرەتایی و ناوەندی لە سلێمانی تەواو کردووە و هەمیشە بە پلەی یەکەم دەرچووە بەلأم ڤیان هەر لەسەرەتاوە هەستی چینایەتی و نیشتیمانەکەی بۆی بوە گەورەترین قوتابخانە و تێکۆشان بۆیە لە سالی ١٩٩٧ لەناو پەکەکەدا درێژە بە کار و چالاکیەکانی ئەدا و نمونەی ئازایەتی و خۆڕاگری و دسپلین و ئیلتزام دەبێ و بەشداری و فەرماندەو سەرکردەی شەڕ و داستانی نیشتیمانەکەی دەبێ و سەرەتا وەکو کادیرێکی لاو و وشیار دەبێ و دواتر فەرماندەو سەرکردەی داستان و نە بەردییەکان و دەبێ و بەشداری کۆنفراسی ڕۆژهەلأتی ناوین لە سالّی ١٩٩٨ دەبێ زۆر باوەڕی بە خەبات کردن دەبێ و بۆ هەر ٤ پارچەکەی و ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری (بزاڤی چارەسەری دیموکراتی) دەبێ و لە سالی ٢٠٠٢ دەبێتە ئەندامی دەستەی کارگێری و ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی چارەسەر و لە هەمان کاتیشدا وەکو نوسەرێکی بەتوانا و لێهاتوو دێتە مەیدانەکە و هەمیشە خاوەن هەلۆێست و ڕەخنەو داهێنان بووە لەکارەکانیداو ویستویەتی تیۆرو پراکتیك هەمیشە تەواوکەری یەکتر بن و لەپێشەوەی پێشەنگی دابن و لە سالی ٢٠٠٣ وەك ئەندامی دەستەی گشتی بەشداری

دامەزراندنی کۆنگرەی گەل دەکا و لەسەر داوای خۆی بەشداری شەڕەکانی هێزی پاراستنی گەل دەکا و وەکو فەرماندەو سەرکردەیەکی خۆنەویست و بە وەفا و دڵسۆز و بۆ گەلەکەی دەیان جار لە دەمی مەرگ دەگەڕێتەوە و کام کارە قورس و وەك پۆلایە لای ئاسان بووە بە ورەو خۆڕاگرییەوە لە ٢٠٠٦/٢/٢ لەچیای حەفتانین بۆ شەرمەزارکردنی گەلە کۆمەکی نێودەوڵەتی دژی ئاپۆ بە دروشمی (سەر لە نوێ واتادان بە گوتەکانمان ) گڕ لە جەستەی خۆی بەردەدا و پیلانی دوژمنان لەگۆر دەنێ و. میژوو بە ئاگرو ڕوناکی بۆ نەوەکانی بەرخودان دەنوسێتەوە .

## کۆچکردو مریە م خانی سەید ئەحمەدی خانەقا

یەکیکە لە وژنەسەرکردەو هەڵکەوتوانەی گەلی کوردکە سەرکردەی ئافرەتانی شاری کەرکوکی کردووەو، زۆر ژیروهوشیارولێهاتوو ڕۆشنبیرو کوردپەروەربوەو لەهەمان کاتیشدا خاوەنی بنەماڵەیەکی ئاینی و تەکیەو خانەقابوون،کەڕۆژانەبەدەیان هەژارونەدارو ڕویان تێدەکردوبرسیەتی خۆیان دەشکاند.وەهەروەها مریەم خان کچی سەیدئەحمەدی خانەقاو فاتمەخانی شێخ ڕەزای شەدەڵەیە ، لەساڵی١٩٠٤ لەکەرکوك لەدایك بوەو خاوەنی سێ برایە بەناوەکانی : شێخ عەبدوقادر ، شێخ حوسەین ، شێخ کاکە حەمە . مریەم خان کەسایەتیەکی سیاسی ومرۆڤ دۆست وکۆمەلایەتی بوو، وەپەیوەندی بەهێزیشی هەبوولەگەڵ بنەماڵەکانی تورك وعەرەبەکانی کەرکوك وحەپسەخانی نەقیب وشێخ حە فیدو پیرەمێردوچەلەبی وبنەمالەناودارەکانی هەولێرو کۆیەو بەعقوبەوشارەبان و بەغدا...هتد باوکی مامۆستای تایبەتی بۆگرتوەبۆئەوەی فێری خوێندن وزمانەکانی

عەرەبی و تورکی و فارسی ببێ ولەهەمان کاتیشدا شعرەکانی حافزوسەعدی لەبەر کردووەو هەمیشە لەگەڵ مافی نەتەوەکەی دابوەو لێپرسراوی مانگی سووری عێراقی لقی ژنان بوەو پیشانگای جل وبەرگی کوردی کردۆتەوەو هەمیشەش هاوکاری گەلەکەی بوەو هاوبەشی شۆڕشی ئەیلولی کردوەو ساڵی ١٩٧٤ و ١٩٩١ بەشداری کۆڕەوەو ئاوارەیی ئێرانی کردوەو تاوەکو لەساڵی ١٩٩٣/١٢/٩ کۆچی دوایی کردوەو لەمزگەوتو خانەقای خۆیاندا کرکوك نێژراوە..

## کۆچکردو حه پسه خانی عیرفانه فەنی



کچی زانای بەناوبانگی کورد عیرفانە فەنییەو کە زانایەکی ئاینی و فەلەکناسی و شاعیرێکی بەتواناو لێهاتوو بوەو خێزانی خوالێخۆش بوو جەمیلە فەنی سائیبە ، لەساڵی ١٩٠٢ گەڕەکی شێخان (کانیسکان)ی سلێمانی لە بنەماڵەیەکی ئاینی و کوردپەروەر چاوی بەژیان هەڵهێناوەو ژنێکی ڕۆشنبیرو سکرتێری کۆمەڵەی زانستی ئافرەتان بوە کە لە سلێمانی ساڵی١٩٣٠ دامەزراوە کە بە یەکەم جولانەوەی ئافرەتانی باشوور دائەنرێ . وە ئافرەتێکی ڕەوشت بەرزو خاوەنی داهێنان ورەخنەو کەسایەتیەکی کۆمەڵایەتی و هەمیشە دژی داب و نەریتە دواکەوتوەکان کاری کردوەو وەکو مامۆستاو دایکێك پیشەنگ بوە بۆ پێشخستنی کۆمەڵگای کوردی و لە ساڵی ١٩٥٩ لەلایەن مافی ئافرەتانی عێراقەوە ڕێزلێنان و پێشوازی لێکراوە بۆ کۆنگرەی بەغدا و لە کوردستانیش بەهەمان شێوە جێگای سوپاس و ڕێز بوە و بەڵام بەداخەوە لە ١٩٩٧/٦/١٥ کۆچی دوایی کردوەو لە گردی سەیوان نێژراوە.

# حه پسه خانی نەقیب



کچی مەعروف بەرزنجی نەوەی کاك ئەحمەدی شێخ و ئامۆزای شێخ مەحمودی مەلیکی کوردستانە هاوسەری شێخ قادری حەفید لەساڵی ١٨٩١ لە سلێمانی لەدایك بوە و بۆیەش پێیان وتوە نەقیب لەبەر ئەوەی باوکی پلەی نەقیبی دراوەتێ لەلایەن عوسمانیەکان و هەر بەو هۆیەوەش بوەنوێنەری ساداتی شێخان بوە. ژنێکی بەخشندەو میهرەبان ودڵسۆزو ڕۆشنبیر بوەو قوتابخانەیەکی نەهێشتنی نەخوێندەواری بۆ ژنان کردۆتەوەو خانوە گەورەکەی خۆیشی داوەتە کۆمەڵەی زانستی ، وە هەمیشە لایەنگری مافی نەتەوایەتی گەلی کورد بوەوە ساڵی ١٩٢٣ کە سمکۆی شکاك هاتە سلێمانی لەسەرداوای حەپسەخان لەسەر شەقامەکان کەوتنە پێشوازی و لەهەمان کاتیشدا سەرۆکی کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردبوە لەساڵی ١٩٣٠ کە داوای مافەکانی ژنانیان کردوە و لەساڵی ١٩٣٠ نامەیەکی ئاراستەی کۆمەلەی نەتەوەکانی جنیف کردوەو داوای مافی چارەنووسی بۆ گەلی کورد کردوەو کاتێکیش کۆماری مەهاباد دامەزرا هاوکاری مادی کردو پێشەوا قازی سوپاس وستایشی ئەم هەڵوێستەی کرد. وە هەمیشە دژی داب و نەریتە دواکەوتوەکان بوە و یەکەم کەس بوە کە پەچەی فڕێداوەو سەدان کێشەی کۆمەلایەتی چارەسەرکردوە. وە ( ئێدمۆندز) حەپسەخان بەئافرەتێکی ناودارو ژیرو زیرەك و سیاسەت گێڕ وەسف دەکا کەلە ٦ ی ئەیلولی ١٩٣٠ ژنان ڕۆڵێکی بەرچاویان بینی لە ڕاپەڕینەکەدا تا بەداخەوە لە ١٢ ی نیسانی ١٩٥٣ کۆچی دوایی دەکات بەهۆی نەخۆشیەوە.

# كۆچكردو عادیله خان



عادیله خانم کچی عبدلقادری بەگی ساحبقرانه له سالی ١٨٧٥ له شاری سنەی كوردستانی رۆژهەلات له دایك بوه خۆی له بەگزادەكانی ساحبقرانی خاوەن رۆشیینبیرو لانكەی روناكبییری و هۆشمەندی بوەو لەگەڵ ئەوەشدا كارگێری هۆزی جاف بوه له سالی ١٨٥١ بنەماڵەكەیان له دوای تێكچونی میرنشینی بابان بنەماڵەكەیان روو له ولاتی ئەردەلان دەكا و له سالی ١٨٩٥ شوی به وەسمان پاشای جاف كردوه كه ڕۆڵی بەرچاوی هەبوه له ئاوەدان كردنەوەی هەڵەبجه داو كارو بارەكانی له ناو هۆزەكانی جافدا زۆر بەسەركەوتویی كردوەو هەمیشه حەزی به ئاوەدان كردنەوەو خوێندەواری و پێشخستنی ولاتەكەی كردووەو چەند قوتابخانه و بالەخانه و سەیرانگای كردۆتەوه ، عادیله خانم به هۆی ژیری و سەركەوتوی و ناوداریەوه بۆته جێگای گەریدە ئەوروپیەكان هەر وەكو ( مێجەر سۆن) له سالی ١٩٠٩ له هەلەبجه عادیله خانم دەبینێ و سەرسام دەبێت ب زیرەكی و لێهاتویی و كۆمەلایەتی كه توانیویەتی فەرمانڕەوایەتی شارەزور بگرێته دەست له دوای مردنی مێردەكەی وه عادیله خانم لای ئینگلیزەكان زۆر ناسراو بووه سەردانیان كردوه نازناوی پایه بەرزی هیندی (خان بەهادوری) یان پێبەخشیوه له سالی ١٩٢٤ له شاری هەڵەبجه كۆچی دوایی كردوه.

# کۆچکردو ڕەوشەن صالح بەدرخان



سالی ۱۹۰۹ لەشاری قەیسەری کوردستانی باکور لەدایکبووە بەهۆی شۆڕشگێری و هەستی کوردانەیان هەمیشە لە ئاوارەیی دابوون ئەو کاتەی ئەو لە دایك ببو باوکی لەو شارە دوور خرابۆوە بۆ شام و دواتر لەگەل باوکیدا یەکتری دەگرنەوە و لە سالّی ۱۹۲۵ لە دیمەشق خانەی مامۆستایانی تەواو کردووە وە لە سالی ۱۹۳۵ شوی بە جەلادەتی بەدرخان کردووە وە لە سالی ۱۹۵۱ جەلادەتی هاوسەری کۆچی دوایی کردو وە یەکەمین ژنی کورد بوە بەشداری کۆنفراسی(دژی کۆلۆنیالیزم) لە ولاتی یۆنان لە سالی ۱۹۵۷ کردو لە بواری نوسین و وەرگێڕانیشدا دەوری کاریگەری هەبووە وە ۱۰ کتێبی جۆراوجۆری هەبوە وەکو پەروەردەو ئەدەب و مێژوو یاداشتدا وە زمانەکانی تورکی و عەرەبی بە چالاکی زانیوە شارەزایشی لە زمانەکانی فەرەنسی و ئینگلیزی و ئەلمانیدا هەبووە و ۳ پەرتووکی بە زمانی عەرەبی نوسیوە وەکو (سەفات من الادب الکردی ،غرامی والامی ، مزکرات ، امرە) وە لە سالی ۱۹۳۷ یشدا پەیوەندی بە ڕێکخراوی ژنانی سوریاوە کردوە وە هەر بە نوێنەرایەتی ئەم ڕێکخراوە بەشداری کۆنگرەی قاهیرەی کردووە وە لە سالی ۱۹۷۱ لەسەر داوای بارزانی هاتۆتە کوردستانی باشور و یەکێتی ئافرەتانی کوردستانی دامەزراندوەو کاری ڕۆژنامەوانیشی بۆ زۆربەی گۆڤارە کوردی و بیانیەکان کردووە بەداخەوە لەمانگی ٦ی/۱۹۹۲ لە شاری بانیاس لە سوریا کۆچی دوایی کردووە .

# کۆچکردو خانزادی میری سۆران



میرنشینی سۆران له سەرەتای سەدەی پانزەهەمی زاینی دامەزراوه ٢٤ میر فەرمان ڕەوای هەبوه و یەکێکیان خانزادی سۆران بوه کچی شاقولی بەگی سلێمان بەگی میر سەید بەگی سۆران بوه له ساڵەکانی ناوەڕاستی سەدەی شانزەهەم له دایك بوەو له کۆتایی هەمان سەده له ١٥٩٧ ماڵئاوای له ژیان کردوه دوای ئەوەی میر سلێمان بەگی برای به پیلانێك له ١٥٩٠ لەلایەن فەرمانرەوای بەغداوه دەکوژرێ و خانزاد خان له ماوەی ٧ ساڵی تەمەنی میرنیشینەکەی کردوه و چالاکانه ئەرکەکانی ڕاپەراندوه توانی به پلانێکی ژیرو هۆشیارانه تۆڵەی براکەی بکاتەوه و بکوژەکان بگیرێت و بیانکوژێتەوه، وه زۆر شوێن هەیه تاکو ئێستا هەربەناوی خانزادەوەن وەکو ( پرد، مزگەوت، کۆشك، هاوینەهەوار، قوتابخانه) و لوتکەی هەندێك چیا... وه خانزاد کچێکی ڕۆشنبیرو زانیاری ورد بوه و له شەڕیشدا ڕاستەوخۆ بەشداری و سەرکردایەتی شەڕی کردوەو ، خانزاد ژنێکی باڵابەرزو قژ ڕەش و جوان بوه سیمای سوار چاکی هەبوه و چالاك و ئازابوه و هەمیشه له ڕیزەکانی پێشەوەی جەنگ دابوه .

# شەهید قەدەم خێر



لە ساڵی ١٩٢٥ ڕەزا شای پەهلەوی بە ناحەق و فرتوو فێڵ شامرادخانی برای قەدەم خێری کوشت کە دوا میری لوڕی بوو ئەمەش رق و تۆڵەی قەدەم خێری بەهێز کردوە داوای لە کوردە فەیلیەکان و لوڕەکان کرد کە هاوکاری بکەن بۆ شۆڕش و ڕاپەرین دژی پەهلەویەکان چیا سەرکەشەکانی لوڕستانیشی کردە بنکەو بارەگای شۆڕشگێرەکان و توانیان زەبری کاریگەر لە دوژمن بدەن و هێرشەکانیان پوچەڵ بکەنەوە بۆیە بەناچاری حوکمەتی پەهلەوی وەفدێکی ناردە لای قەدەم خێرو مادەیەکی زۆر زێڕیان بە دیاری بۆ بردبوو بەڵێنیشیان پێ دابوو کە لێبوردنی گشتی دەربکا پەهلەوی بە وەفدەکەی ڕاگەیاند بوو کە شوی پێ بکات بەڵام قەدەم خێر هەموی ڕەت کردەوە درێژەی دا بە خەبات بەڵام ئەمجارە پەهلەویەکان لە ژێر پەردەی هەستی ئاینی دا بە فرت و فێڵ وەفدێکی تری ناردە لایان و قورئانی بە دیاری بۆ نارد بون وە سوێندی خوارد بوو کە هەموو شتێك جێ بە جێ دەکا ئەمانیش باوەڕیان کردو چون بە دەم بانگەوازەکەوە و پەهلەویەکان هەر لە یەکەم شەودا زۆربەی شۆڕشگێرەکانیان کوشتن و قەدەمخێر و ١٧ سەرکردەی تریان بردن بۆ تاران ئەمانیشیان لە ناو برد و قەدەم خێریان بە پرچەکانیەوە بە دوای وڵاخدا ڕاکێشا هەتا گیانی لە دەست دا.

# شەهید محمد حمەدەمین حەللاق



ساڵی ١٩٥٥ لەشاری کۆیە لە خێزانێکی نیشتمانپەروەر لە دایك بووە و خوێندنیشی تا دواناوەندی بەشی ئەدەبی تەواو دەکات و باوکیشی سەرتاش بووە ناوبراو لە کۆتایی حەفتاکاندا پەیوەندی نهێنی ڕێکخستنی لەگەڵ حزبی شیوعی عێراقدا دەبەستێ و چالاکانە ئەرکەکانی جێ بەجێ دەکات و ساڵی ١٩٨٠ بەعس دەیەوێ بیگرن بەلاَم ناوبراو ڕوو لە شاخ دەکا و دەبێتە پێشمەرگەیەکی دڵسۆز و کاراو چالاکی شیوعی ، سەرەتا وەکو کادیرێکی وشیارو بە ئاگا دەکەوێتە کارو چالاکی بەلاَم دوایی بەهۆی ئازایەتی و بوێرییەوە دەبێتە فەرماندەیەکی عەسکەری لێهاتوو لەشەڕەکانی کۆیەو بنەباو ئیلنجاغ .....هتد خاوەنی داستانی کەم وێنە بووەومێژووشاهیدی بۆ ئەداو لەڕۆژە سەختەکانیشدا پیاوی پارتیزانی ناوچەکە بوە و برایەکیشی بەناوی بەشدار دوای ساڵێك لە پێشمەرگایەتی شەهید دەبێ و دایکیشی یەکێك لە شێرە ژنەکانی شاخ و شار دەبێ و زۆر چالاکانە کاری نهێنی دەکات تا ئەو ڕۆژەی لە زینداندا شەهیدی دەکەن .. شەهیدی فەرماندە و سەرکردە ساڵی ١٩٩٠ دەچێتە ولاَتی سوید و لەگەڵ ڕاپەڕینیشدا دەگەڕێتەوە کوردستان و ڕۆڵی شیاوی خۆی دەبینێ وشەهید کەسێکی ڕۆشبیرو خاوەنی چەندین نوسین و گوتار بوە لەگۆڤار و ڕۆژنامەکان بەناوی خۆی و خوازراوە دەینوسی بەلاَم بەداخەوە شەهید محمد دوای ئەوەی دەبێتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی کاری

سەربەخۆی کوردستان کە بۆ دووەمین کۆنگرەی حیزب بەڕێ دەکەوێ بۆهەولێر لە ١٩٩٥/١١/٢ خۆی یانزە لە هاوڕێکانی لە بازگەی تۆبزاوا _کۆیە ی یەکێتیەوە شەهید دەکرێن .

***<u>سەرچاوە : کتێبی تراژیدیای شەهیدبوونی محمد حەللاق – لە سەرئەرکی بنەماڵەکەیان چاپکراوە</u>***

## کۆچکردو ئەحمەد هەردی



ساڵی ١٩٢٢ لە سلیمانی لەبنەماڵەیەکی دڵسۆزو کوردپەروەرو ڕوناکبیر لە دایکبوەو ساڵی ١٩٤١ بۆتە مامۆستا ، ساڵی ١٩٥٧ کۆمەڵێك هۆنراوەی جوان و ناسکی بەناوی ( ڕازی تەنیایی ) بە چاپ گەیاندوەو ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ کۆمەڵێك هاوڕێی دا کاژیك یان دامەزراندو بوە بەرپرسی ئەم کۆمەڵەیە و ماوەیەکیش ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی ناوەندی یەکێتی نوسەرانی کوردبوەو دواتریش سەرۆکی لقی سلێمانی بوە .. ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندی بەشۆڕشی ئەیلولەوە کردوەو ساڵی ١٩٦٦ لەلایەن ساواکەوە گیراوەو دواتر ئازاد کراوەو دوای نسکۆش ئاوارەی ئێران بوە تاوەکو ساڵی ١٩٧٩ وە لە دوای ١٩٨٨ - ١٩٨٩ دەبێتە سکرتێری پاسۆك و دواتر وەکو کەسایەتیەکی ڕۆشنبیرو سەربەخۆ دەمێنێتەوە .. ساڵی ١٩٩١ لە بەریتانیا نیشتەجێ دەبێ و هەر لەوێش لێکۆڵینەکەی لە سەر کێشی عەرووز لە شیعری کوردیدا تەواو کردوەو لەڕۆژی ٢٩ / ١٠ / ٢٠٠٦ لە سلێمانی کۆچی دوایی کردوە .

# کۆچکردو ئازاد مستەفا



ساڵی ١٩٤٨ لەگوندی بارزان لەدایك بوە،دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول کەوتۆتە خەباتی ژێرزەمینی و بەم هۆیەوە لەلایەن بەعسەوە دەگیرێ و ساڵی ١٩٧٩ بەر لێبوردنی گشتی دەکەوێ ، بۆیە هەر لەهەمان ساڵدا دەبێتە پێشمەرگە و پاش ماوەیەك دەبێتە سکرتێری پاسۆك شوێن پەنجەی دیار بوە لە هەموورِویەکەوە . بەلأم بەداخەوە بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجەوە دەچێتە ئەوروپا لە ١٩ / ٣ / ١٩٨٩ لە سوید کۆچی دوایی دەکا.

# کۆچکردو عوسمان سەبری



کورِی سەرۆك خێڵی مێردیسانە و سەر بە شارۆچکەی کاختا ساڵی ١٩٠٥ لەدایکبوەو تەمەنی دە ساڵان دەبێ باوکی دەمرێ و ئەو لە شوێنی ئەو دائەنیشێ و بنەماڵەکەشیان کورد پەروەربون و بەشداری ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعیدی پیران دەکەن و دوو مامی لەگەڵ شێخدا لە سێدارە دەدرێن و خۆیشی زیندانی دەبێت و دواتر ئازاد ئەبێ و دواتر لە ساڵی ١٩٢٨ بۆ ماوەی ساڵێك دەگیرێ و بەهۆی هاوکاری کردنی ئەفسەرێکی کوردەوە ئازاد دەبێت و لە ساڵی ١٩٢٩ دەڕواتە سوریاو لەوێوە پەیوەندی بەحیزبی خۆیبونەوە دەکات و دوای

دو ساڵ دەگەڕێتەوە توركیا ، ساڵی ١٩٥٤ ئەلف و بای كوردی نوسیوەتەوەو لەگەڵ جمال نەبەز وەلە ساڵی ١٩٥٦ حیزبی دیموكراتی سوری دروست كردوەو لە ١١ / ١٠ / ١٩٩٣ كۆچی دوایی كردووە.

## كۆچ كردو جە میل محۆ



دوای دابەشكردنی كوردوستان زۆر لە كوردەكان ئاوارەی ئەورپاو لوبنان ... هتد دەبن و جەمیل محۆش یەكێك بوە لەو كوردە شۆڕشگێڕانە كە ئاوارەی لوبنان بوەو ژیانێكی ئاوارەی و ناخۆشی بەسەربردوەو هەمیشە هەستە نەتەوایەتیەكەی زۆر بەهێزبوە ، ناوبراو ساڵی ١٩٣٠ لەگوندی جەبەل گاوی سەروی سێبین لە سەروی كوردستان لە دایك بوە و ساڵی ١٩٦٠ پارتی دیموكراتی كوردستانی لوبنانی دروست كردوەو ئەو پارتەشی بە دەوڵەتی لوبنان ناساندوەو لە هەمان كاتیشدا پەیوەندییەكی پتەوی لەگەڵ بارزانی نەمردا هەبوە ، بەلاّم لە ساڵی ١٩٨٢ لە لوبنان كۆچی دوایی كردوە .

# کۆچکردو دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی



ساڵی ١٩٢٤ لە شاری وان لە کوردستانی باکور لە دایك بوەو، بەهۆی هەستی نیشتمانیەوە ئاوارەی ئەوروپا بوەو یەکەمین کورد بوە کە یەکێتی قوتابیانی کوردی لە ئەوروپا دامەزراندوەو لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلولیشدا نوێنەری ( پ د ك ) لە ئەوروپاو ساڵی ١٩٧٠ دکتۆرای لە مێژوو سیاسەت لە زانکۆی لۆزان وەرگرتوە ، ساڵی ١٩٧٦ لەلایەن بەعسەوە لە لۆزان بریندار ئەکرێ و ساڵی ١٩٨٣ بەشداربوو لە دامەزراندنی ئەنیستۆی کوردی پاریس ، ساڵی ١٩٧٨ هەوڵی دامەزراندنی پارتێکی کوردی داوە بەلاّم سەرکەتوو نەبوەو ساڵی ١٩٨٥ یەکێتی مافناسانی کوردی لە ئەوروپا دامەزراندوەو ساڵی ١٩٩٥ بۆتە سەرۆکی ئەنیستۆی بەرلین بۆ زانست و لێکۆڵینەوە ، لەهەمان ساڵێشدا ئەندامی پەرلەمانی هەندەران دەبێ و ساڵی ١٩٩٩ – ٢٠٠٣ سەرۆکی نەتەوەیی کوردبوە لەدەرەوە ، ناوبراو خاوەنی ١٠ دە کتێبی جۆراوجۆری بوەو بە چاپی گەیاندوە بەزمانەکانی فارسی و عربی و تورکی و فەڕەنسی و ئەڵمانی و ئینگلیزی ...هتد نوسین و گوتاریشی زۆرە تا ساڵی ٢٠١١ کۆچی دوایی کردوە .

# شه هيد سەيد مستەفا



سەيد مستەفا سەيد على بەرزنجى ناسراو بەئيمامى مەهدى سالّى ١٩٥٥ له گوندى كۆمەڵەى سەنگەسەر له خێزانێكى ئايينى و نيشتمان پەروەر چاوى بەژيان هەڵهێناوه و سالّى ١٩٧٨ شەشى ئامادەى تەواو كردوەو لەكۆليژى بەغدا بەشى ياسا وەرگيراوه بەلاّم بەهۆى باروزروفى تايبەتيەوەه نەيتوانيوه درێژه بەخوێندن بدا ، سالّى ١٩٧٩ بيرى له دامەزراندنى حيزبێكى ئيسلامى كردەوه بۆ ئەم مەبەستەش ڕووى له چيا كرد بەلاّم لەو هەوڵەى سەركەوتو نەبوو ، ماوەيەك لەناو بزووتنەوەى ئيسلاميدا بوو دواى وازى لێهێنان و بەوتەى خۆى لەخوداوه ئاگاداركراوەتەوه كەبەپلەى مەهديەت گەيشتوه بۆيه له بزووتنەوه هاته دەرەوەو دوو سالّ به نهێنى بانگەوازى مەهدى كردوەو سالّى ١٩٨٨ بەئاشكرا بانگەوازى كردوه له چياكانى كوردستان . بەمەبەستى بانگەوازەكەشى بارەگاكەى له خڕى ناوزەنگ بوەو ژيانى ئاوارەيى وناخۆشى و برسيەتى لەعێراق وئێران بينيوه وبەعسيش مەبەستى بوو كەلەناوى بەرێ ، ناوبراو ئەم بەرهەمانەى نوسيوه : ديارى ئاينده ، هێماى نهێنيەكان ، زيندوبونەوه له تاقيگەدا ، پەيوەندى نێوان بۆماوه جينيتيك وتاوان ، ژياننامەى بيلالى حەبەشى ، باسێك له سەر ياساى سرووشت ، كورتەيەك لەسەرمێژووى ناسيۆناليزم – خواناسى وەرگێڕان بوه . ناوبراو بەشدارى ڕاپەڕينى كردوەو بارەگاى ئيمام مەهدى ڕێبەرى جيهان لەڕانيه كردەوەو له مانگى ٦ / ١٩٩٢

بەشی یەکەمی کلمات ألله لە چاپدرا کە بەوتەی ئیمام مەهدی هەموو ئیلهامەکانی لەلایەن خوای پەروەردگارەوە بۆ هاتوەو ئەمیش نقڵی کردوەو لەگەڵ دەرچونی کتێبەکەی ، بڕیاری قەدەغەکردن و سوتاندنی ئەم کتێبە درا بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆری لێ بڵاوبۆوەو نێردرا بۆ زانکۆی ئەزهەر و قوم و فاتیکان و بۆشی باوك و خامنەیی ... هتد وە جارێکیش هێرش کرایە سەربارەگاکەی لەلایەن هەندێ چەکداری ئیسلامیەوە . بەڵام بەداخەوە لە شەوی ١ — ٢ / ١٠ / ١٩٩٢ بەپیلانێك لەلایەن چوار چەکداری نەناسراو لە هەولێر خۆی و چوار لە هەڤاڵەکانی شەهید دەکرێن و لەگۆڕستانی سەنگەسەر دەنێژرێن.

# کۆچکردو

# ماموستا مەلا عوسمان عەبدولعەزیز محمد



ساڵی ١٩٢٢ لە گوندی پریسی سەرو نزیك هەڵەبجە لە بنەماڵەیەکی ئایینپەروەر کە بە ڕەچەڵەك دەچێتەوە سەر پیرخدری شاهۆو پێشەوا حوسێنی کوڕی عەلی . ناوبراو پێشەنگی ڕابونی ئیسلامیە و لە سەردەستی باوکی ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووەو ساڵی ١٩٥٤ دەچێتە ڕیزی برایانی موسڵمان و ساڵی ١٩٥٩ بە بڕیاری عبدالکریم قاسم نەفی دەکرێت بۆ جنوب بۆ ماوەی ٩ مانگ . ساڵی ١٩٦٠ بەشداری کۆنگرەی حیزبی ئیسلامی عێراق بوە و گوتارێکی خوێندۆتەوەو باسی لەمافەکانی کورد کردوە . ناوبراو دوو نامەی بۆ جمال عبدالناسر ناردوەو داوای لێکردوە حوکمی لە سێدارەدانی سەید قوتب هەڵبوەشێنێتەوە و لەشۆڕشی ئەیلولیش پرۆژەی یەکێتی زانایانی پێشنیار کردوەو لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕشەوە قبوڵ کراوە ، ساڵی ١٩٧٦ بۆماوەی ١٠ مانگ لە سەماوەو ڕومادیە دەگیرێ و ساڵی ١٩٧٩ لەلایەن مەلا سدیقی برا بچوکی پرۆژەی دامەزراندنی حیزبێکی ئیسلامی دەخاتە بەردەستی ئەمیش قبوڵی دەکاو دەست بەخەبات و تێکۆشان ئەکا بۆی . ساڵی ١٩٨٥ بوە ئیمام و ڕابەری کاری برایانی موسڵمانانی کوردستان و ساڵی ١٩٨٧ ڕوو لە شاخ دەکات و بە هاوکاری و ڕەزامەندی هەر دوولایان توانیان بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی ناوەکەی بگۆڕن بۆ بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان و دژ بەبەعس بجەنگن . ماموستا لەساڵی ١٩٩٢—١٩٩٨ ڕابەرایەتی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی

عێراقی کردوه و ساڵی ١٩٩٩ بە گەشتێك بەرەو دەرەوەو ولاَتانی کەنداو بەمەبەستی کۆبونەوەو سەردان بەڕێ کەوتوەو بەداخەوە لە شام کۆچی دوایی کردوەو لە ١٤ / ٥ / ١٩٩٩ لە هەڵەبجە بە خاك سپێردراوەو دوای خۆیشی ئەم بەرهەمانەی بەجێهێشتوە : تەفسیری قورئانی پیرۆز لە ١٥ بەرگدا نوسیوە ، دوو بەرگی لە سەحیحی بوخاری چاپکردوە ، علوم قرأن ، چەند نامیلکەیەك لە زانستە ئیسلامیەکان و شەرعیەکان ، أسولٚ فیقهە ، شبهات حول ألاسلام چاپ نەکراوە .

## کۆچکردو مامۆستا مەلا عەلی عەبدولعەزیز



لە ٢٨ / ١١ / ١٩٢٩ لە بنەماڵەیەکی ئایینی و زانستی پەروەرو شۆڕشگێر بە کوردایەتی مقاوەمەت و جیهاد لە گوندێکی نزیك هەلەبجە چاوی بەژیان هەڵهێناوە . لە تەمەنی پێنجساڵیدا دەچێتە قوتابخانەی منالاَن بۆ فێربونی نوسین و خوێندنەوەو قورئانی پیرۆزو خوێندنیشی بە سێ قۆناغی جیاواز تەواو کردوەو دراسەی عەرەبی و فارسیشی تیا بوە . ناوبراو چۆتە خولێکی زانستەوەو پلەی یەکەمی تیا بەدەست هێناوەو بۆتە مودەڕیس و ئیمام و خەتیب و لە ساڵی ١٩٦٢ بۆتە بەڕیوەبەری پەیمانگای هەڵەبجە و لە هەمان کاتیشدا لە ساڵی ١٩٥٣ بە ڕەسمی ئیجازەی زانستی وەرگرتوە وبەشداربوە لەخولە ئاینی و فێرکاریەکانداو لەبواری چەك و سوارچاکی بوێری دا دیار بوەو شارەزای باشی لە زمانەکانی فارسی و عەرەبی دا هەبوە . ساڵی ١٩٥٩

وازی لەوانە وتنەوە هێناوە و بۆتە ئیمام و خەتیبی مزگەوتەکانی واعیز و پاشا لە هەڵەبجەو خزمەتێکی گەورەی بەئایین و کوردایەتی کردوەو بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردوەو تا نسکۆ درێژەی بەخەبات و تێکۆشان داوەو دواتر ئاوارەی ئێران بوەو دوای گەڕاونەوە و لە هەڵەبجە نیشتەجێ بوون و بەردەوام لە هەوڵی کۆکردنەوەی جەماوەردا بوە بۆ ڕیزەکانی کوردایەتی و ئیسلامی بۆیە هەمیشە لەژێر چاوەدێری بەعسدا بوون بەڵام ماموٚستا بێباك بوو هەر درێژەی بە خەبات و تیکۆشان داو دەوری پیشڕەوی بینیوە لە خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٨٧ دواتر بە بنەماڵەوە کۆچیان بەرەو ئێران کردوەو لە بزووتنەوەی ئیسلامی دا لە شاخ درێژەی بە خەباتداوەو بۆتە جێگری ڕابەری گشتی بزووتنەوەو لە پێناوی ئامانجەکانی بزووتنەوەدا سەردانی دبلۆماسی بۆ وڵاتانی عەرەبی و ئەوروپی کردوەو دوای ماموٚستا مەلا عوسمانی برای ئەم بۆتە ڕابەری گشتی بزووتنەوەو لەهەمان کاتیشدا ئەندامی فەخری دەزگای فریاکەوتنی جیهانی ئیسلامی بو لە سعودیە ، بەڵام بەداخەوە لەلایەن هێزەکانی ئەمریکا لە ٢ / ٨ / ٢٠٠٣ بۆماوەیەك دەسگیرکراو دواتر ئازاد کرا تا بەداخەوە لە ١٧ / ٣ / ٢٠٠٧ بەهۆی نەخۆشیەوە لە بەریتانیا کۆچی دوایی کردو دواتر لە نێو ئاپۆڕایەکی خەمباری جەماوەری شاری هەڵەبجەی شەهید بەخاك سپێردرا .

# کۆچکردو مامۆستا مەلا ئەحمەد



ئەحمەد کاکە محمود ساڵی ١٩٥٠ لە گوندی یالانپێ ، لە بنەماڵەیەکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر چاوی بەژیان هەڵهێناوەو لە تەمەنی حەوت ساڵیدا چۆتە حوجرەو لە سەر دەستی مامۆستا سەید حوسێن ی کوردستانی ڕۆژهەلات زانستە شەرعیەکان دەخوێنێ و بۆ تەواوکردنیشی کوردستانی عێراق و ئێران دەبینێ و دواجاریش لە سەر دەستی مامۆستا مەلا عوسمانی هەڵەبجە ئیجازەی مەلایەتی وەردەگرێ ، ساڵی ١٩٦٧ — ١٩٧١ پەیمانگای ئیسلامی لە هەڵەبجە تەواو دەکاو لە ناوچەکانی : پێنجوین و سیروان و بناوەسوتە و شیرەمەڕو خورماڵ ... هتد دەبێتە پێش نوێژو وتاربێژ بەهۆی هەڵوێستی کوردانەو ئیسلامیەوە ماوەیەك لە ئەمنە سورەکەی سلێمانی دەگیرێ و دواتر ئازاد ئەبێت . ناوبراو بەهۆی شۆڕشگێری و بوێری و ڕوناکبیری و ڕۆشنبیریەوە ساڵی ١٩٨٧ ڕوو ئەکاتە چیاکانی کوردستان وەکو سەرکردەو فەرماندەیەکی بەئاگا لە سەرسنووری نێوان عێراق و ئێران یەکێك دەبێت لە دەستەی دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی ئیسلامی و چالاکانە ئەرکەکانی ئەنجام ئەداو دوای ساڵی ١٩٨٨ هێزی مجاهیدینی هەورامانی بە شێوەی پارتیزانی دژی بەعس ڕیکخست . ناوبراو وەکو شاندی بزووتنەوە سەردانی پەرلەمانی تورکیاو لیبیاو سعودیەو ئێران و سوریای کردوەو خاوەنی زیاتر لە ٢٥ بەرهەمی زانستی و شەرعی و وەرگێڕانی جۆراو جۆر بوە کەزیاتر لە ٨ دانەی چاپ کردوەو ئەمانی تریش دەستنوسن ، ناوبراو لە

سەردەمی شاخیشدا زنجیرەی ڕێنمایی بۆ مجاهیدان دەنوسێ و لەگۆڤاری النفیرو جەماوەر بابەتەکانی بلاّو دەبنەوەو خاوەنی ئیمتیازی گۆڤارەکانی جەماوەرو منارەو ڕۆژنامەی بزووتنەوەی ئیسلامی بوە و ئەم پلانەشی بڕیوە : ئەندامی سەرکردایەتی و ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی مەکتەبی دەعواو فەتوا و ڕاگەیاندنی ناوەندی و ڕێکخستن و دارایی . ناوبراو خاوەنی نۆمناڵە بەناوەکانی ( فارۆق ، عیرفان ، سهەیب ، محمد ، سومەیە ، نوسەیبە ، هودا ، هەدیە ، کۆچەر ) بەلاّم بەداخەوە لە بەرەبەیانی ٢٥ / ١ / ٢٠٠٧ کۆچی دوایی دەکات .

# شه هيد ماموٚستا محمد سەنگاوی



محمد ڕەزا محمد پیرخدری ساڵی ١٩٦٣ لەناوچەی سەنگاو لە بنەماڵەیەکی ئایین پەروەری شێخانی موریدو ساداتی پیرخدری هاتۆتەدنیاوە و بڕوانامەی دبلۆمی بالاٚ لە وتارە زانستە ئیسلامیەکان بەدەست دەهێنێ و دواتر بڕوانامەی بەکالۆریسی لەکۆلیژی ئیمام ئەعزەم لە بەغدا وەرگرتوە و دواتریش خوێندکاری زانکۆی سانت کلیمینتسی بەریتانی بوە لەکرکوك . ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی کاری ئیسلامیەوە دەکات و لە ساڵی ١٩٩١ دەبێتە جێگری مەڵبەندی سلێمانی بزووتنەوەی ئیسلامی و ساڵی ١٩٩٤ ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستن و دوایش بەرپرسی هەرێمی سلێمانی و بەهۆی وشیاری و ڕوناکبیریەوە پلەی جۆراو جۆری بڕیوە و ساڵی ٢٠٠٥ دەبێتە ئەندام پەرلەمانی عێراق لە سەر لیستی کۆمەڵی ئیسلامی . ناوبراو چواردە کتێب و نامیلکەی جۆراوجۆری چاپکردوە جگە لە چەندین وتارو نوسینی ترجگەلەوەی لە بواری عەقیدەو فیقهە زۆر شارەزا بوەو نیوەی قورئانی پیرۆزیشی لەبەربوە و یەکێك بوە لە ئەندامە سەرکردایەتیەکانی ئەم حیزبەوە تا بەداخەوە لە ٥ /١٠ / ٢٠٠٦ لە بەغدا خۆی و شوفێرەکەی تیرۆر دەکرێن و لە سلێمانی لە گۆڕستانی کاك ئەحمەدی بۆن خۆش بەخاك دەسپێردرێت و دوای خۆیشی سێ کوڕو دوو کچی بەجێ هێشتووە.

# شه هيد ماموٚستا عبداللهی قهسریٚ



عبدألله رسولٚ سالٚی ١٩٦٦ له گوندی سەرکانی دوٚلٚی بالٚەیان له خێزانێکی ئاییپەروەر له دایك بووه و دواتر به هوٚی ڕاگواستنی گوندەکان له سالٚی ١٩٧٨ له شاوێس نزیك هەولێر نیشتەجیٚ بوەو قوٚناغی ناوەندی لەویٚ تەواو کردوه سالٚی ١٩٨٥- ١٩٩١ هەموو قورئانی پیرۆزی لەبەرکردوه دواتر کەوتوٚته خوێندنەوەی زانسته شەرعیەکان سالٚی ١٩٨٨ پەیوەندی به ڕێکخستنەکانی بزوتنەوەی ئیسلامیەوه دەکات سالٚی ١٩٩١ دەبێته سەرتیپ سەر به مەلٚبەندی چواری هەولێر و له هەمان کاتیشدا دەبێته وتاربێژی مزگەوتی قه سریٚ و سالٚی ١٩٩٢ بوٚته ئەندامی مەلٚبەندی چواری هەولێر سالٚی ١٩٩٣ بوٚته بەرپرسی مەلٚبەندی چواری هەولێر و دواتر کرا به بەرپرسی مەلٚبەندی ڕانیه تا شەهید بونی چەند جارێك به ئەندامی سەرکردایەتی هەلٚبژێردراوه و خاوەنی ئیمتیازی سەدای جیهاد بوەو ناوبراو خاوەنی نوسین بوەو کەسێکی دلٚسوٚزو له خوٚبردو کوٚمەلاٚیەتی بوه جیٚ متمانەی هاوڕێکانی بوه و پلەی جوٚراو جوٚری بڕیوه له پەیوەندیەکان و ئەندامی مەکتەبی سیاسی ....هتد زوٚر له وتارەکانی کراونه سیدی و نامیلکەو چاپ کراون له سالٚی ٢٠٠٢ کوٚلیژی شەریعەی دهوٚکی تەواو کردوه ناوبراو وەکو شاندی وه فد سەردانی ئێران. سعودیه. کوەیت. ئیماراتی کردوه بەلاٚم به داخەوه ڕوٚژی ٢٠٠٣/٣/٤ له کاتی گەڕانەوەی له ئەحمەد ئاوا بەرەو ڕانیه له بازگەی تاسلوجەی یەکێتی دا خوٚی و چوار له هەڤاڵەکانی شەهید دەکرێن له گوٚڕستانی شاوێس به خاك دەسپێردرێن و دوای خوٚیشی چوار کوڕو دوو کچ به جیٚ دەهێلیٚ...

***<u>سەرچاوه : هەڤالاٚنی شەهیدی سەرکرده</u>***

# شه هید ماموستا مه‌لا شه‌ریف



شه‌ریف حسێن مسته‌فا ساڵی ١٩٦٩ له گوندی خدرانی بناری کۆسرەت له بنەماڵەیەکی ئایینپەروەر چاوی بەژیان هەڵهێناوە و بەهۆی بژێوی ژیانی خێزانەکەی تاپۆلی شەشەمی خوێندوە و لەساڵانی هەشتاکاندا ئاشنایەتی لەگەڵ کاری ئیسلامیدا پەیداکردووەوساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیەوە دەکات و ساڵی ١٩٨٧ لە شاخ دەبێتە پێشمەرگەو لە هێزی شافعی و دواتر هێزی حمزە و هەر لەهەمان ساڵدا لە کۆنگرەی چواردا دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی ئەم حیزبەو لە سێ کۆنگرەی جیاوازدا وەکو سەرکردایەتی هەڵدەبژێردرێتەوە و ناوبراو کەسێکی خواپەرست و سیاسی و عەسکەری بوە و ئەندامی وەفدی بزووتنەوەی ئیسلامی بوە بۆ سعودیەو تورکیاو تا بەداخەوە بەهۆی شەڕی ناوخۆی نێوان یەکێتی و بزووتنەوە خۆی وچوار لە هەڤاڵەکانی دوای بەدیل گرتنیان لە چیای ماکۆك شەهید دەکرێن لە ١٩٩٣/١٢/٢٧ لە گۆڕستانی چوارقوڕنە دەنێژرێن و وە یەکێکیان بەناوی حسن بابکر دوای رەمی کردن بە دیلی بە بریینداری ڕزگاری دەبێ . ماموستا شەریف دوو ژنی هەبووەو لەژنی دووەمی دوو کوڕو کچێکی هەبوو.

***سەرچاوە : هەڤالانی شەهیدی سەرکردە***

# شه هید ماموٚستا ئازاد بەرزنجی



ئازاد شێخ عزیز محیەدین ساڵی ١٩٥٣ له خێزانێکی ئیسلامپەروەر لەدایك بوه له سلێمانی له دایك بوه و ناوەندی لەم شارەدا تەواو کردوەو ساڵی ١٩٨١ دەبێته ئەندامی ڕێکخستنەکانی بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی و ساڵی ١٩٨٤ ڕێگای هیجرەت و جیهاد وەکو پێشمەرگە هەڵدەبژێرێت به ڕابەرایەتی ماموٚستا شێخ محمد بەرزنجی ئیعلانی جیهاد دەکات دژی بەعس . لەکاتی پێکهێنانی شوراشدا دەبێته ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی ڕاگەیاندن و سەرنوسەری گوٚڤاری ئاسوٚی ئیسلام و ناوبراو کەسێکی ڕوٚشنبیرو چالاك بوه تا بەداخەوه له ١٠ / ٣/ ١٩٨٥ به هوٚی بوٚردومانی فڕوٚکەکانی بەعسەوه له شاری مەریوانی ئێران خوٚی و ماموٚستا عەبدوالکریم بابان ئەندامی سەرکردایەتی و بەختیار تاهیر شەهید دەبن .

# شه هيد مامۆستا مەلا على بياره




على حسێن میرزا له گوندی بناوەسوته له بنەماڵەیەکی ئایین پەروەر سەر به پێنجوین لەدایك بوه . له حوجره درێژەی بەخوێندن داوه تا پلەی مامۆستای مەلای دوانزه عیلمی و ساڵی ١٩٦٧ دەکرێته ئیمام و خەتیبی بیاره و ١٦ ساڵ مودەریسی خانەقای بیاره بوەو خزمەتێکی گەورەی له بواری زانست و شەرعەتداکردوه و چەندین کێشەو گرفتی چاره کردون و دووجاریش له سەر هەڵوێستەکانی زیندانی کراوه و ساڵی ١٩٦٧ خێزانی پێکهێناوەو خاوەنی پێنج کوڕو چوار کچه . ساڵی ١٩٨٤ دەبێته وتار خوێنی مزگەوتی گەورەی سەید سادق و هەرلەوێش سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی پەیوەندی ئیسلامی دەکات و دواتر بۆ درێژەدان بەخەبات و یەکێك بوه له دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی ناوبراو پلەی جۆراوجۆری بڕیوه وەکو بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری و پەیوەندییەکان و ئەندامی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی .. هتد کەسیکی کۆمەڵایەتی و خاوەن بڕوابوەوتا بەداخەوه له ٣ / ٩ / ١٩٨٨ لەناوچەی سیمان نزیك هەڵەبجه به هۆی تۆپ بارانی بەعسەوه خۆی و دوو له هەڤاڵەکانی شەهید ئەکرێن و له گۆڕستانی بەهەشتی محمدی له شاری سنەی کوردستانی ئێران بەخاك دەسپێردرێن .

# شەهید مامۆستا مەلا مەغدید



مەغدید حسێن ئەحمەد ساڵی ١٩٥٣ ڕێزنیەی دۆڵی سەرکەپکان لە خێزانێکی ئایینپەروەر چاوی بەژیان هەڵهێناوە و لە حوجرە خوێندویەتی و زۆر شوێنیش گەڕاوە تاوەکو لە کۆتایی حەفتاکاندا ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتوە و لەمزگەوتی ناجیەخانی ڕانیە بۆتە مەلا و دەوری شیاوی هەبوە لەڕابونی ئیسلامی و وشیارکردنەوە ی خەڵك و هەر بەم هۆیەشەوە بوە دووجار لەلایەن بەعسەوە گیراو . ساڵی ١٩٨١ خێزانی پێکەوە ناوەو هەرلەوساڵەشدا پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی کاری ئیسلامیەوە دەکات و ساڵی ١٩٨٨ دەبێتە پێشمەرگە لەناو بزووتنەوەی ئیسلامی وەکو فەرماندەی هێزی ئازادی دەست بەکاردەبێ و لەکۆنگرەی پێنجەمی دزڵی دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی و دوای ڕاپەڕینیش دەکرێتە بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری و دواتر ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی دارایی و ساڵی ١٩٩٣ ئەندامی وەفدی بزووتنەوەبوە بۆ تورکیاو سعودیە تا بەداخەوە لە ٢٦ / ١٢ / ١٩٩٣ بە هۆی شەڕی ناوخۆی نێوان یەکێتی و بزووتنەوە لە سەر ئەشکەوتانی نزیك بێتواتە بە دیلی شەهید دەکرێ و بوە سێ یەمین شەهیدی بنەماڵەکەیان بووە.

***سەرچاوە : بنەماڵەی شەهید***

# کۆچکردو مامۆستا شێخ صدیق سەرگەتی



مامۆستا (شێخ صدیق ئسماعیل حسێن) ناسراو بەمامۆستا شیخ صدیق سەرگەتی لەساڵی (١٩٢٨) لەئاوارەیدا کەبەدەست زوڵم و زوری ئەوکاتی دەسەڵاتدارەکانی ناوچەکەدا زێدی باوباپیرانیان جێهێشتوە له دەگاشێخانی شاری مەریوانی کوردستانی رۆژهەڵات لەدایك بووە،لەساڵی (١٩٣٤) لەلای باوکی دەستی کردووە بەخوێندن، بۆ خوێندن وەك فەقێی ئەو کاتەو باوو نەریتی خوێندن وێڕای زێدی خۆی لە بیارە و عەبابیلێ و ، زۆرێك لەشارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان گەڕاوە ،دواتری و لەکۆتایی قۆناغی خوێندنی فەقێیەتیدا و لەساڵی (١٩٤٨) چۆتە شاری سنەی رۆژهەڵاتی کوردستان ، لەخزمەت مامۆستا مەلا محمدی مفتی (باوکی کاك ئەحمەدی مفتی زادە)و مامۆستا مەلا خالیدی برایدا دەرسی خوێندوە ، تا سەرئەنجام لەتەمەنی (٢٢) ساڵیداو لەمانگی نۆی ساڵی(١٩٥٠) ئیجازەی عیلمی وەرگرتووە، لە سەرگەت مانگی پێنجی ساڵی(١٩٥١) خێزانی پێکەوە ناوە ،دواتر بۆ مامۆستایی و درێژە دان بەئەرکی بانگەواز ، لەم شوێنانە جێ پەنجەی دیاری تا ئێستەش ماوە، زەڵم دواتر گوڵپ دواتریش سەرگەت و دوای داگرتنی گوندەکان و چۆڵکرانایان لەلایە رژێمی بەعسەوە چۆتە هەڵەبجە. هەر لەسەرەتای هاتنی ئیخوانەوە بۆ کوردستان هاو کاروانی بووە لەگەڵ مامۆستایانی عەمامە پاکی هەڵەبجەدا،لەساڵی (١٩٧٧)لەگەڵ ئەو

مامۆستایانەدا بڕیاردەدەن جەماعەتێك  دروست بکەن، لەو ساڵەوە فکرەی کار کردن بەتەنزیم لەلایان گەلاڵە بوو، دواتر و پاش ئیعلانکردنی (بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی) ، دوای سێ چوار ساڵێك لەکاری ڕێکخراوەیی (بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی)،مامۆستا لەگەڵ مامۆستایانی هەڵەبجەدا بەرەوە ئێران هیجرەت دەکەن، دواتر و پاش پێك هاتن لەگەڵ بزووتنەوەی پەویەندی ئیسلامیدا بڕیاردرا ناوی بگۆڕن بۆ (بزووتنەوەی ئیسلامی)، مامۆستا یەکێ بوو لەدامەزرێنەرانی بزووتنەوەی ئیسلامیکەساڵی ١٩٨٧ دامەزرا،و لەکاری سیاسیدا وەك ئەندامی مەکتەبی سیاسی و ڕاوێژکاری تایبەتی ڕابەری گشتی مامۆستا ملاعوسمان و بەرپرسی مەکتەبی ئیرشاد و مەکتەبی قەزاو فەتواو و دواتر سەرپەرشتیاری مەکتەبی داد، کاری کردووە،و هەردەم لەم کارانەیدا توانیویەنتی کەسایەتیەکی سەرکەوتوو بێت و ئەرکەکانی زۆر بەجوانی ئەدا بکات، هەر کەس تەنها بۆ یەك جاریش گوێی لەوتاری مامۆستا بگرتایە دەیزانی کە کەسایەتیەکی بەئەزموون لە گەیاندن و بانگەوازدا، شێوازی تایبەتی و بەهێزی هەبوو لەوتارداندا،سەرئەنجام دوای تەمەنێکی پڕ بەرەکەت و دەعوەو بانگەواز و کاری ئیسلامیدا ، ماویەکی کورت لەنەخۆشی بەرەبەیانی    (١٢ / ٩/ ٢٠١١) لەشاری سلێمانی کۆچی دوایی کردو لەمەڕاسیمێکی شایستەدا لەزێدی باوو باپیری لەسەرگەتی هەورامان بەخاك سپێردرا.

# کۆچکردو مامۆستا محیٚدین گەلاڵی



محیٚدین ڕەشید ڕەمەزان نادر ساڵی ١٩٤٩ لە بنەماڵەیەکی دیندارو نیشتمانپەروەر لەدایك بوەو خاوەنی سێ کوڕو پێنج کچە . ساڵی ١٩٦٧ لەزانکۆی بەغدا کۆلیژی پەروەردە بەشی بیرکاری وەردەگیرێت و دواتر بڕوانامەی بەکالۆریوس بەدەستدەهێنێ و دەبێتە مامۆستای تەتبیقات لە بەغدا بۆ ماوەیەك وانە دەڵێتەوە. دوای لەزانکۆی سانت کلیمێنتسی بەریتانی بڕوانامەی ماستەری بەدەست هێناوە و ساڵی ١٩٧١ وەکو مامۆستای فیزیاو کیمیاو بیرکاری لە ناوەندی سەید سادق وانەی وتۆتەوەو ساڵی ١٩٧٤ بۆتە مامۆستای شۆڕشی ئەیلول و بێ بەرامبەر وانەی وتۆتەوە و دوای نسکۆش بەنائومێدی گەڕاوەتەوە سەیدسادق و بۆتەوە مامۆستا بەڵام لە ساڵی ١٩٨٤ لە بەرئەوەی نەبۆتە جەیشی شەعبی لە کارەکەی دوور دەخرێتەوە . ساڵی ١٩٨٧ دوای وێران کردنی گوندی شەکراڵی چۆتە هەڵەبجەی شەهیدو هەر لەو ساڵەدا چۆتە ئێران و لە ئۆردوگای لای سەقز نیشتەجێ بوە لە ئاوارەیدا ژیانی بەسەربردوەو لەڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١ گەڕاوەتەوە وبەردەوام بوە لە پیشەی مامۆستایی تا ساڵی ١٩٩٤ لەگەڵ دامەزراندنی یەکگرتووی ئیسلامی بوە لێپرسراوی لقی هەڵەبجەی تازە و ساڵی ١٩٩٩ فەڕیزەی حەجی بەجێهێناوەو دواتر بۆتە ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتوو لێپرسراوی مەکتەبی کۆمەڵایەتی تا بەداخەوە لە شەوی ٢٢ – ٢٣ /٣ / ٢٠١١ لە سلێمانی کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕستانی گردی چوارچرا بە خاك سپێردراوە .

# کۆچکردو مامۆستا عمر ڕیشاوی




عومەر فەتاح یەعقوب ساڵی ١٩٣٤ لە خێزانێکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر ئایینی لەگوندی ڕێشاوی هەڵەبجە لە دایکبوەو لە حوجرە ئیجازەی عیلمی وەرگرتوە . ساڵی ١٩٦١ خێزانی پێکهێناوەو خاوەنی ٦ کوڕو ٢ کچە و دواتر وەکو مامۆستا لە قوتابخانە دەوامی کردوە و یەکێك بوە لە دامەزرێنەرانی پەیمانگای ئیسلامی هەڵەبجە ، ناوبراو یەکێك بوە لەوکەسانەی پشتگیری کردوەلە فیکرەی ئیخوان وئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکگرتو بوە کە لە ٦ / ٢ / ١٩٩٤ لە کۆنگرەی یەکەم و دووەمدا ئەندامی سەرکردایەتی بوە ودوای بۆتە ڕاوێژکاری ئەمینداری گشتی یەکگرتوو . ناوبراو کەسێکی ئاینی و نیشتیمانی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری گشتی بوە و لە هەمان کاتیشدا نوسەریش بوە و خاوەنی دوو کتێبی وەرگێڕان بوە بەناوەکانی تاوانە دەروونیەکان ، بەرەو ڕێبازی ئیسلامی، تا بەداخەوە لە ١٨ / ١٠ / ٢٠١٠ کۆچی دوایی کردوە .

# شه هيد مامۆستا موشير



موشير ئەحمەد ساڵی ١٩٦٥ له خێزانێكی ئاينی و نیشتمانپەروەر له قەزای شێخان چاوی بەژیان هەڵهێناوه . ساڵی ١٩٧٤ بۆته پێشمەرگەی شۆڕشی ئەيلول تاوەكو نسكۆ ، دواتر تاوەكو ساڵی ١٩٧٨ له بەكرەجۆی – سلێمانی نیشتەجێ بوه و دواتر گەڕاوەتەوه بۆ دهۆك . پلەی خوێندنیشی تاوەكو زانكۆی موسڵ كۆلیژی زانست بەشی فیزیا تەواو كردوه . ساڵی ١٩٨٨ خێزانی پێكهێناوه ، ناوبراو پلەی جۆراوجۆری بڕیوەو سەرنوسەری بلاۆكراوەی ألحصاد بوه . ساڵی ١٩٩٨ بەرپرسی كەناڵی يەكگرتوی هەولێر بوەو ساڵی ١٩٩٩ – ٢٠٠٥ بەرپرسی مەڵبەندی سێ ی يەكگرتووی دهۆك و دواتر مەڵبەندی ئاكرێ و سەرپەرشتی مەڵبەندی موسڵیشی كردوەو بەشداری خولی (تعزيز دور ألقانون و ألاحكام قەزائی) له ئەمریكادا كردوه و بڕوانامەی وەرگرتوه بەلاَم بەداخەوه له ٦ / ١٢ / ٢٠٠٥ دوای گرتنی مەڵبەندی دهۆكی يەكگرتوی ئیسلامیو سوتاندنی بارەگاكەيان ، مامۆستايان لەناو بارەگايەكەدا شەهيد كرد . يەكگرتووی ئیسلامیش پارتی دیموكراتی كوردستانی تاوانبار كرد بەمكاره .

***سەرچاوه : هەڤالانی شەهيدی سەركرده***

# کۆچکردو مامۆستا مه لا ئیبراهیم



مامۆستا مەلا ئیبراهیم عبدالرحیم ساڵی ١٩٥٣ لە گوندی دەڵەمەڕی نزیك هەڵەبجە لە خێزانێکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر چاوی بەژیان هەڵهێناوە و خوێندنی دراساتی ئیسلامی خوێندوە. ساڵی ١٩٧٠ ژیانی هاوسەری پێکهێناوە و لە ڕاپەڕینی هەڵەبجەی ساڵی ١٩٨٧ دوای بەشدار بونی هیجرەتی بۆ ئێران کردوەو لەگەڵ ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان یەکێك لە دامەزرێنەرەکانی و بەشداری بەرچاوی هەبوەو لە چەند کۆنگرەیەکدا دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی و دواتر ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی دارایی تا بەداخەوە بەهۆی کارەساتی ئۆتۆمبیلەوە لە ١١ / ١١ / ٢٠١٠ لە کاتی گەڕانەوەی لە هەولێرەوە بەرەو سلێمانی کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕستانی ئەباعوبەیدەی ئەنساری بەخاك دەسپێردرێت.

# کۆچکردو مامۆستا شێخ عبدوللەتیف واژەیی



ساڵی ١٩٤٢ لە گوندی کوڕەداوێی سەر بە چوارتا لە خێزانێکی دڵسۆزو نیشتمان پەروەر چاوی بەژیان هەڵهێناوەو ساڵی ١٩٦٣ پەیمانگای ئیسلامی تەواوکردوەو ساڵی ١٩٦٤ لە مزگەوتی مەولەوی سلێمانی ئیجازەی فەتواو وانە وتنەوەی پێ دراوە ، ساڵی ١٩٧٢ بڕوانامەی بەکالۆریسی لە کۆلیژی شەریعەی ئیمام ئەعزەمی بەغدا بەدەست هێناوە . ساڵی ١٩٧٤ بڕوانامەی ماستەری لە زانیارییەکانی ئوسوڵی فیقهە لە کۆلیژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا وەرگرتوە و ساڵی ١٩٧٥ بۆتە مامۆستای زانکۆ لە کۆلیژی ئیمام ئەعزەم لە بەغدا و لە ساڵی ١٩٧٩ مامۆستای زمانی عەرەبی بوە لە زانکۆی سلێمانی ، ساڵی ١٩٨٤ بۆتە ئیمام و وتاربێژی مزگەوتی علی کمال . ساڵی ١٩٨٥ بەهۆی هەستی ئایینی و نیشتمانیەوە بۆماوەی ٨٠ ڕۆژ لەلایەن بەعسەوە دەگیرێ و دوای ئازادبونیشی ڕوولە چیا دەکات و هەر ئەمەش وا دەکات مامۆستا شێخ محمد بەرزنجی پایەی رابەرایەتی بەو بسپێرێت و دەبێتە ڕابەری پەیوەندی ئیسلامی لەکوردستان و ناوبراو کەسایەتیەکی دیارو دڵسۆزو ڕۆشنبیر بوەو خاوەنی ١١ کتێبی جۆراو جۆربوەو جگە لە چەند دەست نوسێکی تر . مامۆستا دوای یەکگرتنەوەیان لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامی دەبێتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و دەوری شیاو بەرچاوی دەبێ تا بەداخەوە لە ٢١ / ١٩٩٣/٦ بە هۆی کارەساتی ئۆتۆمبیلەوە لە نێوان مەهابادو بۆکانی کوردستانی ڕۆژهەلات کۆچی دوایی دەکات .

# کۆچکردو مامۆستا ناسح ملاساڵح بامۆکی



لەساڵی ١٩٥٧ لە بنەماڵەیەکی دڵسۆزو ئایینپەروەر لە هەڵەبجە لەدایك بوە . سەرەتا لای باوکی خوێندویەتی و دواتر پەیمانگای ئیسلامی هەڵەبجەی تەواو کردوە و دوای بۆ درێژەدان بەخوێندنی زانستە ئبسلامیەکان ڕوو لە شاری بەغدا ئەکات لە ٢٠ / ٦ / ١٩٨٠ بەکالۆریس بەپلەی زۆر باشە بەدەست دێنێ و وەکو مامۆستا لە چوارتا دادەمەزرێت و دواتر بەهۆی ئەوەی نابێتە بەعسی لەکارەکەی دوور دەخرێتەوە و بۆیە ئەمیش بۆکاری ئیسلامی ڕوو لەئێران دەکات و یەکێك دەبێت لەدەستەی دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی و دەبێتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی مەڵبەندی هەڵەبجە و خاوەنی ڕەخنەو پێشنیارو چارەسەر بوە لەکێشەو گرفتەکاندا زۆر کۆمەلایەتی و خاکی بوەو لە هەمان کاتیشدا بانگخوازێکی سەرکەوتوو بوە لە ئێران و کوردستانداو توانیویەتی چەندین کەس لەدەوری ئیسلامدا کۆبکاتەوەو هەر بەهۆی ئازایەتی و دڵسۆزی مامۆستا بوە کە جەماوەرێکی زۆری لەدەوری ڕێبازەکەی داکۆکردۆتەوەو بەم هۆیەشەوەبوە لە ٢٧ ی ڕەمەزانی ١٩٩٤ لەکاتی ڕۆیشتنی بەرەو مزگەوت تەقەی لێ دەکرێ و بەسەختی بریندار دەبێت ، مامۆستا لەیەکەم کۆنگرەی یەکبونی ئیسلامیدا بۆتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و دواتر کارگێڕی مەکتەبی سیاسی . ساڵی ٢٠٠٣ بۆ خوێندنی ماجستێر چۆتە بەغداو ، لە ٣١ / ٥ / ٢٠٠١ ڕۆڵی هەبوە لەڕاگەیاندنی کۆمەڵی ئیسلامیدا وەکو ئەندام و کارگێڕی مەکتەبی سیاسی کاری کردوەو لە ٤/٩/ ٢٠٠٣ دەبێتە بەرپرسی پەیوەندییەکانی کۆمەڵی ئیسلامی لە بەغداو دواتر دەبێتە ئەندام پەرلەمانی بەغداو تا بەداخەوە لە ١٠ / ٨ / ٢٠٠٥ بەهۆی جەڵدەی دەماغەوە کۆچی دوایی دەکات و دوای خۆی ٤ کچ و ٢ کوڕی بەجێ هێشتوە .

# شه هید مامۆستا ئەمین




ئەمین محمود حاجی حەمەڕەش ساڵی ١٩٤٩ لە گوندی کێلە سپی سەر بەشاری قەڵادزە لە بنەماڵەیەکی دڵسۆزو کوردپەروەر چاوی بەژیان هەڵهێناوە . ساڵی ١٩٦٧ خولی مامۆستایان تەواو دەکات و دەبێتە مامۆستاو خۆشەوبستی ناو قوتابیان و جوتیارانی ناوچە کەبوەو هەر لەو ساڵەدا دەست بەکاری ڕێکخستنی نهێنی دەکات لە ناوشارداو لەڕێگای حیزبی شیوعی عێراق. ساڵی ١٩٨٧ بەهۆی هەڵوێستە شۆڕشگێڕانەکەیەوە بەعس لەپیشەی مامۆستای دووری دەخاتەوە ، لەڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٨٢ ی چوارقوڕنە بەهۆی پیشەنگی بە سەختی بریندار دەبێ و ساڵی ١٩٨٩ لەلایەن بەعسەوە دەگیرێ ودوای خۆڕاگری ئازاد ئەبێت . لەڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دەوری شیاوی خۆی دەبینێ و بەهۆی هەستی بەهێزی چینایەتی خەریکی وشیارکردنەوەی جوتیاران دەبێ و لە یەکەم کۆنفرانسی دامەزراندنی بزووتنەوەی جوتیاران لە ١ / ٢ / ١٩٩٥ وەکو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دواتر بەئەندامی دەستەی کارگێڕی سیاسی هەڵبژێردراوە بەڵام بەداخەوە بەهۆی کێشەی نێوان بزووتنەوەی جوتیاران و یەکێتی نیشتمانی کوردستان دوای ئەوەی بەدیلی دەیگرن لە ٣٠/ ١٩٩٥/٨ شەهیدی ئەکەن . ناوبراو برایەکی و ئامۆزایەکیشی شەهیدی ئەم ڕێگایەن .

***سەرچاوە : بنەماڵەی شەهیدی سەرکردە***

# شه هید حه مه ڕه ش



محمد محمود حاجی حەمەڕەش ساڵی ١٩٥٣ لە بنەماڵەیەکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر لە گوندی کێلە سپی سەر بە قەڵادزە لە دایك بوە وبەهۆی سەختی ژیانەوە خوێندنی سەرەتایی تەواو کردوەو بۆیە هەستە چینایەتیەکەی وای لێ دەکا کە بەنهێنی کاری ڕێکخستن بکا ودواتر بەشداری شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٤ دەکات تانسکۆ ، دووبارە لە حەفتاکاندا پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعی عێراقەوە دەکات و ساڵی ١٩٨٨ لەلایەن بەعسەوە دەگیرێت و بەهۆی نەدرکاندنی نهێنیەکان بەردەبێت و درێژە بەکاری تەنزیمی ئەدا . لە ڕاپەرشینیشدا دەوری شیاوی خۆی دەبینێ و لەگەڵ دامەزراندنی بزووتنەوەی جوتیاراندا لە ١ / ٢ / ١٩٩٥ دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی و تا بەداخەوە بەهۆی کێشەی نێوان بزووتنەوەی جوتیاران و ئاغاکان لە ساڵی ١٩٩٣ لە سنووری گۆمان لە پشتی قەلادزە دەکەونە بۆسەی ئاغاکان و خۆی چوار لە هەڤاڵەکانی شەهیدئەبن و شەشی تریش بریندار دەبن و ناوبراو برایەکی و ئامۆزایەکی لەم ڕێگایەدا شەهید بوە .

***__سەرچاوە : بنەماڵەی شەهیدی سەرکردە__***

# شەهید سوارە بابکر



ساڵی ١٩٥٧ لە بنەماڵەیەکی هەژارو جوتیار لەگوندی سەید ئەحمەدان چاوی بەژیان هەڵهێناوەو بەهۆی سەختی ژیانەوە خوێندنی سەرەتایی تەواو کردوەو ساڵی ١٩٧٩ تا ١٩٨٥ دەبێتە پێشمەرگە لە ناو حیزبی سۆسیالیستی کوردستان و بەهۆی ئازایەتیەوە دەبێتە فەرماندەی کەرت و دوای ڕاپەڕینیش دەوری شیاوی خۆی دەبینێ و پەیوەندی کۆمەڵایەتیشی بەهێزبوە لەگەڵ جوتیارانی ناوچەکەو لەیەکەم کۆنفڕانسی بزووتنەوەی جوتیاراندا لە ١ / ٢ / ١٩٩٥ بوە ئەندامی سەرکردایەتی و دوای لە ٣٠ / ٨ / ١٩٩٥ کاکە سوارەو چەند هەڤاڵێکی لەلایەن ( ی ن ک )لە مەعەسکەر سەلام بۆماوەی ٩ مانگ دەگیرێن و دواتر ئازادئەبێ درێژە بەخەباتی چینایەتی ئەداودەبێتە خاوەنی ئیمتیازی ڕۆژنامەی پاڵە تا بەداخەوە لە شەوی ١٩ /٢٠ – ٩ – ١٩٩٩ خۆی و مناڵێکی دووساڵەی لە شاری هەولێر تیرۆر دەکرێن و کچێکیشی بریندار دەبێ و ناوبراو خاوەنی سێ کچ و کوڕێکە .

**سەرچاوە : هەڤاڵانی شەهیدی سەرکردە**

ناوەرۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| چەند وتەیەكی پێویست | ٤ |
| سوپاس و پێزانین | ٥ |
| سەرچاوەكان | ٦ |
| شەرەفخانی بەدلیسی | ٧ |
| بەدرخان پاشا | ٩ |
| شێخ عوبەیدوڵای نەهری | ١٠ |
| مستەفا پاشای یاموڵكی | ١١ |
| دكتۆر نورەدین زازا | ١٢ |
| شێخ سەعیدی پیران | ١٣ |
| شێخ محمودی نەمر | ١٤ |
| شەرەف پاشای خەندان | ١٦ |
| میقداد مەدحەت بەدرخان | ١٧ |
| سمایل خانی شكاك (سمكۆ) | ١٨ |
| ئیحسان نوری پاشا | ١٩ |
| رەفیق حلمی | ٢٠ |
| عبدالمجید عبدالرزاق | ٢١ |
| نافع یوكس | ٢٢ |
| جمال حەیدەری | ٢٣ |
| صالح حەیدەری | ٢٤ |
| عادل سەلیم | ٢٥ |

| | |
|---|---|
| مەلا شەریفی ڕەنگەڕێژانی | ٢٦ |
| مەلا حەسەن | ٢٧ |
| فاتیح رەسول | ٢٨ |
| مەلا أحمد بانیخێلانی (ابو سەربان) | ٣٠ |
| ئەبو سیروان | ٣٢ |
| قازی محمد | ٣٣ |
| هاوڕێ حاجی بابە شێخ عبدالرحمن | ٣٥ |
| شەهید محمد حوسێن | ٣٥ |
| محمد أمین شەرەفی | ٣٦ |
| سلیمان موعینی | ٣٦ |
| مەلا رشید حوسەینی | ٣٦ |
| مەلا رەحیم وێردی | ٣٧ |
| نەحو (باپیر شکال) | ٣٧ |
| عبدالرحمن شاسملۆ | ٣٨ |
| مەلا قادر وێردی | ٣٩ |
| دکتۆر سادق شەرەفکەندی | ٣٩ |
| حەبیبولا عەباسی | ٣٩ |
| کەمال دەباغ | ٤٠ |
| حەلم ڕەزایی | ٤٠ |
| عەبدوللا بەهرامی | ٤٠ |
| ئەحمەد جاویدفەڕ | ٤١ |
| غەفور هەمزەیی | ٤١ |

| | |
|---|---|
| فەتاح عەبدولی | ٤١ |
| صديق فەرۆخيان | ٤٢ |
| عەبدوڵلا قادری | ٤٢ |
| عەبدوڵلا شەريفی | ٤٢ |
| مەنسور فەتاحی | ٤٣ |
| نەبی قادری | ٤٣ |
| عوسمان رەحيمی | ٤٣ |
| ئەحمەد تۆفيق | ٤٤ |
| غەنی بلوريان | ٤٦ |
| شێخ عيزەدين حوسێنی | ٤٧ |
| مەلا شێخ جەلال حوسێنی | ٤٨ |
| محمد أمين سراجی | ٤٩ |
| شێخ عبدالسلام بارزانی | ٥٠ |
| مەلا مستەفا بارزانی | ٥٢ |
| ئيدريس بارزانی | ٥٥ |
| جەوهەر ناميق | ٥٦ |
| هەمزە عەبدوڵلا | ٥٧ |
| شەوكەت شێخ يەزدين | ٥٩ |
| سامی عبدالرحمن | ٦٠ |
| حبيب محمد كريم | ٦٢ |
| كاكە زياد حمە ئاغای كۆيە | ٦٣ |
| رەشيد باجەلان | ٦٤ |

| | |
|---|---|
| فەلەکەدین کاکەیی | ٦٥ |
| فەرەنسۆ هەریری | ٦٦ |
| شێخ لگیف ی حەمید | ٦٧ |
| فارس باوه | ٦٨ |
| ئازاد قەرەداخی | ٦٩ |
| سدیق ئەفەندی | ٧٠ |
| دکتۆر عەلی | ٧١ |
| عومەر شەریف | ٧٢ |
| مامۆستا سەعد | ٧٣ |
| نیزامەدین گلی | ٧٤ |
| عەونی یوسف | ٧٦ |
| جەعفەر محمد کریم | ٧٧ |
| میرحاج ئەحمەد تاهیر | ٧٨ |
| نوری شاویس | ٧٩ |
| ملازم سەید کەریم | ٨٠ |
| ئەمین قادر | ٨١ |
| ناهیده شیخ سەلام | ٨٢ |
| عمر بۆتانی | ٨٣ |
| ئیبراهیم احمد | ٨٤ |
| ئازاد هەورامی | ٨٥ |
| ئەنوەر زۆراب | ٨٦ |
| جەبار فەرمان | ٨٧ |

| | |
|---|---|
| جەعفەر عبدالواحد | ٨٨ |
| جەمال تاهیر | ٨٩ |
| حەسەن کوێستانی | ٩٠ |
| خەسرەو خاڵ | ٩١ |
| خەلیل نیعمەت دۆسکی | ٩٢ |
| دارۆ شێخ نوری شێخ صالح | ٩٣ |
| رەسول مامەند | ٩٤ |
| سەید کەریم | ٩٥ |
| شاخەوان عەباس | ٩٦ |
| شەوکەتی حاجی موشیر | ٩٧ |
| شەهاب شێخ نوری | ٩٨ |
| عمر دەبابە | ٩٩ |
| عەزیز شەمزینی | ١٠٠ |
| عەزیز محمود عەلی | ١٠١ |
| محمود مەلا عیزەت | ١٠٢ |
| شەهید ئارام | ١٠٣ |
| محسن بایز | ١٠٤ |
| شێروان شێرەوەندی | ١٠٥ |
| حسین بابەشێخ | ١٠٦ |
| شێخ دارای حەفید | ١٠٧ |
| دکتۆر کمال خۆشناو | ١٠٨ |
| خەسرەو شێرە | ١٠٩ |

| | |
|---|---|
| عەزیز بەگ | ١١٠ |
| صالح یوسفی | ١١٢ |
| سەعدی گچکە | ١١٣ |
| عەلی عەسکەری | ١١٥ |
| خالید سەعید | ١١٦ |
| حمە غفور ئاغجەلەری | ١١٧ |
| ملازم جمال خۆشناو | ١١٨ |
| عەلی هەژیر | ١٢٠ |
| کاردۆ گەلاڵی | ١٢١ |
| سەلام رەئوف أحمد | ١٢١ |
| ڕێناس | ١٢٢ |
| قادر شۆرش | ١٢٣ |
| شێرکۆی شێخ علی | ١٢٥ |
| ئەحمەد فەقێ ڕەش | ١٢٧ |
| ملازم تایەر | ١٢٨ |
| جەمالی حمەی نوقڵە | ١٢٩ |
| مەلا ناسیح | ١٣٠ |
| خاڵە حاجی | ١٣١ |
| ئەنوەر مجید سوڵتان | ١٣١ |
| جمال خۆشناو | ١٣٢ |
| سەعید موعینی (خاڵە) | ١٣٣ |
| فوئاد مستەفا سوڵتانی | ١٣٤ |

| | |
|---|---|
| حمه حوسێن کەریمی | ١٣٥ |
| سەدیقی کەمانگەر | ١٣٦ |
| دکتۆر جەعفەری شەفیعی | ١٣٧ |
| دکتۆر سیروان | ١٣٨ |
| زێرەڤان | ١٣٩ |
| توانا | ١٤٠ |
| بیلال | ١٤٠ |
| علی شێرکۆ چگیری | ١٤١ |
| ئارمانج کەربوران | ١٤١ |
| رۆستەم جودی | ١٤١ |
| کارژین کارزان | ١٤٢ |
| چیچەل گابار بۆتان | ١٤٢ |
| مەزلۆم دۆغان | ١٤٢ |
| خدر خرنگە | ١٤٣ |
| ئەیوب رەحیمی | ١٤٣ |
| حوسێن خزری | ١٤٤ |
| شیرین عەلەم هوری | ١٤٤ |
| سەنەم ئەرشیەن | ١٤٥ |
| نوورجان دەمر | ١٤٥ |
| ماجید کاویان | ١٤٦ |
| حسن راست | ١٤٧ |
| لەتیفە سەلامەت | ١٤٨ |

| | |
|---|---|
| علی چیچەك | ١٤٨ |
| عەگید | ١٤٩ |
| محمد خەیری دورمش | ١٥٠ |
| محمد قەرە سونگور | ١٥١ |
| ساکینە جانسر | ١٥٢ |
| (لەیلا والی) ڤیان | ١٥٣ |
| مەریەم خانی سەید احمدی خانەقا | ١٥٤ |
| حەپسە خانی عیرفانە فەنی | ١٥٥ |
| حەپسەخانی نەقیب | ١٥٦ |
| عادیلە خان | ١٥٧ |
| ڕەوشەن بەدرخان | ١٥٨ |
| خانزادی میری سۆران | ١٥٩ |
| قەدەم خێر | ١٦٠ |
| محمد حەلاق | ١٦١ |
| ئەحمەد هەردی | ١٦٢ |
| ئازاد مستەفا | ١٦٣ |
| عوسمان سەبری | ١٦٣ |
| جەمیل محۆ | ١٦٤ |
| دکتۆر عیسمەت شەریف | ١٦٥ |
| سەید مستەفا | ١٦٦ |
| مەلا عیمان عبدولعەزیز | ١٦٨ |
| مەلا عەلی عەبدولعەزیز | ١٦٩ |

| | |
|---|---|
| مەلا أحمد كاكە محمود | ١٧١ |
| محمد سەنگاوی | ١٧٣ |
| عەبدوڵڵا قەسریٚ | ١٧٤ |
| مەلا شەریف | ١٧٥ |
| ئازاد بەرزنجی | ١٧٦ |
| مەلا علی بیارە | ١٧٧ |
| مەلا مەغدید | ١٧٨ |
| مەلا شێخ صدیق سەرگەتی | ١٧٩ |
| محیّدین گەڵاڵی | ١٨١ |
| عمر ڕێشاوی | ١٨٢ |
| موشیر أحمد | ١٨٣ |
| مەلا ئیبراهیم عبدالرحیم | ١٨٤ |
| مەلا شێخ لەتیف واژەیی | ١٨٥ |
| ناسیح مەلا صالح بامۆکی | ١٨٦ |
| مامۆستا ئەمین | ١٨٧ |
| حمە ڕەش | ١٨٨ |
| سوارە بەکر | ١٨٩ |